WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21 ی گوڵانی 2714 (750) دینار

لە ماوەی 4 ساڵدا

# پەرلەمانی عێراق تەنیا 134 رۆژ کاری کردووە

**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئەم دواییەی کۆمیتەی چاودێری پەرلەمانی، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا پەرلەمانتارانی عێراق تەنیا 134 رۆژ کاریان کردووە، ئەمە جگە لەوەی 100 پەرلەمانتاریان ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی نەبوون.

ئەو کۆمیتەیە هەروەها بڵاوی کردەوە زیاتر لە 100 پرۆژە یاسا لە پەرلەماندا پێشنیاز کراوە، بەڵام هیچکام لەو پرۆژانە تەنانەت خوێندنەوەی یەکەمیشیان بۆ نەکراوە.

محەممەد ئەلکابی، توێژەری سیاسی پێیوایە "لە جیهاندا هیچ پەرلەمانێک نییە ئەوەندەی پەرلەمانی عێراق دەستبەتاڵ بێت و بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگەڕێ". ئەلکابی ئەوەشی بە (رووداو) گوت "ناکۆکی باڵی بەسەر پەرلەماندا کێشاوە. ئەم ناکۆکییانە کە بە هەڵە بە ناکۆکی سیاسی ناودەبرێن، ئەنجامی ناکۆکی دەرەکین و بەهیچ جۆرێک پەیوەندییان بە لایەنی نیشتمانییەوە نییە".

7 »



سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان:

## شانازی بەوە دەکەم کە پێشتر پاسەوان بووم

9

## 272 ملیۆن بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستان دەرهێنراوە

18

## ژنانی کوردستان روو لە زومبا دەکەن

14

گەورە راوێژکارێکی ئەردۆغان بۆ رووداو:

# کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێزتر لە ئیسرائیل



(فۆتۆ: Ivor Prickett)

« 21-20



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## لە گوندێکی سۆران بانگەشە قەدەخەیە



**ڕووداو- هەسنان**

دانیشتووانی گوندی هەسنان (22 کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سۆران) بەهۆی پشگوێخستن و فەرامۆشکردنیان لە سەرەتاییترین پرۆژەکانی خزمەتگوزاری وەک ئاو، ڕێگاوبان و بەجێنەگەیاندنی بەڵێنی پالێوراوانی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، وەک هەڵوێست وەرگرتن، بەکۆی دەنگی دانیشتووان ڕێگە بە هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکان نەدراوە لە گوندەکە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بکەن، هەروەها بەشێکی زۆری دانیشتووانی گوندەکە، بەنیازی بەشدارینەکردنن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە. گوندی هەسنان، کە لە 76 ماڵ پێکدێت، ژمارەی دانیشتووانی بە زیاتر لە 500 کەس مەزەندە دەکرێت و نزیکەی 350 کەسیان مافی دەنگدانیان هەیە.

### گۆڕان و یەکگرتوو کاندیدیان ئامادەیە

# حیزبەکان لەسەر پێوەرەکانی دیاریکردنی پارێزگاری هەڵەبجە کۆک نین

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵەبجە بۆ لایەنە ڕکابەرەکان و بەتایبەتی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی، جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە، چونکە دەبێ ئەو دوو لایەنە، جگە لە چارەنووسی خۆیان، پۆستە ئیدارییەکانی ئەو پارێزگایەش یەکلایی بکەنەوە.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵەبجە، گرنگی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پارێزگای هەڵەبجە لەوەدا دەبینێت کە "دەکرێ ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بکرێنە پێوەر بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستە ئیدارییەکان و بەپێی یەکەم و دووەم و سێیەم، پۆستەکان دابەش بکرێن". بەڵام هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆک نین لەسەر ئەو پێوەرە.

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و بەرپرسی مەکۆی گۆڕان لە هەڵەبجە پێیوایە "دەتوانرێ بەو ئەنجامانە پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەستنیشان بکرێت". گوتیشی "دەکرێ لەسەر بنەمای هەڵبژاردن ئیدارە دابنرێ و بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش بە cv دەستنیشان بکرێن".

نزیکەی 4 مانگ لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پرسی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەی نارده بەغدا بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام بەغدا وەک وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی نەرێنی، بەپارێزگاکردنی تەلعەفەر و دووزی هێنایە پێشەوە. ئەمە دەنگدانەوەیەکی نارەزایەتی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێنا. هەر بۆیە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد چاوەڕوانی بەغدا نەکات و خۆی بڕیارەکە جێبەجێ بکات و دواتریش ئەو بڕیارە بەفەرمی ڕاگەیێنرا. بەڵام پارێزگا نوێیەکەی هەرێمی کوردستان فریای ئەوە نەکەوت بۆ ئەو هەڵبژاردنە لیستێکی جیاوازی هەبێت و ڕکابەرێتی نێوان لایەنەکان چارەنووسی ئیدارەی شارەکە دەستنیشان بکات.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی هەر لە ئێستاوە سەرقاڵن بە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بۆ ئەوەی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی پەسەند کرد بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پۆستەکان پڕبکرێنەوە، دایانبنێن.

نزار مەحموود، ئاشکرای کرد کە 5 کەس لای ئەوان قسەیان لەسەر دەکرێ، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا ئەوانە یەکلا نەبوونەتەوە، ناتوانن هیچ ناوێک ئاشکرا بکەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) بەدەستی هێناون، پارێزگای هەڵەبجە 25 بەڕێوەبەرایەتی و پۆستی ئیداری بەرزی هەیە، بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا 12 بەڕێوەبەرایەتی تێدا دەکرێتەوە و دواتر بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەش دەکرێنەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کورستان، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئەیلولی 2013 بە چەند دەنگێکی کەم، پلەی یەکەمی بۆ گۆڕان جێهێشت، دەیەوێ لەم هەڵبژاردنەدا یەکەمی ڕیزبەندی بەدەست بهێنێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە بێخاڵ ئەبوبەکر، خوشکی هەڤاڵ ئەبوبەکری سەرۆکی لیستی گۆڕانی ناردووەتە ئەو شارە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تاوەکو چەکێکی بەهێزی هەبێت.



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

### داوا دەکرێ ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بکرێتە پێوەر

یەکگرتوو دەیەوێ چوارەم پۆستی پارێزگای کوردستان لە دەست خۆی بێت. نزار مەحموود دەڵێ "ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی توانی لە پارێزگای هەڵەبجە یەکەم بێت، ئێمە ئامادەین پۆستی پارێزگاری بدەینێ".

ئەکرەم ئەنوەر، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکگرتووی ئیسلامی، هەمان بۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕانی هەیە و دەڵێ "دەبێ ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دیاری بکات، ڕەوا نییە تاوەکو 4 ساڵی دیکە پارێزگار بە وەکالەت دابنرێ و چاوەڕوان بین تاوەکو هەڵبژاردنێکی دیکە دێتە پێشەوە".

بەرپرسەکەی یەکگرتووی ئیسلامی ترسی ئەوەی هەیە، لایەنی براوە لە هەڵەبجە دوای وەرگرتنی پارێزگار، پۆستەکانی دیکەش داگیربکات و هەندێک پۆستی ئیداریی بچووک لەبەردەم لایەنەکاندا بهێڵێتەوە "ئێمە واماندداناوە، ئەگەر پارێزگار بۆ لایەنی یەکەم بوو دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ دووەم بێ، لیژنەشمان داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پۆستە ئیدارییانەی لە سەرەتاوە بۆ پارێزگای هەڵەبجە دادەنرێن".

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، یەکگرتووی ئیسلامی، شێخ حەسەن عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەڵەبجە بردییەوە و پۆستی پارێزگاری وەرگرت، بیکاتە پارێزگاری هەڵەبجە، ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاشی پێدرا، هەر ئەو دابنێت.

پێشتر یەکێتی ئازاد تۆفیق، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی دانابوو بیکاتە بەرپرسی ئیدارەی هەڵەبجە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ڕابردوو دەستی لەو پارێزگا نوێیە داشۆری، کاتێک ئەنجامەکانی خۆی بینییەوە.

بەرپرسێکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە نییە و دەبێ پۆستەکان بە هەڵبژاردنێک یەکلایی بکرێنەوە کە تایبەت بێ بەو پارێزگایە". گوتیشی "ئەوە کاری ئێمە نییە و حکومەت خۆی بڕیار دەدات".

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ تاوەکو ئێستا باسی ئەوە نەکراوە چۆن پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە یەکلایی بکرێنەوە.

سەلیم سەعید، بەرپرسی لقی 12ی پارتی لەو شارە گوتی "کاتی خۆی نوێنەری هەموو حیزبەکان لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانی دانیشتین و باسی چەند لیژنەیەک کرا بۆ ئەوەی دراسەی هەیکەلی ئیدارەی هەڵەبجە بکرێت، بۆیە پڕکردنەوەی پۆستە ئیدارییەکانی هەڵگیراوە بۆ قۆناغێکی دیکە". ناوبراو گوتیشی "دوور نییە هەڵبژاردنێکی تایبەت بەو پارێزگایە ڕێکبخرێ".

# کورد ئیسماعیل بێشکچی دەبەنە ئەمریکا



**ئەرگولەن تۆپراک**
**ڕووداو- نیویۆرک**

کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی لەسەر داوای کۆمەڵگای کوردی ئەمریکا (Kurdish American Society) بۆ یەکەمین جار دەچێتە ئەمریکا. بێشکچی لە نیویۆرک لە باڵەخانەی بەرگریکارانی مافی گەلانی ڕەشپێست کە مارتن لوسەر تێیدا قسەی کردبوو، لە واشنتنی پایتەختیش لە ناوەندی مستەفا بارزانی بابەتی "هۆشیاربوونەوەی کورد" باس دەکات.

دەمێکە کوردی ئەمریکا ئامادەکاری بۆ هاتنی بێشکچی دەکەن بۆ ئەمریکا. دوای ئەوەی بێشکچی ڤیزای ئەمریکای وەرگرت، (KAS) بەرنامەی سەردانەکەی ئاشکرا کرد.

### لە ناوەندی مستەفا بارزانی قسە دەکات

بێشکچی لەگەڵ ئیبراهیم گوندوز کە سەرۆکی وەقفی ئیسماعیل بێشکچییە لە تورکیا، لە نێوان 22– 28ی نیسان بەشداری دوو کۆنفرانس دەبن. ناوەڕۆکی هەردوو کۆنفرانسەکە لەسەر "کوردە". کۆنفرانسی یەکەم لە 22ی نیسان لە ناوەندی مستەفا بارزانی کە سەر بە زانکۆی ئەمریکایە لە واشنتنی پایتەخت، لەژێر ناوی "هۆشیاربوونەوەی کورد" ئەنجام دەدرێت و بێشکچی وتارێک لەوێ پێشکەش دەکات. چاوەڕێ دەکرێت جگە لە ئەکادیمییەکان، زۆر سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاریش ئامادەی ئەو کۆنفرانسە ببن.

بێشکچی لە 26ی نیسان لە هۆڵی کۆنفرانسەکان لە کەنیسەی مێژوویی (ریڤەرس) وتارێک پێشکەش دەکات کە مارتن لووسەر کینگ لەو هۆڵەدا قسەی کردبوو.

بۆ بەشداریکردن لەم پەنەڵەدا دیارە بێجگە لە کورد، ئەو کەسایەتییانەش بانگهێشت کراون کە کار لەسەر دۆزی کورد دەکەن.

یوکسەل سەریندال، سەرۆکی KAS باسی بەرنامەکەی بێشکچی کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "بێشکچی کە چالاکوانێکی گرنگە لە بواری پەرەپێدانی فیکری لە کوردستان. هەروەها زۆر قوربانیشی داوە بۆ ئازادیی کورد، ویستمان ئەو کوردانەی لە ئەمریکا دەژین لە نزیکەوە بێشکچی بناسن.

ئێمە وەکو کۆمەڵگەی کوردی ئەمریکا ئەو ڕووناکبیرانەی کە لەسەر کێشەی کورد کاردەکەن بانگهێشتی ئەمریکا دەکەین. داوادەکەین گەلەکەمان و پسپۆرانی ئەمریکا و ئەم ڕۆشنبیرە یەکتر بناسن.

دیارە ئێمە پێشتریش زۆر کەسایەتی و ڕووناکبیرمان بانگهێشت کردوون بۆ ئەمریکا، دوایین جاریش بەڕێز محەممەد بایراک هاتە ئەمریکا."

بەدرخان سندی:

# زۆر لەبەر کچەکەم پاڕامەوە بەڵام سوودی نەبوو




**ڕووداو- دهۆک**

بەدرخان سندی، نووسەر و ڕووناکبیری شاری دهۆک، باسی خۆکاندیدکردنی کچەکەی دەکات بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستێکی عەرەبی و دەڵێت لە یەکەم ڕۆژەوە زانی کە کچەکەی خۆی کاندید دەکات و زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام سوودی نەبووە.

بەدرخان سندی، کە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ پەرلەمانی عێراق، لە هەفتەی یەکەمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە لیستی پارتی کشایەوە، بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەو بارەیەوە بدات و پارتیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدا.

هەرچەندە دەگوترێ کە ڕەنگە کشانەوەکەی بەهۆی خۆکاندیدکردنی کچەکەی بووبێت لەسەر لیستێکی عێراقی، بەڵام بەدرخان سندی کە تەنیا یەک ڕوونکردنەوەی لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە ئاماژەی بە کشانەوەی خۆی نەداوە. بەوهۆیەشەوە دیارنییە کە ئایا لە لیستی پارتی دەرکرا یان خۆی کشایەوە.

ناز بەدرخان سندی، کاندیدی لیستی ئیئتیلافی (مواتن)ە بۆ پەرلەمانی عێراق کە لیستێکی ئیسلامییە. بەدرخان سندی سەرەتا ئامادە نەبوو قسە لەبارەی کچەکەی بکات، بەڵام ڕۆژی 17ی ئەو مانگە لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت "کچەکەم تەمەنی 40 ساڵە و نزیکەی 15 ساڵە شووی بە پیاوێکی شیعە کردووە و لە بەغدا دەژیت".

هەروەها دەڵێت "ئەو خۆی لەسەر لیستی حیزبێکی ئیسلامی کاندید کردووە لە بەغدا، بەبێ ئەوەی پرس بە من بکات". سندی لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێت "من هیچ پەیوەندییەکم بەو کارەی کچەکەمەوە نییە، من وەکو باوک پیرۆزبایی لێناکەم. هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەوە زانیم خۆی کاندید کردووە، زۆر نیگەران بووم، زۆریشم هەوڵ لەگەڵ دا خۆی هەڵنەبژێرێت، بەڵام مخابن سوودی نەبوو". زۆر کەس پرسیاریان لە بەدرخان سندی کردووە کە چۆن کچەکەی لەسەر ڕێبازی باوکی ناڕوات، ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت "مێژوو پڕە لەو جۆرە چیرۆکانە، بەڵام لەسەر باوکەکان حیساب نابێت".

ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## نێچیرڤان بارزانی: پشوودرێژیمان سنووری هەیە

**ڕووداو — هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی وزە و بودجە هیچ پێشکەوتنێکیان بەخۆوە نەبینیوە. نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە شاری هەولێر نیگەرانی خۆی دەربڕی لە چەقبەستنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، بەڵام گوتیشی "ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین لە چوارچێوەی عێراقدا بگەینە ڕێککەوتنێک، بۆ ئەوەش زۆر پشوو درێژ بووین، بەڵام پشوودرێژیش سنووری خۆی هەیە و ئەگەر بزانین ناگەینە ڕێککەوتن، ئەوکات بەدڵنیاییەوە چارەسەری خۆمان هەیە".



ئەندامێکی لێژنەی دانوستاندنکاری یەکێتی:

# یەکێتی داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کردووە و پارتیش ڕازی بووە



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

داواکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بە گۆڕینی هەندێ لەو وەزارەتانەی کە پارتی بۆی داناون شکستی هێنا، بەڵام دواجار توانی قەناعەت بە پارتی بکات لەنێو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پۆستی باڵاتر وەربگرێ و پارتیش ئەوەی قبوڵ کردووە.

سازدانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لەم هەفتەیەدا بووەتە "حەتمی". سەرۆکی لێژنەی دانوستاندنکاری کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "لە ڕێککەوتنی ئێمە و گۆڕان لەگەڵ پارتیدا هاتووە کە دەبێ کۆبوونەوەی پەرلەمان لەم هەفتەیەدا بکرێ". پارتی توانی لەدوای ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کە لە 17/4/2014 لە شاری هەولێر ئەنجامدرا، یەکێتی ناچاربکات بە زووترین کات خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەگەرنا حکومەتەکە بەبێ یەکێتیش هەر پێکدێ، ئەندامێکی لێژنەی دانوستاندنکاری یەکێتیش دەڵێ "لە ماوەی 48 کاژێردا پارتی و یەکێتی دوا وەڵامی خۆیان بۆ یەکدی ئامادە دەکەن و بڕیاری خۆیان بە یەکدی دەگەیێنن". بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، پارتی لە کۆبوونەوەی خۆیاندا لەگەڵ یەکێتی ئامادە نەبووە هیچ گۆڕانکارییەک لەو لیستە وەزارییەدا بکات کە بۆ یەکێتی داناوە.

پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی 20/4/2014 یان بە "یەکلاکەرەوە"ناو دەبرد کە لە ماڵی بەرهەم ساڵح، لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، دوای کۆبوونەوەکە نێچیرڤان بارزانی ڕەنگە وەکو گوشارێک بۆ سەر یەکێتی قسەی مەسعود بارزانی وەبیر یەکێتییەکان هێنایەوە کە گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە حکومەت پێش هەڵبژاردن پێکبهێنرێ و پارتیش مەبەستێتی کە یەکێتی بەشداربێ لەو حکومەتەدا".

دوای ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕانیش، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر یەکێتی لەو هەفتەیەدا خۆی یەکلایی نەکاتەوە ئەوا حکومەت پێکدێنین و پۆستەکانی یەکێتی بە بەتاڵی بەجێدێڵین تا دوای هەڵبژاردنەکان". حاکم قادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەربارەی خواستەکانی حیزبەکەی لەسەر وەزارەتەکان، تەنیا باسی وەزارەتی ناوخۆی کرد و گوتی "بە شاندی پارتیمان گوتووە وەزیری ناوخۆمان هەر دەوێ". حاکم قادر، کە ئەندامی لێژنەی دانوستاندنکاری یەکێتییە بۆ پێکهێانی حکومەت دەڵێ "سێ قسەمان هەیە: لەگەڵ حکومەتی بنکە فراواندایین و دەبێ لە کورتترین و کەمترین ماوەدا پێکبهێنرێ. دووەم: ئومێدەوارین حکومەتێکی یەکڕیزی نیشتیمانی بێت. سێیەم: یەکێتی سوورە لەسەر داواکانی خۆی بەتایبەتی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ". ئەمە لە قسەی بەرهەم ساڵحیشدا دەرکەوت کە دوای کۆبوونەوەکە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند "یەکێتی سوورە لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و ئەوەش بەئیستیحقاقی خۆمان دەزانین". بەرامبەر قسەکانی بەرپرسانی یەکێتی، نێچیرڤان بارزانی دەڵێ "ئێمە لەکۆبوونەوەکەدا گوێمان لەپێشنیازەکانی یەکێتی گرت و ڕێزیشی لێدەگرین، بڕیارە بەم نزیکانە کۆبوونەوەی دیکە بکەین بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن".

هەرچەندە پارتی پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی کە یەکگرتووی ئیسلامی داوای کردبوو بۆ یەکێتی داناوە، بەڵام یەکێتی بەو پۆستە ڕازی نەبووە. ئەندامێکی لێژنەی دانوستاندنکاری یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکومەت ئاشکرای کرد کە "یەکێتی داوای لە پارتی کردووە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بدرێتە یەکێتی و پارتیش گوتوویەتی وەڵامتان دەدەینەوە". گوتیشی "پارتی لەسەر ئەو داوایە نەرم بووە و پێدەچێ ڕازی بن". بەڵام حاکم قادر گوتی "ئامادە نیم لەسەر ئەوە هیچ قسەیەک بکەم".

ئاکۆ حەمە کەریم، ئەندامێکی لێژنەی دانوستاندنکاری گۆڕان باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات لەسەر ئەوەی ئەگەر جێگری سەرۆکی پەرلەمان درا بە یەکێتی و دەڵێ "بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەیە هەموو لایەنێک بەشداربێ لە حکومەتدا و هەر لایەنێکیش بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بەشدار بێ". گوتیشی "گۆڕان بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بەشداربووە".

حاکم قادریش هەندێ زانیاری نێو کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و پارتی ئاشکرا کرد "هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر فەقەرەیەکی دیکە قسەمان کرد کە ئەویش گۆڕانکاری لە وەزیر و وەزارەتەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بوو".

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی دژخی ئێستای نێو حیزبەکەی و هەڵوێستیان لەسەر مەسەلەی حکومەت دەخاتەڕوو و پێیوایە کە بژاردەکانی بەردەم یەکێتی "قورسن".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ئەوەشیگوت کە "بەپێی ئەو پۆستە وەزارییانەی بۆ یەکێتی دانراوە، یەکێتی تەنیا لە مەلەفی ئیداری هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێ و لە ڕەسمی خاریتەی سیاسی و بڕیاری سیاسی لەدەرەوە دەبێ، بگرە یەکێتی وەکو کۆمەڵ و یەکگرتووی لێدێت".

دەربارەی بوونی یەکێتی بە ئۆپۆزیسیۆن، بەرپرسەکەی یەکێتی ڕەشبینە لەوەی کە حیزبەکەی بتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن "بەم سەرکردایەتیەی ئێستا، یەکێتی ناتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسیۆنبوون سەرکردایەتییەکی حەکیمانەی دەوێ، کە نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی جیابووەوە، وازی لەهەموو ئیمتیازێک هێنا و سەبری هەبوو، بەڵام سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی ناتوانێ ئەوە بکات". گوتیشی "نەبوونی ناوەندی بڕیاردان لەنێو یەکێتیدا خۆ خەتای پارتی و گۆڕان نییە".

حاکم قادر:

- یەکێتی وەزیری ناوخۆی هەر دەوێت
- لەگەڵ پارتی باسی گۆڕینی بەشی یەکێتی و پارتیمان لە وەزارەتەکان کردووە

### ئایا کۆبوونەوەکەی پەرلەمان دەکرێت

عەبدولستار مەجید، سەرۆکی لێژنەی دانوستاندنکاری کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ برادەرانی پارتی ڕێککەوتنمان کردووە کە دەبێ پەرلەمانی کوردستان لەم هەفتەیەدا کۆببێتەوە". گوتیشی "تەنانەت داوامانکرد کە لەسەرەتای هەفتەدا کۆبوونەوەکە بکرێ، بەڵام شاندی پارتی داوایان کرد کە بنووسرێ لەم هەفتەیەدا واتە تاوەکو کۆتایی هەفتەش دەکرێ".

سەبارەت بەوەی ئەگەر دواخرا، عەبدولستار مەجید گوتی "ڕاستییەکە ئەوەیە ڕێککەوتنمان کردووە کە دەبێ کۆبوونەوەکە ئەنجامبدرێ و ئێمەش چاوەڕێ دەکەین".

لەلایەن خۆیەوە ئاکۆ حەمە کەریم، ئەندامی لێژنەی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر وادەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێککەوتن کراوە کە دەبێ لەو هەفتەیەدا بێت، برادەرانی پارتی زۆر سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێ".

---

حەمەئەمین پێنجوێنی، کەسایەتی نزیک لە ئۆجەلان:

# ئۆجەلان داوای کردووە مەسعود بارزانی ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی



( فۆتۆ: فەرزین حەسەن )

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەماڵەکەی خۆی لە سلێمانی، هەرچەندە تەندروستی تەواو نییە، بەڵام کەوتووەتە خۆی بۆ ئەوەی لەو نزیکانە هاموشۆی سیاسی لە نێوان پارتی و PKK دروستبکات و چارەسەری پەیوەندییە خراپبووەکەیان بکات. حەمە ئەمین پێنجوێنی، کەسایەتی نزیک لە ئۆجەلان و PKK و قەندیل پێیوایە "ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و PKK کۆنەبنەوە و چارەسەرێک بۆ دۆخی ڕۆژئاوا نەدۆزنەوە، هەندێک دەرفەت لەدەست دەچن".

### PKK داوای کۆبوونەوە دەکات

نوێترین دیداری نێوان نێچیرڤان بارزانی و حەمەئەمین پێنجوێنی، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بووە. ناوبراو داوای لە نێچیرڤان بارزانی کردووە لەو نزیکانە کۆبوونەوە لەگەڵ PKK بکەن کە وەک خۆی دەڵێ ئەوە یەکەمجار نییە بۆ ئەو مەبەستە چاوی بە نێچیرڤان بارزانی کەوتبێت "برادەرانی PKK پێشتر بە منیان گوت بە نێچیرڤان بارزانی بڵێم، ئەوان هەمووکات ئامادەن لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی کۆبنەوە، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریاش بەهەمانشێوە، ڕای کاک نێچیرڤانیش ئیجابی بوو".

ناوبراو دەڵێ، پێشتریش ئەو دوو لایەنە دانیشتنیان هەبووە و هەندێکجار گەیشتوونەتە ئەنجام و هەندێکجاریش ناکۆکییەکانیان وەک خۆی ماوەتەوە. گوتیشی "دوا دیدارم لەگەڵ کاک نێچیرڤان لەسەر پێشنیازی خۆم و ئاگاداری PKK بوو".

### "فیفتی بە فیفتی لە ڕۆژئاوا سەرناگرێت"

بارە نێگەتیڤەکەی پەیوەندی نێوان پارتی و PKK لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگیداوەتەوە، کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان PYD ی نزیک لە PKK تۆمەتبار دەکات بەوەی کە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە ڕۆژئاوا بەڕێوەدەبات.

بە بڕوای محەممەد ئەمین پێنجوێنی، دەبێ لە دانیشتنەکاندا پارتی و سەرکردەکانی PKK سەرەتا ڕێکبکەون لەسەرئەوەی هێرشی میدیایی لەبەرامبەر یەک بوەستێنن وەک قۆناغی یەکەم و دەڵێ، برادەرانی ڕۆژئاوا کە هاوپەیمانییان لەچوارچێوەی حیزبێکدا دروستکردووە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا، داوا دەکەن ئەوانیش هێز و ئاسایش و بەشدارییان لەحکومەت هەبێ "PYD لارییان نییە لەوە، بەڵام تێبینیشیان هەیە، دەکرێ بە گفتوگۆ ئەوە چارەسەر بکەن، چارەسەرەکەش ئەوەیە هێزیان هەبێ، بەڵام یەک سەرکردایەتی دروستبکەن"، گوتیشی "بەبڕوای من ئەو کانتۆنانە بوونەتە ئەمری واقیع و خۆیان دەگرن، دەبێ گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێ و دەبێ هێزەکانی دیکە بچن شەریک بن و بەیەکەوە ببنە خاوەنی شتەکان".

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سووریا، دوای ڕاگەیاندنی خۆی، گەڕایەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و داوا دەکات لەوێ دەسەڵات و هێزەکان بەشێوەی 50 بە 50 دابەشبکرێن، بەڵام پێنجوێنی پێیوایە ئەوە سەرناگرێ "ففتی بە ففتی ئەزموونی تاڵی هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەش هەیە، دەتوانن جارێ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پێکبێن و دواتر لەسەر خاڵە ناکۆکەکانیش ڕێکبکەون"، گوتیشی "بەلای پەیەدەوە داواکاریی بوونی هێز و ئاسایشی پارتی لە سووریا جێگەی گفتوگۆیە".

ئێستا هەموو هاتن و چوونەکان لە نێوان باکوور و ڕۆژئاوا و باشوور، بۆ دانیشتنی پارتی و PKKیە، هێماکان وادەردەخەن ئەوە لەو نزیکانە ڕوویدات، بەبڕوای ناوبراو، ئەگەر پارتی و PKK ڕێکبکەون، دۆخەکە لە ڕۆژئاواش ئارام دەبێتەوە "من داوا لە هەردوولا دەکەم، ئەو مەسەلەیە بدەنە دەست کوردی ڕۆژئاوا خۆیان".

پارتی و PKK دوو هێزی گەورەن لە ناوچەکە، PKK نوێنەرایەتی بەشێکی زۆری کورد دەکات لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان. هەر جوڵانەوەیەکی ئەو هێزە لای بەشێک لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

هاوکات باشووری کوردستان شوێنێکی جیۆپۆلەتیکی زۆر گرنگە لەناوچەکەدا، ئەوە وایکردووە ئەو دوو هێزە بەردەوام پێویستیان بە نزیکبوونەوە هەبێ.

محەممەد ئەمین پێنجوێنی پێیوایە "نەوت خەریکە دەبێت بە نیعمەت و فاکتەرێکی پۆزەتیف بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ تورکیا هەمانە وای کردووە کە تورکیا بەرەنگاری کۆنفیدراڵی نابێ و ئێرانیش کارێکی واناکات تێکیبدات".

### PKK ڕازییە بارزانی ببێتە سەرۆک

پێنجوێنی باسی ڕۆڵی ئۆجەلانی کرد و ڕەتیکردەوە کاریگەری بەسەر PKKوە نەمابێ و دەڵێ "بەڕێز ئۆجەلان ڕۆڵی هەیە لە کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و تاوەکو ئێستاش قسەکانی ئەو قسەی یەکەمە و ئەوانەی کە هاموشۆی دەکەن و داوام لێکردووە شەخسییەن موداخەلە بکات بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە. یەکێک لەوانە نامەیەکی بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی نارد و گوتی ڕازییە ئەو بکرێت بە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی و لەیلا زانا بکرێت بە هاوسەرۆک، ئەوە سەری نەگرت. دوایی نامەی دیکەی نارد کە کاک مەسعود ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی و لەیلا ببێ بە جێگری و ئێستا موناقەشە دەکرێ".

گوتیشی، ڕای ئۆجەلان ئەوەبوو کە PKK لەگەڵ هێزە سیاسییەکان بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدات ناکۆکییە سادە و ناوەندییەکان چارەسەر بکەن "PKK کێشەی نییە کاک مەسعود سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی بێت".

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا، پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP و پارتی دادوگەشەپێدان بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ململانێیەکی توندا بوون، هەرچەندە بۆچوونی ئۆجەلان لەبارەی ئەردۆغانەوە ئەرێنییە و پێشتریش گوتی کە هیوایەک لە ئەردۆغاندا دەبینێت بۆ پرۆسەی ئاشتی، بەڵام لە مانگی ئابدا ململانێکان لە تورکیا پەرە دەستێننەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، کە کورد بۆ ئەو هەڵبژاردنە کاندیدی نییە.

پێنجوێنی دەڵێ تاوەکو ئێستا هێماکان وا دەردەخەن کە "کورد پشتگیری ئەردۆغان بکات، نامەکانی ئۆجەلان کە دەڵێ ئەردۆغان بڕوات پرۆسەکە دەوەستێ، وادەکات کورد پشتگیری بکات، بەڵام کوردیش تێبینی هەیە".

تێبینییەکەی کوردیش لە داواکارییە سەرەکییەکەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەمووارکردنەوەی دەستووری تورکیایە. بەڵام ئایا دەکرێ؟ ناوبراو دەڵێ، هەوڵی ئەردۆغان بۆ ئەوەی سیستمی تورکیا بگۆڕێ بۆ سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەیە هەموو دەسەڵاتەکان لای خۆی کۆببێتەوە "ئەوکات دەردەکەوێ چی دەکات".

### پەیوەندی یەکێتی و PKK

لەو ماوەیەدا یەکێتی سەردانەکانی بۆ باکووری کوردستان چڕکردوونەتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مەسعود بارزانی و ئەردۆغان سەردانی ئامەدیان کرد. پێنجوێنی دەڵێ ماوەی 10 ساڵە لە نێوان PKK و یەکێتیدایە و پەیوەندی نێوانیان بە "باش" هەڵدەسەنگێنێ. بەڵام گوتی "PKK و یەکێتی ناچنە بەرەیەکەوە". گوتیشی "لەوانەیە پشتگیری PKK بۆ یەکێتی سوودی هەبێ، بەتایبەتی بۆ هەڵبژاردن". گوتیشی "بەشێک لە نەتەوەی کورد لە باکووری کورستان ئێستا زۆر پۆزەتیڤانە سەیری سیاسەتی یەکێتی دەکەن".

- کورد پشتگیری ئەردۆغان دەکەن ببێتە سەرۆک کۆمار
- یەکێتی سوود لەو پەیوەندییەی لەگەڵ PKK دەبینێ بۆ هەڵبژاردن
- PKK کێشەی نییە کاک مەسعود سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی بێت

## کۆمیسیۆن سەرۆکی پەرلەمان سزا دەدات

**هەولێر - ڕووداو**

سەفا موسەوی، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کۆمیسیۆن بڕیاریدا سزای دارایی ژمارەیەک کیانی سیاسی وکاندیدانی هەڵبژاردن بدات، کە سەرپێچی بانگەشەکانی هەڵبژاردنیان کردووە. لەو چوارچێوەیەدا، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و کاندیدی هاوپەیمانی موتەحیدون لە پارێزگای نەینەوا بە یەک ملیۆن دینار سزداوە، چونکە "وێنەی لە شوێنی نەگونجاو هەڵواسیوە".

# کورد و عەرەب داوا لە بارزانی دەکەن ببێتە سەرۆک کۆمار



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

### مەحمود عوسمان: بارزانی نیازی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی نییە

### فوئاد مەعسوم: بارزانی شیاوترین کەسە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

داوا دەکرێ کورد دەستبەرداری پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق نەبن، هەندێ لایەنیش داوا لە مەسعود بارزانی دەکەن خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی عێراق کاندید بکات. سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتمانی، بارزانی بە "شیاوترین"کەس دادەنێ بۆ ئەو پۆستە.

پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق هەشت ساڵە بەدەست کوردەوەیە و جەلال تاڵەبانی وەک تاکە کاندیدی کورد لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا دوو خولی سەرۆکایەتی بەڕێوەبرد، پێش ئەوەی بەهۆی نەخۆشییەوە دووربکەوێتەوە.

ئێستا عێراق لەبەردەم هەڵبژاردنێکی نوێدایە، بەڵام دیار نییە ئاخۆ ئەو پۆستە هەر لەدەستی کورد دەمێنێتەوە یان نا.

عەرەب: پۆستی یەکەمی عێراق بۆ کورد

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، ئەیاد عەللاوی، یەکێک لە ڕکابەرە بەهێزەکانی سەرۆک وەزیران لەم هەڵبژاردنەدا، هەڵوێستی خۆی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند "پاڵپشتی مەسعود بارزانی دەکەین بۆئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێ".

عەلاوی کە خۆی ئامادەکردووە کێبڕکێی توند لەگەڵ لیستەکەی نووری مالیکی بکات لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە 30ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێ، بە (ڕووداو)ی گوت "بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی بارزانی دەکەین ببێتە سەرۆکی عێراق، بگرە ئەگەر بارزانی ببێتە سەرۆکی هەموو وڵاتانی عەرەبیش ئێمە پاڵپشتی دەکەین".

تەنیا عەللاوی نییە کە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکات، ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقیش، نزیکەی مانگێک لەمەوبەر لە شاری بەغدا ڕایگەیاند "مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی عێراق".

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق لە بەهاری 2003 کورد چوار جار سەرۆکایەتی عێراقی گرتووەتە دەست. ئەویش لەسەردەمی ئەنجوومەنی حوکم جەلال تاڵەبانی، بۆ ماوەی یەک مانگ و دواتر مەسعود بارزانی، بۆ ماوەی یەک مانگ سەرۆکایەتی عێراقیان کرد. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی 2005ی عێراق، جەلال تاڵەبانی، بۆ چوار ساڵ وەکو سەرۆکی عێراق هەڵبژێردرا، هەروەها دوای هەڵبژاردنەکانی 2010 دیسانەوە تاڵەبانی بووە سەرۆکی عێراق بۆ ماوە چوار ساڵ، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی تەنیا دوو ساڵ سەرۆکایەتی عێراقی کرد و تاوەکو ئێستا پۆستەکەی بەتاڵە.

### پۆستی سەرۆکی عێراق دژی ئاواتی کوردە

بەپێی دەستوری عێراق سەرۆکایەتی کۆمار لە عێراق دوو خولە و هەر خولێک بۆ چوار ساڵە.

ئەندامێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای دەکات کە پێشنیاری ئەوە بۆ بارزانی کراوە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام دەڵێ ئەو پۆستە "دژی ئامانجەکانی کوردە".

مەحمود عوسمان کە ماوەی 11 ساڵە لە بەغدایە، گوتی "بارزانی خۆی گوتی کە پێشنیازێکی وام بۆ کراوە ببمە سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام نیازی ئەوەم نییە ئەو پۆستە وەربگرم".

مەحمود عوسمان دژی ئەوەیە ئیدی کورد داوای پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بکات "هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبووە، چونکە هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق لەدەستی سەرۆک وەزیراندایە". گوتیشی "ئەگەر کورد سەرۆک کۆماری عێراق وەربگرێ، دەبێ بەردەوام باسی سەروەریی و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی عێراق بکات و ئەمەش دژی ئامانجەکانی کوردە کە خەبات دەکات لە دوارۆژدا قەوارەی خۆی هەبێ".

### نابێ کورد ئەو پۆستە لەدەست بدات

بەڵام فوئاد مەعسوم، کە لە دوو خولی پەرلەمانی عێراق سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بووە پشگیری ئەوە دەکات کورد پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەدەست نەدات.

فوئاد مەعسوم دەڵێ "ئەگەر بڵێین سەرۆک کۆماری عێراق دژی ئامانجەکانی کوردە خۆ سەرۆک پەرلەمان یان سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بێت هەمان شتە". گوتیشی "دەوڵەتی کوردی شتێکی ئانی نییە یەکسەر ڕابگەیەنرێ، ئەگەر دەوڵەتی کوردستان ڕاگەیێندرا بێگومان وەزیری کوردیش لە بەغدا نامێنێ".

سەبارەت بە دانانی بارزانی بۆ ئەو پۆستە. فوئاد مەعسوم گوتی "کاک مەسعود ئەمڕۆ شیاوترین کەسە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق". گوتیشی "پێشتر داوایەک هەبوو کە بارزانی ببێتە سەرۆک کۆمار و خۆم لەنێو گفتوگۆیەکاندا بووم".

دوای سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە مانگی تەمموزی 2013، نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشنیازی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی بۆ بارزانی کرد، بەڵام بارزانی ڕازی نەبوو ئەو پۆستە وەربگرێ.

### باشترە تەوافوقی کوردی لەسەر بێ

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە خولی دووەمی پەرلەمانی عێراقدا سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بوو، پێیوایە پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ کورد کاریگەری مەعنەوی هەیە و هەر پڕۆژە یاسایەک لە دژی کورد بێت سەرۆک کۆمار دەتوانێ ڕەتیبکاتەوە. گوتیشی "بەپێی دەستووری عێراق سەرۆک کۆمار پاسەوانی سەرەکی دەستوورە و هەر لایەنێک سەرپێچی دەستوور بکات سەرۆک کۆمار دەبێ ڕاستی بکاتەوە".

دەربارەی پاڵپشتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ بارزانی ئەگەر نیازی بەدەستهێنانی ئەو پۆستەی هەبێ، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ "خراپ نییە بارزانی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، کاک مەسعود کەسێکی شیاوە بۆ ئەو پۆستە و خزمەتی زۆر دەکات". بەڵام "باشتر وایە تەوافوقێکی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان لەسەر هەبێ، چونکە ئەوکات بەهێزتر دەبێ".

### دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار:

سەرۆک کۆمار لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە هەڵدەبژێردرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامەکانی و ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار چوار ساڵە، دەکرێت تەنیا بۆ یەک جاری دیکە هەڵبژێردرێتەوە.

لە مادده 73ی دەستووری عێراقدا بەو شێوەیە باسی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار کراوە:

**یەکەم:** دەرکردنی لێبووردنی تایبەت لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەرجێک ئەوانە نەگرێتەوە کە بەهۆی مافی تایبەت، تاوانی نێودەوڵەتی، تیرۆر و گەندەڵی دارایی و ئیدارییەوە حوکمدراون.

**دووەم:** پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران.

**سێیەم:** پەسەندکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی ئەنجوومەنی نوێنەران دایدەنێ. یاساکانیش بەپەسەندکراو دەژمێردرێن پاش تێپەڕبوونی 15 ڕۆژ بەسەر ناردنیان بۆ سەرۆک کۆمار.

**چوارەم:** بانگهێشتکردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوە دوای پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەماوەیەکی دیاریکراو بە مەرجێک لە 15 ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**پێنجەم:** بەخشینی نیشانە و مەدالیا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەگوێرەی یاسا.

**شەشەم:** پەسەندکردنی باڵیۆزەکان.

**حەوتەم:** دەرکردنی بەیاننامەی کۆماری.

**هەشتەم:** پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدان کە لەلایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەردەچێت.

**نۆیەم:** هەڵدەستێت بە ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان بەمەبەستی پرۆتۆکۆڵی و ئاهەنگگێڕان.

**دەیەم:** هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە لە دەستووردا دیاری کرابێت.

## عیزەت شابەندەر، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی وەفادارانی نیشتیمان

# کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت



عیزەت شابەندەر تاوەکو ڕابردوویەکی نزیک کەسی دەستەڕاستی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو. لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەنگی پێویستی نەهێنا و مالیکی ئەو کورسییەی خۆی پێدا کە لە هەڵبژاردن بەدەستیهێنابوو. بەڵام ئێستا نێوانی لەگەڵ سەرۆک وەزیران خۆش نییە و سەرۆکایەتی لیستێک دەکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە ناوی هاوپەیمانی وەفادارانی نیشتیمان. شابەندەر ڕۆژی 20ی نیسان لە پیرمام سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد و دەڵێت لەگەڵ بارزانی باسی چوار ساڵی ئایندەی عێراقیان کردووە.

نەهرۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر

### لەگەڵ بارزانی باسی دەوڵەتی کوردیمان کرد

### به مالیکیم گوت ویلایەتی سێیەمت لە بەرژەوەندی تۆ و عێراقدا نابێت

### پشتگیری مالیکی ناکەم بۆ ویلایەتی سێیەم

**ڕووداو: ئامانجی سەردان و کۆبوونەوەتان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چی بوو؟**

**عیزەت شابەندەر:** ماوەیەکی درێژ بوو چاوم بە بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکەوتبوو، بە گرنگمان زانی چاومان پێبکەوێت، بەتایبەتی کە ئێستا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانین، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی چوارساڵی ڕابردووی بارودۆخی عێراق و پەیوەندی ناوەند و هەرێمی کوردستان و پەرەسەندنەکانی عێراقمان کرد، جەخت لەوە کرایەوە کە گرنگە ئەو پەیوەندییانەی نێوان هەولێر و بەغدا پێداچوونەوەی پێدابکرێت و بەهێزبکرێت.

**ڕووداو: بەڕای تۆ هۆکاری کێشەکانی نێوان هەرێمی و کوردستان و حکومەتی عێراق چین؟**

**عیزەت شابەندەر:** کێشەی نێوانیان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەم- نەبوونی متمانە و ڕێککەوتنی هاوبەشی لە حوکمڕانی، بۆیە پێویستە هەوڵبدەین متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بێت. دووەم- تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا نییە لە بارەی فیدراڵی و وردەکارییەکانی سیستەمی فیدراڵییەت و هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بەو پرسەوە هەیە.

**ڕووداو: کۆدەنگیی هەیە لەبارەی ویلایەتی سێیەمی نوری مالیکی؟**

**عزەت شابەندەر:** نەخێر، هەندێک لایەن بەهەموو شێوەیەک ویلایەتی سێیەمی مالیکی ڕەتدەکەنەوە، هەندێکی دیکە وەستاون و لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بڕیار دەدەن، هەندێکی دیکەش ئامادەن مامەڵە لەگەڵ ویلایەتی سێیەمی مالیکی بکەن.

**ڕووداو: تۆ لەگەڵ کامەیانی؟**

**عیزەت شابەندەر:** نوری مالیکی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە سەرکەتوو دەبێت، بەڵام ناتوانێ دەنگی پێویست بهێنێت بۆئەوەی بە تەنیا ببێتەوە سەرۆک وەزیران، ئەو ماوەی 8 ساڵ فەرمانڕەوایەتی عێراقی کرد، کارێکی قورسە شتێکی زیاتر لەمە بکات کە لە ماوەی ڕابردوو ئەنجامیداوە، بۆیە پێویستە مالیکی بوار بە کاندیدانی دیکە بدات ئەو پۆستە وەربگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق لەو تەنگژەیەی ئێستا دەرباز بێت.

**ڕووداو: دژی ویلایەتی سێیەمی مالیکیت؟**

**عیزەت شابەندەر:** بەهیچ شێوەیەک پاڵپشتی لە ویلایەتی سێیەمی نوری مالیکی ناکەم، بەشەخسی بە مالیکیم ڕاگەیاندووە کە ویلایەتی سێیەم لە بەرژەوەندی ئەو و عێراقدا نییە.

**ڕووداو: قسەوباسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**عیزەت شابەندەر:** کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی خۆی هەبێت، بۆچی تورک، عەرەب و فارس دەوڵەتیان هەبێت و کورد دەوڵەتی نەبێت، بەڵام پێویستە ئەو دەوڵەتە بەبڕیاری نێودەوڵەتی و تەوافوقی هەرێمیی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا بێت و ئەو وڵاتانە هاوکاربن. تاوەکو ئەو دەوڵەتە تەندروست و سەقامگیربێت. نابێت ئەو دەوڵەتە تەنیا لەسەر حیسابی عێراق بێت، ئەگەر تەنیا لەسەر حیسابی عێراق بێت، ئەوسا دەبێ هەڵوێستی تورکیا و ئێران وەک دوو هێزی گەورە لە ناوچەکەدا چۆن بێت و کاردانەوەکانی ئەوان چۆن دەبێت لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتە. ئەو بابەتەمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسکرد کە دەبێت شەفاف و ڕێککەوتنی ڕوون و ئاشکرا هەبێت لەگەڵ ناوەند، ڕەوشەکە گونجاوبێت و بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بێت، چونکە نامانەوێ یەک دڵۆپ خوێن بڕژێت لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانیتە مادەی 140؟**

**عزەت شابەندەر:** چارەسەرێکی سیحریم بۆ چارەسەرکردنی مادەی 140 پێ نییە، بەڵام هەر چارەسەرێک باشترە لەوەی ڕەوشی ئەو پارێزگایە بەمشێوەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەگەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە دروستی چارەسەرکرا، ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بۆسەر ڕەوشی کەرکووکیش دەبێت، دەکرێت کەرکووک لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی بێت، تاوەکو کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر دەبن.

**ڕووداو: بوونی مەسعود بارزانی بە سەرۆک کۆماری عێراق پرسێکە و باس دەکرێت ئەمە چۆن دەبینن؟**

**عزەت شابەندەر:** شتێکی گەورە نییە بۆ مەسعود بارزانی کە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، بارزانی مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە و پەیوەندیی لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن و سەرکردەکانی ئێستا هەیە، کەسایەتییەکەشی بەها دەداتە پۆستی سەرۆک کۆمار، پێموایە هیچ سەرکردەیەکیش دوو دووڵ نییە لەوەی پشتگیریی مەسعود بارزانی بکات بۆ ئەوە.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## کەبوودوەند بریندارە



**رووداو–تاران**

محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆک و دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی سەر بە سوپای پاسداران، ئیتلاعات و چاودێری گرتووخانەی ئێڤین لە تاران بریندار بووە. هێرشەکە بەیانیی رۆژی 2014/4/18 بۆ سەر شوێنی راگیرانی گیراوانی سیاسی و مەدەنیی ئێڤین هاتە ئاراوە، لە ئاکامدا زیاتر لە 30 گیراو بریندار کران و دواتر بۆ ژووری تاکەکەسی گرتووخانە گوازرانەوە. بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ بەرپرسانی زیندانەکە سووکایەتیان بە گیراوەکان کردووە و سەر و ردێنی بەشێکیان بە زۆرە تاشیوە، کە کەبوودوەند یەکێک لەوانەیە.

# "بکوژی نادیار" هەڕەشە لە دانیشتووانی مەریوان دەکات

**ئومێد بەرین**
**رووداو– هەولێر**

لە شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی 10 رۆژدا هەشت هاووڵاتی لە کوچە و کۆڵانەکانی ئەو شارەدا هەڵدەواسرێن و بە یەک جۆر پەت دەخنکێنرێن. تاوەکو ئێستاش هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەو کارە رانەگەیاندووە، راوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێرانیش بەڵێنی بەدواداچوونی داوە.

بەگوتەی خەڵک و چالاکڤانانی مەدەنی شاری مەریوان، لە ماوەی 10 رۆژی رابردوودا لە چەندین ناوچەی مەریوان هەشت حاڵەتی کوشتن روویداوە کە بکوژەکانیان نادیارە و دەڵێن "بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان بە پەتی شین هەڵواسراون، وا گومان دەکرێت لەلایەن کەسێک یان کەسانێکەوە کوژرابن و دواتر بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێت کە خۆیان کوشتووە، هەڵواسراون".

دادپزیشکی شاری مەریوان لەوبارەوە رایگەیاندووە کە تاوەکو تەواوبوونی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ناتوانێت ئەو دەنگۆیانە رەت یان پشتڕاست بکاتەوە.

دەگوترێت زۆربەی کوژراوان خەڵکی کاسبکار بوون و هیچیان چالاکوانی سیاسی و مەدەنی نین.



عەبدوڵڵا سوهرابی، چالاکڤانی مەدەنی و نوێنەری پێشووی شاری مەریوان لەوبارەوە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "تا ئێستا هیچ شتێک روون نییە بۆ چارەسەرکردن و دۆزینەوەی سەرەداوی ئەو رووداوانە. من هیوام بە بەرپرسانی پارێزگای سنە نییە و ئەوان نە جێی متمانەن، نە پسپۆڕ و بەرپرسیارن، بۆیە پەیوەندیم بە عەلی یونسی، راوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە کردووە و ئەویش بەڵێنی داوە بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانە بکات".

هەر لەوبارەوە عوبێد زارعی، چالاکڤانی مەدەنی شاری مەریوان بە (رووداو)ی گوت "ترسێکی زۆر بە خەڵکی شارەوە دیارە، تا ئێستا هۆکاری ئەو مردنانە بۆ خەڵک روون نییە".

وتارخوێنی نوێژی هەینی شاری مەریوانیش کوژرانی چوار کەسی پشتڕاستکردووەتەوە و داوای لە خەڵک کردووە چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بکەن.

پێشتر باندی هیوا تاب (ئەندامی پێشووی سوپای پاسداران کە لە ساڵی 2013 لە سێدارەدرا) دەیان کەسی لە خەڵکی ناوچەکە کوشتبوو و وەک ئەندامانی پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرامبەر پارەدا رادەستی حکومەتی کردبوونەوە، بۆیە هەندێک لە خەڵکی مەریوان دەڵێن ئەگەری هەیە ئەو رووداوەش پێشتر پلانی بۆ دارێژرابێت.

موختار خەندانی، رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "هێزە ئەمنییەکان لە هەوڵی ئەوەدان ئەو کارەساتە بشارنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەشت کەسە خۆشیان کوشتبێ، دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ و هێزە ئەمنییەکان لێی بەرپرسیارن، هەندێک لەو کوژراوانە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان نەبووە، یەکێک لە کوژراوەکان تەمەنی 20 ساڵە و شەش مانگە خێزانی پێکهێناوە".

بە بڕوای خەندانی، جۆری کوشتنەکان و کاتەکەیان گومانی دروستکردووە "هەندێکیان دوای هەڵواسین قاچیان هەر لەسەر زەوی بووە، کەسێک چۆن دەتوانێ خۆی بە هەڵواسین بکوژێت کە پێی لەسەر زەوی بێت".

شاری مەریوان لە پارێزگای سنە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 120 هەزار کەسە. مەریوان شارێکی چالاکە و لە ساڵانی رابردوودا بووەتە پێشەنگی چالاکییە مەدەنییەکان. موختار خەندانی دەڵێت "هێزە توندڕەوەکان هەوڵی تێکدانی دۆخەکە دەدەن و دەیانەوێ ترس و دڵەڕاوکێ دروستبکەن لای خەڵک و چالاکڤانانی مەدەنی".

### ئەو هەشت کەسەی کوژراون:

1– پیاوێکی تەمەن 20 ساڵ بە ناوی (ع. و) لە زرێبار.
2– پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ، ناوەکەی نەزانراوە، لە جادەی گوندی نەچێ.
3– پیاوێکی تەمەن 40 ساڵ، بە ناوی (ع) لە گەڕەکی موسکی 2.
4– پیاوێکی تەمەن 32 ساڵ، بە ناوی (ب.ب) لە ماڵی خۆیدا.
5– پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ، ناوەکەی نەزانراوە، لەسەر پردی گوندی لەنجاوا.
6– پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ، بەناوی (د.خ) لە کانی دینار.
7– ژن و مێردێک، ناوەکانیان نەزانراوە، لە جادەی ئەسراوە.

## 59 چالاکوانی کورد چاوەڕێی لەسێدارەدانن

# حیزبەکانی رۆژهەڵات خۆیان لە خورشیدی ناکەنە خاوەن

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو– هەولێر**

بەرپرسانی گرتووخانەی دزڵئاوای کرماشان سزای لە سێدارەدانیان بەسەر گیراوێکی کورددا جێبەجێ کرد کە یەکێک لە تۆمەتەکانی ئەندامێتی بوو لە حیزبێکی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەڵام هیچکام لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان لەو کەسە ناکەنە خاوەن.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان هۆشداری دا لە جێبەجێکردنی هەمان سزا بەسەر کۆمەڵێک چالاکوانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەلایەن دادگاکانی ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

سمکۆ خورشیدی، تۆمەتبار بە "دژایەتیکردنی خوا" لە رێگەی ئەندامێتی لە پارتێکی کوردی نەیاری حکومەتی ئێران و هەروەها کوشتنی دوکاندارێکی خەڵکی بانە، رۆژی 2014/04/17 لە گرتووخانەی دزڵئاوای کرماشان لەسێدارە درا.

سمکۆ خورشیدی خەڵکی شاری بانەیە و ساڵی 2007 دەچێتە نێو ریزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و بە گوتەی بەرپرسانی ئەو حیزبە دوای چوار مانگ، واز لە ئەندامێتی کۆمەڵە دەهێنێت و ماوەیەک دواتر دەگەڕێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە رۆژی 2014/03/28 لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە لە تاران بە برینداری دەستبەسەر کرا پاش ئەوەی بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان بریندار کرا. دوای چەندین مانگ مانەوە لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری سنە بۆ گرتووخانەی سەقز گواستراوەتەوە و لە مانگی نیسانی 2012 لەلایەن دادگای شۆڕشی سەقزەوە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا.

### تەنیا 4 مانگ کۆمەڵە بووە

هیچکام لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سمکۆ خورشیدی بە ئەندامی خۆیان نازانن، تەنیا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەڵێت بۆ ماوەی چوار مانگ پێشمەرگەی ئەو حیزبە بووە. رەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەوبارەوە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، سمکۆ خۆرشیدی تەنیا چوار مانگ ئەندامی ئێمە بووە و هۆکاری دەستبەسەرکردن و سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بەسەر ئەو زیندانییەدا، هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە نییە.

### لە سێدارەدان زیادی کردووە

لە سێدارەدانی سمکۆ خورشیدی بە سێیەمین حاڵەتی لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسی کورد ئەژمار دەکرێت لەدوای هاتنە سەرکاری حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران. بۆیە چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رووحانی بە پشتکردنە بەڵێنەکانی خۆی تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی دا کە گرنگی بە مافی نەتەوە جیاوازەکان دەدات و رەوشی مافی مرۆڤ و زیندانیانی سیاسی باشتر دەکات، بەڵام دوای هاتنەسەرکاری ئەو لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی و سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بەسەر چالاکڤانانی سیاسیدا هەروا بەردەوامە.

چاوەڕوان دەکرا لەسەردەمی دەسەڵاتی حەسەن رووحانیدا سیاسەتی لەسێدارەدان گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام لەسەرەتای ساڵی 2014ەوە تاوەکو ئێستا 176 کەس لەسێدارە دراون. بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ساڵی رابردوو ئێران سەرلیستی ئەو وڵاتانە بووە کە زۆرترین کەسی تێدا لە سێدارە دراوە.

### 59 چالاکوان لەژێر هەڕەشەی لە سێدارەداندان

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەوبارەوە راگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا سەبارەت بە لەسێدارەدانی 59 گیراوی سیاسی و ئاینیی کورد هۆشداری داوە و داوا لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەکات لەوبارەوە کاردانەوەیان هەبێ. بەپێی ئاماری ئەو رێکخراوە، لە ماوەی رابردوودا 16 چالاکڤانی سیاسی کورد لەسێدارە دراون، هەروەها 20 چالاکڤانی سیاسی دیکەش سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە و 39 چالاکڤانی ئاینی کوردیش سزای لە سێدارەدانیان لەسەرە.



سمکۆ خورشیدی

# ژەنەراڵ سەلیم ئیدریس داوای لێبوردن لە کۆبانێ دەکات




**زنار ئاڵا**
**رووداو– مەدرید**

هەفتەی رابردوو شاندێکی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سووریا سەردانی مەدریدی پایتەختی ئیسپانیایان کرد و چاویان بە خۆسێ مانوێل گارسیا مارگالۆ، وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا کەوت بە ئومێدی ئەوەی کە یارمەتی دارایی و لۆجستیکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بدات لە شەڕی دژی رژێمدا.

سەرۆکی شاندەکە سەلیم ئیدریس، سەرۆکی پێشووتری سوپای سووریای ئازاد بوو. ئیدریس لەگەڵ دوو کەسایەتی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەشداری پەنەڵێک بوون کە لە ماڵی عەرەب رێکخرابوو. پرۆفیسۆری پێشووتری ئەکادیمی لەشکری حەلەب لە قسەکانی خۆیدا باسی ئەو هەلومەرجە سەختانەی کرد کە سوپای ئازاد تێیدا شەڕ دەکات، لەگەڵ کەمبوونەوەی یارمەتییە دەرەکییەکان "پێویستمان بەیارمەتی دۆست و براکانمان هەیە، زۆر بەداخەوە ئێمە چاوەڕێی یارمەتی لە خەڵکی دیکە دەکەین، ئێمە ناتوانین سوود لە سەرچاوە و سەرمایەی وڵاتی خۆمان ببینین".

### داعش لە دەرعا نییە

دوای ئیدریس، ئەفسەرێکی دیکە بەناوی ئەحمەد ئەلنعێمە دەربارەی دوایین دەستکەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرەکانی شەڕدا لە باشووری سووریا قسەی کرد و شانازی بەوەوە کرد کە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە دەرعا هیچ پێگەیەکیان نییە "ئەوەی هەرە گرنگە، لەلای ئێمە داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) نییە و بەرەی نوسرەش زۆر کەمە".

هۆکاری ئەمەش وەک ئەو ئەفسەرە گوتی، ئوردن بووە کە سنووری خۆی بەشەو و رۆژ کۆنترۆڵ دەکات و رێ لە چەکدارە توندڕەوەکان دەگرێت.

لەتەنیشت هەردوو سەرکردەکەی لەشکری ئازاد کەسایەتییەکی دیکەش دانیشتبوو، ئەویش محەممەد بەرمۆ، پەرلەمانتاری پێشووی سووریا بوو کە ئێستا بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتی گەشەپێدانە. بەپێی قسەی هەندێک چالاکوانی سووری ئەو بە نزیکایەتی لە رژێمی بەعس تۆمەتبار دەکرێت.

گفتوگۆ دەربارەی کورد لە رێگای پرسیارەکانی بەشدارانی پەنەڵەکە دەستیپێکرد. دەربارەی پرسیارێک لەسەر تێڕوانینی هەرسێ بەشداربووەکە سەبارەت بە خۆبەڕێوەبردنی کورد لە رۆژئاوا، تەنیا بەرمۆ قسەی کرد و گوتی "لەلای ئێمەوە کێشە نییە کە سەرۆک کۆمار کورد بێت، نامانەوێت هەستی جیابوونەوە هەبێت و ئێمە کار بۆ یەکێتی سووریا دەکەین".

### داوای لێبوردن لە کۆبانێ دەکەین

لەنێو بەشداربووواندا هاووڵاتییەکی کۆبانێش ئامادەبوو، ئەو باسی ئەو رەوشە سەختەی کرد کە ئێستا هەرێمی کۆبانێ پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەهۆی بڕینی ئاو و کارەبا لەلایەن رێکخراوی داعشەوە، کە ئەو رێکخراوە لە سێ لاوە کۆبانێی گەمارۆ داوە "سوپای ئازاد و هاوپەیمانیی سووریا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە، ئێمە دەمانەوێت بزانین ئایا کۆبانێ سەر بە سووریایە یان نا، رۆڵی لەشکری ئازاد چییە؟" د.سەلیم ئیدریس بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە "کۆبانێ پارچەیەکی بەنرخی سووریایە و ئەرکی لەشکری ئازادە کە لە داعش بیپارێزێت. بەڵام کێشەی ئێمە کەمبوونەوەی دەرفەتە، زۆرجار چەکدارەکانمان بەبێ فیشەک دەمێننەوە. بڕیارمان داوە لە دژی داعش شەڕ بکەین و ئومێدمان بەوەیە کە حکومەتی کاتی یارمەتی کۆبانێ بدات. دوای ئەم چاوپێکەوتنە قسە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دەکەم، بۆ ئەوەی یارمەتی بەپەلە بۆ کۆبانێ بنێرێت. ئێمە داوای لێبوردن دەکەین بەهۆی بەجێنەهێنانی ئەرکی خۆمان لە کۆبانێ".

لەبارەی پرسێکی دیکە سەبارەت بە رۆڵی تورکیا لە شەڕی سووریا، ئیدریس سوپاسی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیای کرد و گوتی "کۆماری تورکیای برامان وڵاتێکی دڵۆڤانە کە هەموو دەرگاکانی خۆی بۆ کردووینەتەوە. سوپاسی برا تورکەکانمان دەکەم، بەتایبەت بەڕێز ئەردۆغان کە بۆ شۆڕشی سووریا زۆری کردووە".

رووداو
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## مالیکی: کورد بڕیاری لەبارەی چارەنووسی خۆی داوە



**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی راگەیاندراوێکی نووسینگەی نووری مالیکی، لە هەڤپەیڤینێکدا کە کەناڵی ئەلمەنار لەگەڵی ئەنجام داوە و دواتر پەخش دەکرێت، هەڕەشەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی جیابوونەوە بە "دووبارە" وەسف دەکات و دەڵێت "هیچ کەسێک لە هەرێمی کوردستان یاخود لایەنی دیکە مافی ئەوەی نییە سەرپێچی دەستوور بکات". لەبارەی مافی چارەی خۆنووسین، نووری مالیکی دەڵێت "کورد بڕیاری لە چارەنووسی خۆیدا کاتێک دەنگیان بۆ دەستووردا کە تێیدا هاتووە، عێراق وڵاتێکی ئیتیحادی و سەربەخۆیە و دەستوور دەستەبەری یەکێتی عێراق دەکات".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:

# موئامەرەیەکی گەورە لە یەکێتی دەکرێت

## "گۆڕان کە مەلایەکی نییە وەزارەتی ئەوقافی بۆچییە"



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**یەحیا بەرزنجی**
**رووداو- سلێمانی**

لێدوانی هەندێ بەرپرسی یەکێتی، راگەیاندنی ئامادەباشیی هێزەکانیان و هەڕەشەی ئەوەی کە "ئەگەر یەکێتی موئامەرەی لێبکرێت دەبێتەوە بە پڵنگەکەی جاران" لەزاری بەرپرسێکی باڵای یەکێتییەوە، بانگەشەی هەڵبژاردنی لە پارێزگای سلێمانی گرژ کردووە، تاوەکو کار گەیشتە ئاستی تەقەکردن.

لەوەتەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی دەستی پێکردووە، هیچ شەوێکی هێندەی شەوی 19ی نیسان نائارام نەبووە، کار گەیشتە تەقەکردن و بەکارهێنانی چەک. ئاوات محەممەد، قایمقامی شارەکە، تەقەکردنی لە لقی چواری پارتی لە سلێمانی لەپرێس کۆنفراسێکدا بە "دەستێکی رەش" ناوبرد و گوتیشی "بارگرژی لە قازانجی کەس نییە، لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ رووداوەکەی بەردەم لقی چواری پارتی پێکهێنراوە". هەر لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا ئاشکراشی کرد کە لەماوەی ئەو 20 رۆژەی بانگەشەکردندا 13 بریندار هەن و 5 لەو بریندارانە بە گوللە بوون".

بەرپرسێکی ئاگادار لە رەوشی سلێمانی پێیوایە "ئەگەر هەندێک بەرپرسی ئەمنی مایکرۆفۆنەکانیان لێ نەسێنرێتەوە، بارگرژی دیکەش دەکەوێتەوە، هەموو لێدوانێکی توند شەقامیش بەدوای خۆیدا دەکوڵێنێ".

لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتای پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، وەک حیزبی راسپێردراو بۆ دروستکردنی حکومەت، شەریکەکەی کابینەی پێشووی حکومەت، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە بەشەکەی رازی نییە، لێدوانی بەرپرسەکان بەو ئاراستەیەی کە ستەم لە حیزبەکەیان کراوە، رەنگە شەقام خێراتر بجوڵێنێت، کۆی بۆچوونەکان لەوەدا کۆدەبنەوە کە "کار وەها بڕوات دەبێت چاوەڕوانی ئاڵۆزی دیکەش بکرێت".

حامیدی حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبە لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر بارودۆخە سیاسییەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، بارگرژییەکان لەوەی ئێستا خراپتر دەبن".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی سەبارەت بە بۆچوونیان لەمەڕ پشکی حیزبەکەی کە لەم کابینەیە بۆی دانراوە گوتی "ئەوە موئامەرەیەکی گەورەیە لە یەکێتی دەکرێت، یەکێتی هەرگیز سووکایەتی قبووڵ ناکات. ئەگەر بیدەینەوە شاخ، ئەوە قبووڵ ناکەین".

لە کابینەی نوێدا کە یەکێتی بەو وەزارەتانە رازی نییە بۆی دانراوە، شەڕی لایەنە براوەکان بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو، شەڕی پۆستە ئەمنییەکانە نەوەکو خزمەتگوزاری. لایەنی براوە وەزارەتی ناوخۆی بۆ خۆی بردووەو لایەنی دووەمیش کە گۆڕانە وەزارەتی پێشمەرگەی پێدراوە.

لەبارەی ئەو دابەشکردنەوە بەرپرسەکەی یەکێتی دەڵێت "هیوادارم برادەرانی گۆڕان وەزارەتی پێشمەرگەیان بۆ رکابەرێتی یەکێتی وەرنەگرتبێت، ئاخر گۆڕان کە فەوجێکی پێشمەرگەی نییە وەزارەتی پێشمەرگەی بۆچییە؟ یەک مەلای نییە وەزارەتی ئەوقافی بۆچییە؟ ئەگەر ئەمەی بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی و ئیسلامییەکان نەبێت".

گوتاری بەرپرسە سەربازییەکان و ئەو لێدوانە توندانە، وایانکردووە کە هەرچی لە سلێمانی روویدات بسوێ بە شانی یەکێتیدا، چونکە هێشتا یەکێتی دەسەڵاتداری هەموو زۆنی سەوزە.

بەرپرسێکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە هۆکاری ئەوەی ناتوانن لێدوان بۆ میدیاکان بدەن، لەوبارەیەوە دەڵێت "بارگرژی لەبەرژەوەندی یەکێتیش نییە، چونکە ئەمان دەیانەوێت لە هەڵبژاردنی ئایندە دەنگی زیاتر کۆبکەنەوە". بەلایەوە سەیرە ئەگەر هەندێ هەبن وا بیربکەنەوە کە بەزەبری هێز بەشداری ئەو گەمە دیموکراسییە بکەن، لەکاتێکدا گۆڕانکاری لەلای خەڵکەوەیە "ئەو تەقەکردنە موئامەرەیە لە یەکێتی دەکرێت".

لەکوردستان هێشتا دەنگدەر فێر نەبووە بەخۆی بگاتە ئەو ئاستەی لایەنێک یاخود کەسێک هەڵبژێرێت کە باوەڕی بە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی هەیە.

توێژەری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو جوان حوسێن دەڵێت "دەنگدەری کورد دەنگدەرێکی شپرزەیە، زوو کاریگەری تێدەکرێت، بەردەوام کەسێک هەیە یان سەرکردەیەک لەسەرووی ئیرادەی خۆیەوە، هانی دەدات و پڕی دەکات و رەوانەی شەقامی دەکات. خەڵکی کورد نازانێت چی دەوێت، تەنانەت بە دەگمەن باوەڕمان بەو بەڵێنانە هەیە کە پاڵێوراوەکان باسی دەکەن، کەچی دەنگیشیان پێدەدەین".

را جیاواز هەیە لەسەر پۆستەکانی یەکێتی

# کۆمەڵی ئیسلامی: یەکێتی حەقی خۆی پێدراوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پرۆسەی دابەشکردنی پۆستەکانی کابینەی نوێدا پێیوایە پارتی بەپێی سەنگ و قورسایی خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەکردووە. بەڵام حیزبەکانی دیکە رای جیاوازیان هەیە لەوبارەیەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی، پێیوایە پۆستەکانی یەکێتی لەگەڵ سەنگ و قورسایی حیزبەکەی وێکنایەتەوە "بۆیە پێداگیری لەسەر وەرگرتنی یەکێک لە وەزارەتە ئەمنییەکان دەکەین". د.جوان ئیحسان دەڵێ "دەبێ یەکێتی یەکێک لەو وەزارەتانە وەربگرێ. بەبێ وەرگرتنی ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆمان، زەحمەتە بچینە ناو ئەو حکومەتەوە".

جوان ئیحسان دەڵێت یەکێتی هەر لەسەرەتای دانوستاندنەکانەوە پێداگیری لەسەر بەشداریی هەموو لایەنەکان کردووە و "لەو پێناوەشدا باجی دا، بەڵام هیچ لایەک بەوەی نەزانی". بەڵام سەرکردەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو دەڵێن ئەوان لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ پارتی یەکێتییان لەبیرنەکردووە.

ئەنوەر سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "چەندین جار ئێمە گوتوومانە نابێ هیچ لایەک پشتگوێ بخرێت، بەڵام بەڕاستی داکۆکیکردنیش سنووری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەموو لایەک بەگوێرەی ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆی پۆست وەربگرێ".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی هەروەها گوتی "بڕوامان وایە پارتی موراعاتی هەموو لایەنەکان بکات لە پێکهێنانی حکومەتدا، چونکە کورسییەکان دیارن و دەنگەکانیش دیارن و دیاریشە چەندت بەردەکەوێ". لەبارەی ئەو پۆستانەی بۆ یەکێتی دیاریکراون، ئەنوەر سەنگاوی دەڵێ "ئێمە واتێدەگەین حەقی خۆی پێدراوە".

بەپێی رێککەوتنەکەی ئەم دواییەی پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان کە لە رۆژی 2014/4/17 وەک براوەی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنەکە واژۆیان کرد. یەکێتی نیشتمانی کوردستان پۆستەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی رۆشنبیری، ئاوەدانکردنەوە، خوێندنی باڵا و کاروباری شەهیدانی پێدراوە. بەڵام بەو پێیەی وەزارەتی پێشمەرگە یان ناوخۆی تێدا نییە، یەکێتی بەو پۆستانە رازی نابێت.

جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "یەکێتی حەقی خۆی وەرگرتووە و دەبێ پێی رازی بێت". بەڵام یەکێتی پاساوی ئەوەی هەیە کە هێزێکە خەباتی درێژی شاخی هەیە و خاوەنی بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەیە. جەمال محەممەد دەڵێ، ئەو هێزەی ئەوان بەردەوام باسیدەکەن "ئێمە 26 هەزار دەنگمان تێدا بەدەستهێناوە و یەکێتی بۆخۆی 31 هەزار دەنگی تێدا هێناوە، سەرباری ئەو هەموو زەخت و فشارەش کە بەکاریانهێناوە لەکاتی دەنگداندا".

> **بەرپرسێکی یەکێتی:**
> **پارتی بە هەڵەدا چووە ئەگەر وابزانێ بە راکێشانی گۆڕان ئارامی مسۆگەر دەکات**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە لە پرۆسەی دانوستاندا بۆیە هەر حیزبێک شاندی دانوستانکار پێکدێنێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن "هەرچەندە ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی کردەوە، بەڵام هەرکەسە و بۆخۆی دەچێتە دانوستاندنەوە".

هەرچەندە هێشتا یەکگرتوو بۆخۆشی پێکنەهاتووە لەگەڵ پارتی لەسەر پۆستەکان و ناڕازییە لەو پۆستانەی بۆی دیاریکراون، بەتایبەتیش پۆستی وەزارەتی کارەبا، بەڵام محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "ئێمە بڕوامان بە حکومەتی بنکە فراوان هەیە و داکۆکیشمان لێکردووە".

هەفتەی پێشوو یەکێتی دانیشتنی لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵ هەبوو، بەڵام گۆڕان ئامادەیی خۆی نیشان نەدا، بۆیە نەیتوانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، کۆمەڵی ئیسلامی لەو دانیشتنەدا بە یەکێتییان گوتووە "پێویستە هەموولایەک لەو حکومەتەدا هەبن، بەڵام پێویستیشە بەپێی ئیستیحقاقی خۆتان داوای پۆست بکەن".

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەبەر هەستیاری دۆخەکە، پێیوایە "یەکێتی هەرگیز بەو شێوەیە ناچێتە ناو حکومەت"، گوتیشی "دواتر یەکێتی دەتوانێ لەگەڵ 10 کورسییەکەی یەکگرتوو و کورسی حیزبە بچووکەکانی دیکە بە یەک لەسەر سێی دەنگەکانی پەرلەمان کێشەی گەورە دروست بکات".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی هەروەها دەڵێ، ئەگەر پارتی واتێگەیشتبێ بە فەرامۆشکردنی یەکێتی و راکێشانی گۆڕان بۆ ناو حکومەتەکە ئارامیی مسۆگەر دەکات، تێنەگەیشتووە "چونکە ئەو خۆپێشاندان و 17ی شوباتەی کە گۆڕان بە چوار ساڵ نەیتوانی بیباتە هەولێر یەکێتی دەتوانێ بە مانگێک بیبات".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی دەڵێت کە ئەوان بەلایانەوە سەیرە پارتی وەزارەتێکی ئەمنی دەداتە گۆڕان "گۆڕان بەوە دروستبووە کە بڵێ لە فلان گەڕەک کارەبا نییە و ئاو نییە، کەوایە بۆ وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان وەرناگرێ خزمەتی پێبکات، بۆ تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە وەرناگرێ".

بەڵام جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەوان هێزی پێشمەرگە لە هێزێکی حیزبییەوە دەکەنە هێزێکی نیشتمانی و ئەو وەزارەتانەش کە وەریدەگرن، خزمەتی هاووڵاتیانی پێدەکەن. گوتیشی "ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە لەناو وەزارەتە ئەمنییەکاندا بوونیان نامێنێ، خۆ وابزانم یەکێک لە بریکارەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەدەست یەکێتییەوە دەبێ".

پێدەچێت هەویرەکەی یەکێتی ئاوێکی زۆرتر هەڵبگرێت. د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی وەفدی دانوستاندنکاری یەکێتی، لە دوای کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ وەفدی پارتی، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتی "سوورین لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە یان ناوخۆ".

ئەگەر یەکێتی سووربێت لەسەر داواکارییەکانی، ئەوە دواجار دەبێت یان کابینەی حکومەت دەستکاری بکرێتەوە، یان بەبێ یەکێتی حکومەت پێکبێت.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# حیزبە بچووکەکان هێشتا چاویان لە وەزارەتە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەرچەندە چاوەکان لەسەر ئەوان نین و پێشبینی ناکرێت مانەوەی ئەوان لە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان، لەمپەر لەبەردەم کابینەی نوێ دروستبکات، بەڵام حیزبە بچووکەکان، ئەوانەی تەنیا کورسییەکیان بەدەستهێناوە، یان نەگەیشتوونەتە پەرلەمانی کوردستان، سەرقاڵی خۆیەکلاکردنەوەن.

جێگری سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەڵێ پێشبینی دەکات لەم هەفتەیەدا شاندی پارتی جارێکی دیکە سەردانیان بکەنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەشداریکردنیان لە حکومەت "با ئەو گفتوگۆیە بکەین، ئەوکات رووندەبێ کە دەمانەوێ چی بکەین و قسەی خۆمان دەبێت".

بەهمەن حوسێن، لە کاتێکدا هەڵوێستی کۆتایی حیزبەکەی دەبەستێتەوە بە دوا کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندی پارتی کە هەموو وەزارەتەکان بەسەر پێنج لایەنە براوەکە و مەسیحی و تورکمانەکاندا دابەشکراون و دەبێ گفتوگۆکان داببەزنە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و دەستەکان. بەڵام ئەو بەرپرسەی زەحمەتکێشان، بەدووری نازانێ گفتوگۆ لەسەر وەزارەتی هەرێم، یان پۆستی دیکەش بکرێت "ئێمە هێشتا موفاتەحە نەکراوین بەشداری بکەین".

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دوو کابینەی رابردوودا وەزیرێکیان هەبوو بۆ رێکخستنی کارەکانی نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران، لەو ماوەیەش سەرۆکی دەستەی نەزاهەیان پێدرا، بەڵام پێدەچێ لە کابینەی نوێدا بەشدارییان پێنەکرێت "ئاساییە ئەگەر وەزارەتیشمان پێنەدرێ، گرنگ بەلامانەوە پێکهێنانی حکومەتە، بەڵام هێشتا دوا بڕیارمان نەداوە". بەهمەن حوسێن وایگوت.

پێکهێنانی کابینەی نوێ، زیاد لە هەموو پێشبینییەکان درێژبووەوە. ئێستا کە هەریەکە لە پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، رێککەوتنیان واژۆکردووە، هەموو شتەکان لە نێوان یەکێتی و شاندی پارتیدا ماوەتەوە کە ئایا بەشداریی لە حکومەتەکە دەکەن یان نا.

کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان گوتی ئەوان تەنیا لە گەڕی یەکەمی دانوستاندنەکاندا قسەیان لەگەڵ کراوە "لەوانەیە ئەم هەفتەیەش پەیوەندیمان پێوەبکەن و قسەی لەبارەوە بکەین".

عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، دەڵێ لایان روون نییە ئاخۆ بە چ شێوەیەک داوای بەشداریی سۆشالیست دەکەن لە حکومەتەکەدا، بەڵام بە دووریشی نەزانی وەزارەتی هەرێمیان پێبدرێ "گرنگ ئەوەیە ئەو حکومەتە بە قازانجی خەڵک پێکبێت و لەکاتی خۆشیدا قسەمان دەبێت کە ئایا بەشداریی بکەین یان نا".

حزبی سۆشیالیست، لەم کابینەیەی ئێستا وەزارەتی کارەبایان هەیە و لە سنووری پارێزگای سلێمانیش بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامێکیان هەبوو کە ئەویشیان لێوەرگیرایەوە. عەبدوڵڵا حاجی مەحموود دەڵێت سەرکردایەتی حیزبەکەیان، دوای دانیشتن لەگەڵ شاندی دانوستاندنکاری پارتی کۆبوونەوەیەک دەکەن و بڕیار دەدەن چ رێگایەک هەڵبژێرن.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئەیلولی 2013دا بۆ حیزبە بچووکەکان تاقیکردنەوەیەکی تاڵ بوو، چونکە زۆربەیان بە کورسییەک یان کەمتر لە یارییەکە هاتنە دەرەوە.

یەکەمین حیزبی یەکلابووەوە بۆ بوونە ئۆپۆزسیۆن، بزووتنەوەی ئیسلامییە. ئەو پارتە ئیسلامییە هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات ببێتە ئۆپۆزیسیۆن. مونیرە عەبدولعەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە دەڵێ "لە خۆئامادەکردنی تەواوداین ببینە ئۆپۆزسیۆن".

مونیرە عەبدولعەزیز دەڵێ بزووتنەوە گوێی لەوە نییە لە گۆڕەپانی ئۆپۆزیسیۆنبووندا تەنیا دەبێ یان نا و بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەربێت "خەریکی بەهێزکردنی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکەمانین و بە ئامادەکردنی بەرنامە و پرۆگرامی ئۆپۆزیسیۆنبوونەوە سەرقاڵین. بەرنامەیەکی تۆکمە و بەهێزی بۆ ئامادە دەکەین".

لە چوارساڵی رابردوودا، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە ئۆپۆزسیۆندا بوون و بزووتنەوەی ئیسلامی تاکە لایەنی ئیسلامی بوو لە نێو حکومەتدا، بەمەش رەخنەیەکی زۆری رووبەڕوو کرایەوە لەلایەن ئەو دوو پارتە ئیسلامییەوە. مونیرە عەبدولعەزیز دەڵێ دەمانویست بەشداری لە حکومەت بکەین "بەڵام گوتیشمان کە بەبێ وەزیر بەشداریی لەو حکومەتە ناکەین".

## لە ماوەی 4 ساڵدا

# پەرلەمانی عێراق تەنیا 134 رۆژ کاری کردووە

شرۆڤەکارێکی سیاسی:

## پەرلەمانی عێراق دەستبەتاڵترین پەرلەمانی جیهانە



لە ماوەی 4 ساڵدا 100 پەرلەمانتار ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان نەبوونە (فۆتۆ: AFP)

**عادل فاخیر**
**رووداو- بەغدا**

لەگەڵ ئەوەی عێراق بەرەو خولێکی دیکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەنگاو دەنێ لەم مانگەدا، زۆر لە عێراقییەکان نارازین لە کار و چالاکییەکانی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان و هیوایەکی کەمیان هەیە بۆ گۆڕانکاری لە پەرلەمانی داهاتوودا.

عێراقییەکان ئەو هەموو بەڵێنەی چوار ساڵ لەمەوبەریان لەبیر نەچووە. دەڵێن لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا هیچ یاسایەک تێنەپەڕێنرا کە ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیان و هێشتا بارودۆخی ئەمنیی عێراق لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و گەندەڵی تەواوی داوودەزگاکانی حکومەتی گرتووەتەوە.

عەلی موحسین، 33 ساڵ کە دانیشتووی بەغدایە، دەڵێ "پەرلەمانی عێراق وڵاتێکی دروستکردووە کە تێیدا نرخی ژیانی مرۆڤ هەرزانە و هەژاری ریشەی داکوتاوە و لاوازیی حکومەت رێی بۆ وڵاتانی ناوچەکە خۆشکردووە بە ئاسانی دەست وەربدەنە کاروبارەکانی عێراق".

محەممەد ئەلکابی، توێژەری سیاسی پێیوایە "لە جیهاندا هیچ پەرلەمانێک نییە ئەوەندەی پەرلەمانی عێراق دەستبەتاڵ بێت و بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگەڕێ".

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئەم دواییەی کۆمیتەی چاودێری پەرلەمانی، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا پەرلەمانتارانی عێراق تەنیا 134 رۆژ کاریان کردووە، ئەمە جگە لەوەی 100 پەرلەمانتاریان ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی نەبوون.

ئەلکابی گوتی "سیاسەتمەدارانی عێراق تەنیا سەرقاڵی ناکۆکییەکانی نێو خۆیانن و بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی گەل لە ئەجێندایاندا نییە". ئەلکابی ئەوەشی بە (رووداو) گوت "ناکۆکی باڵی بەسەر پەرلەماندا کێشاوە. ئەم ناکۆکییانە کە بە هەڵە بە ناکۆکی سیاسی ناودەبرێن، ئەنجامی ناکۆکی دەرەکین و بەهیچ جۆرێک پەیوەندییان بە لایەنی نیشتمانییەوە نییە".

ئەو کۆمیتەیە کە چاودێری چالاکییەکانی پەرلەمان دەکات، بەم دواییە بڵاویکردەوە کە زیاتر لە 100 پرۆژە یاسا لە پەرلەماندا پێشنیاز کراوە، بەڵام هیچکام لەو پرۆژانە تەنانەت خوێندنەوەی یەکەمیشیان بۆ نەکراوە.

لەنێو ئەو پرۆژە یاسایانەدا، یاسای نەوت و غاز هەیە کە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

بەبڕوای ئەلکابی، ئەندامانی پەرلەمان "داردەست"ی حیزبەکانیان بوون و هەر کارێکیان کردبێت تەنیا بۆ بەرژەوەندی و داهاتووی پارتەکانیان بووە.

گوتیشی "پەرلەمانتاران گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان دەدەن بەر لە هەرشتێکی دیکە". یاسای خانەنشینی پەرلەمانتاران بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "یاسای خانەنشینی بەخێرایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێپەڕێندرا بە ئامانجی دڵنیابوون لە مافی مووچەی خانەنشینی بۆ پەرلەمانتاران. بەهۆی ئەو هەموو پەلەپەلییەوە یاساکە چەندین کەموکوڕیی تێدایە".

بە تێڕوانینی ئەلکابی، پەرلەمانتارانی ئەم خولەی ئێستا ئەو دەسکەوتانەی لە دوای خۆیان جێی دەهێڵن بریتین لە ناکۆکی سیاسی لەسەر شتی بێ بایەخ و ناکۆکی حیزبایەتی و ناو و ناتۆرە و هاوارکردن کە ئەمانەش یارمەتیدەر نابن چ بۆ پەرلەمانی داهاتوو چ بۆ گەلی عێراق بەگشتی.

موحسین نیگەران بوو لەوەی کە پێناچێت خەڵکی هیچ گۆڕانکارییەک لە دەنگەکانیاندا بکەن. ئەو گوتی، ئەندامانی پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان سیستمێکیان دروست نەکردووە کە تێیدا هەڵبژاردن بتوانێ گۆڕانکاری دروست بکات.

ئەو گەنجە عێراقییە دەڵێت "هاووڵاتیان ئەو ئیختیارەیان لەبەردەم نییە کە بتوانن نەخشەی سیاسی وڵات بگۆڕن، لەبەرئەوەی پارتە سیاسییەکان بەپێی بەرژەوەندی تایفی کاردەکەن کە رێگەیان پێدەدات دووبارە و بەردەوام بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن سەرەڕای شکستەکانیان".

لە چوار ساڵی رابردوودا لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کۆنترۆڵی پەرلەمانی کردووە بەهاوکاری لیستە شیعیەکانی دیکەی ناو پەرلەمان. لیستی سوننەی ئەلعێراقیە بەردەوام بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کردووە و پەیوەندییەکی نزیک نەبووە لە نێوان پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا و پەرلەمانتارانی کورد.

"هیچ چارەسەرێک بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق نییە، جگە لە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی زۆرینە لە حکومەتی داهاتوودا" ئەمە وتەی سیرا عەباسی تەمەن 25 ساڵە کە مامۆستایە لە بەغدا.

خودی نوری مالیکی و پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حیزبەکەی زۆرجار ئەو پێشنیازەی سیرا عەباسیان بە گوێی نەیارانیاندا چرپاندووە. بۆیە لە ئەگەری سەرکەوتنی لیستەکەی مالیکی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دروستکردنی حکومەتی زۆرینە، ئەگەرێکی کراوەیە.

# کورد لە کەرکووک

# بە تەمای دەنگی تورکمان و عەرەبە



بانگەشەی" ناشارستانی" لەکەرکووک خەڵکی تووڕە کردووە (فۆتۆ: AFP)

**هیوا حوسامەددین**
**رووداو- کەرکووک**

لیستە کوردییەکان لە کەرکووک، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی جگە لە دانانی کاندیدی تورکمان و عەرەب لە لیستەکانیان، بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردنیان لەو شارە بە زمانی تورکمانی و عەرەبی دەکەن و دەڵێن جگە لە کورد، چاوەڕێن تورکمان و عەرەبیش دەنگیان پێبدەن.

لەو هەڵبژاردنەدا پێدەچێت چاوی چاودێر و شارەزا و میدیاکان زیاتر لەسەر شاری کەرکووک بێت، لەبەرئەوەی لە کەرکووکدا چەندین پێکهاتە پێکەوە دەژین و چەندین لیستی جۆراوجۆریان پێکهێناوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە بەغدا.

لە پارێزگای کەرکووک 841 هەزار و 753 کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کورد بە حەوت لیست، تورکمان بە دوو لیست و عەرەبیش بە 7 لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن. مەسیحییەکانیش بۆ کورسییەکی کۆتا سێ لیستیان دروستکردووە.

لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی عێراقدا کورد توانی زۆرترین دەنگ لەو پارێزگایە کۆبکاتەوە و 268 هەزار و 102 دەنگی بەدەستهێنا. بەڵام بەهۆی فرەلیستی نزیکەی 60 هەزار و 828 دەنگی فەوتا. بۆیە پێدەچێت ئەو فرە لیستییە ئەمجارەش بە زیانی کورد بشکێتەوە.

### "دەنگی عەرەب و تورکمان بۆ یەکێتییە"

ئاسۆ مامەند، لێپرسراوی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "بەداخەوە نەتوانرا یەک لیستی کوردی دروست بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە رێژەی دەنگ و کورسییەکانی 2010 ناکەینە پێوەر بۆ ئەم هەڵبژاردنە و چاوەڕێی زیادبوونی کورسیەکانمان دەکەین".

ئەو پێیوایە سەرۆکی لیستەکەیان د.نەجمەددین کەریم کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کۆکردنەوەی دەنگ بۆ یەکێتی "سەرۆکی لیستی یەکێتی دەنگێکی زۆری عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوورییەکانی کەرکووک دەهێنێ بەو کارانەی وەکو پارێزگاری کەرکووک لە خزمەتکردنی گەڕەکەکانی شارەکە ئەنجامیداوە".

بەڵام حیزبە بچووکەکان پێیانوایە کورد ناتوانێت بەهۆی دەنگدەری غەیرە کورد دەنگی زیاد بکات. سوعاد غازی، کاندیدی حیزبی شیوعی لە کەرکووک بۆ پەرلەمانی عێراق دەڵێت "پارتی و یەکێتی لە بانگەشەی ئەمجارەی هەڵبژاردندا هاووڵاتیانی کەرکووکیان بێزار کردووە، شەش کورسی دەنگدەری کوردیان لە چوارچێوەی خۆیاندا پاوانکردووە و رێگە بەزیادبوونی ئەو رێژەیە نادەن ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆیان نەبێت، بۆ نموونە ناهێڵن پارتێکی بچووک بێت و کار بۆ بردنی دەنگی خەڵکانێکی دیکە بکات کە کورد نین، ئەمەش وادەکات دەنگەکانی کورد لەو ئاستەی خۆی بمێنێتەوە و زیاد نەکات.

### "بانگەشەیەکی ناشارستانی"

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەیەوێت پارێزگاری لە پێنج کورسیەکەی بکات کە لە 2010 بەدەستی هێنابوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە کورسییەک رازی نییە و بانگەشەی زیادکردنی کورسیەکانی دەکات بۆ سێ کورسی. بزووتنەوەی گۆڕانیش دەیەوێت 36554 دەنگەکەی هەڵبژاردنی رابردووی بکات بە کورسییەک و سێ کاندیدی پیاو و ئافرەتێکی بۆ ئەو کورسییە داناوە.

کێبڕکێی ئەو سێ لایەنە بانگەشەی هەڵبژاردنی لەو شارەدا زۆر گەرم کردووە، بە تایبەتیش لە شەواندا، ئەوان جگە لەوەی شەقامەکان پڕ دەکەن، ناو بەناویش کلاشینکۆف و دەمانچەکانیان لە جامی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە دەهێننە دەرەوە و فیشەکی گڕدار دەگرنە ئاسمان. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی شارەکە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 30 هاووڵاتی بەهۆی تەقەی هەڕەمەکی بانگەشەکارانەوە بریندار بوون.

چالاک حەمە، 21 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوایە کە زۆربەی دانیشتووانەکانی کوردن، ئەو دەڵێت "زۆرجار تەقەی گرووپە توندڕەوەکان و بانگەشەکاران لەیەکدی جیا ناکەینەوە، لە کەرکووک بانگەشەیەکی زۆر ناشارستانیانە بەڕێوەدەچێت، تەقەکردن و هۆڕن لێدان تاوەکو درەنگانێکی شەو نابڕێتەوە".

بەبڕوای ئەو گەنجە، ئەو جۆرە بانگەشەیە کاریگەری لەسەر رێژەی بەشداریکردن لە دەنگدان دەبێت و دەڵێت "ئەگەر رەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت زۆر کەس بایکۆتی دەنگدان دەکەن".

### دەیانەوێت بە عێراقچێتی دەنگ کۆبکەنەوە

عەرەبەکانیش هاوشێوەی کورد حەوت لیستیان هەیە کە بەهێزترینیان (ئیئتیلافی عەرەبی)یە بە سەرۆکایەتی محەممەد تەمیمی، وەزیری ئێستای پەروەردەی عێراق. تەمیمی دەستی بە بانگەشەیەکی زۆر چڕوپڕ کردووە و وەکو خۆی دەڵێت "یەک ملیار دیناری تەرخان کردووە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن".

لە ساڵی 2010دا عەرەبەکان بە سێ لیست بەشداربوون کە لیستەکەی ئەیاد عەللاوی بەناوی (ئەلعێراقیە) لەگەڵ تورکمان بەشداری کردو توانی بە (211675) دەنگ شەش کورسی بەدەستبهێنن، هەرچی دەوڵەتی قانون و بەرەی تەوافوق و ئەحرار بوون نەیانتوانی کورسی بهێنن.

عەبدولڕەحمان موریشد عاسی، سەرۆکی لیستی بەرەی عەرەبی لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمجارەش موژدەی پاراستنی یەکڕیزی لە کەرکووک رادەگەیەنین کە چەندین هەڕەشەی گەورەشمان لەسەرە، بە تایبەت لەسەر کاندیدەکانمان کە تاوەکو ئێستا هەوڵی تیرۆرکردنی چواریان دراوە.

دروشمی زۆربەی لیستە عەرەبییەکانی کەرکووک لە بانگەشەدا یەکپارچەیی خاکی عێراقە، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ رەتکردنەوەی مادەی 140ی دەستووری عێراق کە رێگەی داناوە بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

عاسی دەڵێت "ئێمە بە دروشمەکانمان ئەمجارە دەنگەکانمان زۆر زیاتر دەکەین، بەتایبەتی کاتێک بە عەرەبەکان دەڵێین کەرکووک شارێکی عێراقییە، ئەوەش خەونی زۆر لایەن لەباردەبات کە دەڵێن دەنگی عەرەب بۆ عەرەب نییە".

### تورکمان ترسی لە دوو کورسییەکەی خۆی هەیە

ئەو دوو کورسییەی ئێستا تورکمانەکانی کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەران هەیانە، لە ئەنجامی هاوپەیمانێتییەک بە دەستهات لەگەڵ لیستی عێراقیە، بەڵام سەرۆکی بەرەی تورکمانی ترسی هەیە لەو دوو کورسییە، لەبەرئەوەی ئەمجارە تۆرهان موفتی، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان لیستێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەلایەن مالیکییەوە پشتگیری دەکرێت.

ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی دەڵێت "ئێمە وەکو تورکمان بە زۆر خۆمان راگرتووە لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی دەرحەق بە ئێمە دەکرێت، بەتایبەتی لە لێکردنەوەی پۆستەر و لێدانی پۆستەر لەسەر پۆستەرەکانمان". گوتیشی "کاندیدی پارتە کوردییەکان کە دەچنە گەڕەکە تورکماننشینەکان، داوا دەکەن دەنگ بە تورکمان نەدرێت و تەماحی پرۆژەی خزمەتگوزارییان پێدەدەن، بۆیە پێمانوایە ئەمجارە دەنگەکانی ئێمە مەترسی لەسەرە".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## زانکۆی سۆران دیدارێکی نەوت و گاز بەڕێوەدەبات

زانکۆی سۆران
SORAN UNIVERSITY

**ڕووداو-هەولێر**

د.هاوڕێ مەنسوربەگ، پسپۆری بواری نەوت و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سۆران بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە 21 و 2014/22/4 یەکەمین دیداری ساڵانەی نەوت و گاز لەلایەن زانکۆی سۆران لە ژێر ناونیشانی (نەوت و گازی هەرێمی کوردستان: نەگبەت یان ڕەحمەت؟) بەڕێوەدەبرێت. سەبارەت بەئامانجی زانکۆی سۆران لەئەنجامدانی دیداری ساڵانەی نەوت و گاز، د.هاوڕێ ئاماژە بەوەدەکات، کە ئامانجی سەرەکی زانکۆی سۆران لەو کۆبوونەوە ئەکادیمییە، تەنیا ئەوە نییە پرسی نەوت و گاز بە خەڵک ئاشنا بکات، بەڵکو دەیەوێت تەواوی ئەو ئەگەرانە تاوتوێ بکات، کە پیشەسازی نەوت و گازی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

### بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان:

# کارگە حکومیەکان 83%ی سەرمایەکانیان لەدەستدەدەن

■ کارگە ئەهلیەکان 30 هەزار هەلی کار دابین دەکەن

■ ژمارەی کۆمپانیاکان لە کوردستان 20 هەزاری تێپەڕاندووە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ساڵح قادر و ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان کە کۆپیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، حاڵی کارگە حکومییەکان لە کوردستان زۆر شڕە و قازانج سەری مایەی خواردووە. ئەو کارگانە نەک داهاتیان نییە، بگرە ساڵانە زەرەری زۆریش لە حکومەت دەدەن. بەڵام لەڕووی بەروبوومی کشتوکاڵی، بەتایبەتی دانەوێڵە، جوتیاران هەنگاوی گەورەیان هەڵێناوە و سایلۆکانیان پڕ کردووە لە گەنم و جۆ.

### تەنیا 4 کارگە بە دەست حکومەتەوە ماون

تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری 1991، سەرجەم کارگە گەورە و بەرهەمدارەکان بە دەست حکومەتەوە بوون، بەڵام دواتر پەیتا پەیتا ئەو کارگانە لەکار کەوتن و هیچ جووڵە و بەرهەمێکیان تێدا نەبوو جگە لە دەوام و هاتوچۆی فەرمانبەرانی حکومەت لەو کارگانەدا.

ئێستا حکومەت زۆربەی ئەو کارگانەی بەکرێداون، هەندێکیشیان هەر بە یەکجاری لەکارکەوتوون و ئەوانەشی بەدەست حکومەتەوەن بە پەنجەی یەک دەست دەژمێردرێن.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆی 10 کارگە حکومیەکەی پارێزگای هەولێر 8یان بەکرێدراون و دووشیان هەڵوەشێنراونەتەوە، کارگە هەڵوەشاوەکان بریتین لە رستن و چنین لە هەولێر و پوختەکردنی تووتن لە کۆیە.

پارێزگای دهۆکیش کە تەنیا 5 کارگەی حکومی تێدایە، یەکێکیان هەڵوەشێنراوەتەوە و چوارەکەی دیکەش بەکرێدراون.

بەڵام حاڵی پارێزگای سلێمانی لە دوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان باشترە کە خاوەنی 17 کارگەی حکومییە. 4 کارگەی ئەو پارێزگایە هێشتا بە دەست حکومەتەوەن، 9 کارگە بە کرێدراون و یەک کارگە کارناکات. دوو کارگەش هەڵوەشێنراونەتەوە.

### کارگە حکومییەکان 83%ی سەرمایەکەیان لەدەستداوە

هەرچەندە تەنیا چوار کارگە بە دەست حکومەتەوەن، بەڵام خشتەیەکی وەزارەتی بازرگانی کە لە ئاماری چالاکییەکانی ئەو وەزارەتە بۆ ساڵی 2013 بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە خەرجی و داهاتی هەندێک لەو کارگانە دەکات.

بەپێی ئەو خشتەیە، تاکە کارگە کە داهاتەکەی لە خەرجییەکەی زیاتر بێت، کارگەی سەهۆڵی کفرییە کە خەرجییەکەی لە ساڵی 2013دا 5 ملیۆن و 559 هەزار دینارە و داهاتەکەشی لە ماوەی ئەو ساڵەدا 17 ملیۆن و 613 هەزار دینار بووە.

بە کارگەی سەهۆڵی کفرییەوە 8 کارگە خەرجییان لەسەر حکومەتە، هەرچەندە چواریان بەکرێدراون. خەرجی ئەو 8 کارگەیە لە ماوەی ساڵی رابردوودا 5 ملیار و 549 ملیۆن و 290 هەزار دینار بووە. داهاتیشیان تەنیا 917 ملیۆن و 294 هەزار دینار بووە. بەمەشدا جیاوازی نێوان خەرجی و داهات 4 ملیار و 631 ملیۆن و 995 هەزار دینار بووە.

لەو جیاوازی خەرجی و داهاتەوە دەردەکەوێت کە کارگەکانی حکومەت لە ماوەی ساڵی رابردوودا نەک داهاتیان نەبووە، بگرە 83%ی سەرمایەیان لەدەستداوە و زیانی زیاتر لە 4.6 ملیار دینار زەرەریان لە حکومەت داوە.

لەنێو کارگە حکومییەکاندا کارگەی پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی زۆرترین خەرجی هەبووە کە زیاتر لە 3 ملیار و 166 ملیۆن دینار بووە، بەڵام داهاتەکەی 850 ملیۆن دینار بووە.

ئەحمەد حوسێن، وتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لەبارەی خەرجیی ئەو کارگانە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو خەرجیانە تەنیا مووچەی فەرمانبەرانە". گوتیشی "هەرچەندە هەندێک لەو کارگانە دراونەتە کەرتی تایبەت، بەڵام هێشتا مووچەی فەرمانبەرانیان لەسەر حکومەتە".

### تێکرای هەلی کار لە کارگە ئەهلییەکان 89%یە

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە هەرێمی کوردستاندا 3370 کارگەی ئەهلی هەن کە بەسەر 24 جۆر چالاکیدا دابەشکراون، بە سەرجەم ئەو کارگانە 30 هەزار و 82 هەلی کاریان دابینکردووە. بەپێی ئەو ئامارە دەردەکەوێت کە تێکڕای هەلی کار لەو کارگانەدا 89%یە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، سەرمایەی سەرجەم کارگە ئەهلییەکان 4 ملیار دۆلار و 610 ملیۆن و 71 هەزار دۆلار بووە. زۆرترین سەرمایەش سەرمایەی 3 کارگەکەی چیمەنتۆیە لە سلێمانی کە یەک ملیار و 390 ملیۆن دۆلارە. دوای ئەویش پیشەسازی کانزا نافلزییەکانە کە سەرمایەیان ملیارێک و 23 ملیۆن و 250 هەزار دۆلارە.

### بیناسازی لە پلەی یەکەمدایە

بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، زۆرترین کارگەی ئەهلی لە بواری بیناسازیدایە کە 1094 کارگەن. دوای ئەو کارگە فلزییەکانە کە 914 کارگەیە، کارگە پلاستیکییەکانیش بە پلەی سێیەم دێن بە 454 کارگە، پلەی چوارەمیش بەر کارگەکانی خۆراک کەوتووە بە 291 کارگە.

بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ناوبراو، ساڵ بە ساڵ ژمارەی کارگەکانی کەرتی تایبەت زۆرتر دەبن، بە جۆرێک لە ساڵی 2011دا مۆڵەت دراوەتە 307 کارگە بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە ساڵی 2012دا ئەو ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ 361 مۆڵەت و لە ساڵی رابردووشدا 414 مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە لە وەزارەت دراوە.

زۆرترین مۆڵەتیش لە ساڵی رابردوودا دراوەتە کارگەی بیناسازی کە 110 مۆڵەت بووە، ئەوەش دەریدەخات کە ڕۆژ بە ڕۆژ کەرتی نیشتەجێبوون لە برەودایە. تەنانەت کارگە ناوخۆییەکانیش فریای دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی ئەو کەرتە ناکەون و بەشێکی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت وەک چیمەنتۆ، شیش، بلۆک، کاشی و.. هتد.

### هەلی کار لە هەولێر دوو ئەوەندەی سلێمانی و دهۆکە

سەبارەت بە دابەشبوونی کارگەکانیش بەپێی پارێزگاکان وەک لە ئامارەکەدا هاتووە، زۆرترین کارگەی کەرتی تایبەت دەکەونە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 58%، سلێمانی بەڕێژەی 27% و دهۆکیش بە ڕێژەی 3%.

لەبارەی هەلی کاریش، پارێزگای هەولێر زۆرترین هەلی کاری تێدایە بەڕێژەی 53%. دوای ئەویش سلێمانی دێت بەڕێژەی 24% و دهۆکیش بە ڕێژەی 14%. هەروەها سێ کارگەکەی چیمەنتۆش 9%ی هەلی کاریان بەردەکەوێت.

### دهۆک لە بەرهەمی دانەوێڵە یەکەمە

هەرچەندە بەردەوام گلەیی لە چۆڵبوونی گوندەکان و پاشەکشەی بەربوومی ناوخۆیی دەکرێت، بەڵام بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی ساڵ بە ساڵ بەروبوومی کشتوکاڵ بە تایبەتی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ ڕوو لە زیادبوونە. بۆ نموونە لە ساڵی 2008 سایلۆی هەولێر تەنیا 5 تۆن گەنمی لە جوتیاران وەرگرتبوو، بەڵام ساڵی رابردوو گەیشتووەتە 210 هەزار و 887 تۆن.

بەپێی ئامارەکە، پارێزگای دهۆک لە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە پلەی یەکەمدایە، بە جۆرێک لە ماوەی 5 ساڵی رابردوودا ملیۆنێک و 130 هەزار و 700 تۆن گەنم و 53 هەزار و 911 تۆن جۆی هەبووە.

جوتیارانی پارێزگای هەولێریش لە ماوەی ئەو 5 ساڵەدا 636 هەزار و 637 تۆن گەنم و 82 هەزار و 200 تۆن جۆیان تەسلیمی سایلۆکان کردووە. هەرچی جوتیارانی پارێزگای سلێمانیشە، لەو ماوەیەدا 588 هەزار و 186 تۆن گەنم و 6 هەزار و 779 تۆن جۆیان لەلایەن حکومەتەوە لێ کڕدراوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی 5 ساڵی رابردوودا حکومەت 2 ملیۆن و 498 هەزار و 413 تۆن گەنم و جۆی لە جوتیارانی کوردستان کڕیوەتەوە.

### هەر هاووڵاتییەک چەند بایەعی وەرگرتووە؟

بەپێی خشتەیەکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە ساڵی رابردوودا تەنیا چوار جۆر خۆراک لە ڕێی بریکارەکانی خۆراکەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشکراون (شەکر، زەیت، برنج و ئارد) ئەمە لە کاتێکدایە کۆبۆنی خۆراکی هاووڵاتیان زۆر مادەی دیکەی لەسەرە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە ساڵی رابردوودا 39 هەزار و 24 تۆن شەکر، 50 هەزار و 645 تۆن زەیت، 149 هەزار و 10 تۆن برنج و 508 هەزار و 554 تۆن ئارد بەسەر هاووڵاتیانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) دابەشکراوە.

بەپێی ئامارێکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئەو کەسانەی فۆرمی خۆراکیان لەو سێ پارێزگایەیە 4 ملیۆن و 429 هەزار و 542 کەسە.

### 2081 شوێن سزا دراون

لە وەزارەتی بازرگانیدا بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە بۆ چاودێری بازاڕ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ساڵی رابردوودا سەردانی چەندین دوکان و سەمونخانە و نانەواخانە و سوپەر مارکێتی کردووە و بەشێکی بەهۆی سەرپێیچییەوە سزاداون.

بەپێی ئامارەکان، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ساڵی رابردوو سەردانی 33 هەزار و 896 سەمونخانە و نانەواخانەی کردووە و 1001 شوێنی سزا داوە. هەروەها چاودێری 11 هەزار و 71 دوکانی کردووە 490 دوکانی سزا داون.

هەر ئەو بەڕێوەبەراتییە چاودێری 9306 سوپەرمارکێتی کردووە و 459ی سزا داون. چاودێری 6185 بریکاری خۆراک و ئاشی کردووە و 4یانی سزا داون و مۆڵەتی 13ەشی هەڵوەشاندووەتەوە. چاودێری 1457 چێشخانەی کردووە و 39یانی سزا داون، چاودێری 1812 کۆمپانیا و کۆگای کردووەو 48یانی سزا داون.

کارگەکانیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری چاودێری کراون. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ساڵی رابردوودا سەردانی 1843 کارگەی کردووە و پشکنینی تاقیگەیی بۆ 6563 بەرهەمی کارگەکان کردووە. لە ئەنجامدا 138 خاوەن کارگەی لە سەرپێچییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە و سزای 29 خاوەن کارگەی داوە و 11 کارگەشی داخستووە. داهاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش لە ساڵی رابردوودا 96 ملیۆن و 406 هەزار و 500 دینار بووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە لە ماوەی ساڵی رابردوودا 2081 شوێنیان سزا داوە.

### توانای کارگەکانی چیمەنتۆ

بەشێکی زۆر لەو چیمەنتۆیەی لە کەرتی بیناسازی و باڵەخانەکان و کۆنکرێتکردنی گەڕەک و شەقامەکاندا بەکاردەهێنرێت بەرهەمی کارگە خۆماڵییەکانە کە سێ کارگەن و دەکەونە پارێزگای سلێمانی (تاسلوجە، بازیان و ماس). ئەو کارگانە یەکەمیان لە ساڵی 1985 دامەزراوە، دووەمیان لە ساڵی 2009 و سێیەمیشیان لە ساڵی 2012 دامەزراوە.

بەپێی ئەو ستانداردەی بۆیان دانراوە، دەبووایە ئەو سێ کارگەیە 9 ملیۆن تۆن بەرهەمیان هەبووایە، بەڵام بەرهەمی هەرسێکیان لە ساڵی رابردوودا 8 ملیۆن و 300 تۆن بووە. کارگەی چیمەنتۆی ماس زۆرترین چیمەنتۆی بەرهەم هێناوە کە 3 ملیۆن و 700 هەزار تۆن بووە. بازیان 2 ملیۆن و 500 هەزار تۆن و تاسلوجەش 2 ملیۆن و 100 هەزار تۆن بەرهەمی هەبووە.

### ژمارەی کۆمپانیاکان لە کوردستان 20 هەزاری تێپەڕاند

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی، ساڵ بە ساڵ ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵی و دەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوویان لە زیادبوونە. بە جۆرێک تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو ژمارەیان گەیشتووەتە 19 هەزار و 516 کۆمپانیا و تەنیا لە ساڵی رابردوودا 444 کۆمپانیای تازەی بیانی تۆمار کراون.

هەروەها بەپێی دوایین ئامار تاوەکو 2014/4/1 ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە گەیشتووەتە 20830 کۆمپانیا (18 هەزار کۆمپانیای خۆماڵی و 2830 کۆمپانیای بیانی).

سەرەڕای دواکەوتنی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی حکومەت بەهۆی گەمارۆی دارایی بەغدا بۆ سەر هەولێر، بەڵام ئابووریی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەسەندندایە بە تایبەتی داهاتی ساڵانەی تاک و زیادبوونی داهاتی بەرهەمی خۆماڵی.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی، داهاتی گشتی بەرهەمی خۆماڵی (GDP) لە کەرتی وەبەرهێنان لە ساڵی رابردوودا 3.9 ملیار دۆلار بووە، هەمان داهات لە کەرتی بازرگانی 3.1 ملیار دۆلار بووە. لە کەرتی پیشەسازیش 5.4 ملیار دۆلار بووە. بە هەرسێ کەرتەکەش 12.4 ملیار دۆلار داهاتیان هەبووە.



سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان:

# شانازی بەوە دەکەم کە پێشتر پاسەوان بووم

د.یوسـف محەممەد سـادق، سـەرۆکی فراکسـیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان. ژیانی سیاسی ئەو پەرلەمانتارە گەنجە بە پاسەوانیی بارەگایەکی یەکگرتووی ئیسلامی دەستپێدەکات، بەڵام ئەگەر لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی رابردوو بگەنە ڕێککەوتن، ناوی د.یوسـف سەرلیسـتی ئەو ناوانەیە کە بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پێشنیاز دەکرێ. یوسـف محەممەد بەبیانووی ئەوەی هێشـتا پرسـی دەستنیشـانکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلایی نەبووەتەوە، ئامادە نەبوو قسە لەسەر کاری داهاتووی لە پەرلەمانی کوردستان بکات.

هەڤپەیڤین: مەحمود یاسین کوردی

## گوشاری دەرەکی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان نییە

**ڕووداو: ئـەوەی لە نێوان پارتی و گۆڕان ئیمزا کرا، شـتێکی چاوەڕوانکـراو بوو یان موفاجەئە بوو؟**

**د.یوسـف محەممەد:** دوای شـەش مانگ لـە دانوسـتاندن و گفتوگۆکردن لـە نێوان سـەرجەم لایەنـە براوەکانـی هەڵبژاردنـی 21ی ئەیلولی 2013 جۆرێک لە لێکگەیشتن و نزیکبوونـەوە هاتەئـاراوە. بـە تایبەتـی لـە دوو هەفتـەی کۆتایـی هـەردوو لایەنی گـۆڕان و پارتی گەیشـتنە ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانـی کابینەی هەشـتەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان. بۆیە ئـەم ڕێککەوتنە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ڕێککەوتنەکەش تەنیـا پەیوەسـتە بـە بەرنامە و شـێوازی دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت.

**ڕووداو: پێتانوایـە گـۆڕان ئیسـتیحقاقی تـەواوی خـۆی وەرگرت، یـان تەنازولی بۆ پارتی کردووە؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** گـۆڕان پێداگـری تـەواوی لەسـەر ئـەوە کـرد کـە دەنگـی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان ببێتە سـەنگ و پێـوەر بـۆ پێکهێنانـی حکومـەت، لـە دوای سـاڵی 1992 بۆ یەکەمجـارە دەنگی هاووڵاتی ئەوەندە سەنگ و قورسایی دەبێت کـە شـوێنگۆڕکێ بەهێـزە سیاسـییەکانی دەسەڵات دەکات. ڕەنگە ئێستا ئەمە زۆر بە باشـی نەچەسپێ و بە تەواوی بە دڵی ئێمە نەبێـت، بـەڵام هەنگاوی زۆر گـەورە نراوە بـۆ ئەوەی هێـزە سیاسـییەکان بەگوێرەی ئیسـتیحقاقی خۆیـان بەشـداری حکومەت بکەن.

**ڕووداو: کەواتـە ئێـوە لە ئیسـتیحقاقی خۆتان ڕازین؟**

## خوازیارین یەکێتی بەشداری حکومەت بێت

## نامانەوێ زۆنی سەوز یان زەرد بۆ زۆنی نیلی بگۆڕین

**د.یوسـف محەممـەد:** گـۆڕان توانـی ئیسـتیحقاقی خۆی وەربگرێـت، ئەگەرچی هەندێـک نەرمیشـمان نوانـد بـۆ ئـەوەی حکومەت زوو پێکبهێنرێ، بۆ ئەوەی بۆشایی تەشریعی و تەنفیزی لە هەرێمی کوردستان کۆتایـی بێـت، لـەوە زیاتـر هاووڵاتیانـی کوردستان زەرەرمەند و چاوەڕوان نەبن.

**ڕووداو: شاندێکی ئێران هەفتەی رابردوو لـە هەرێمـی کوردسـتان بـوون، ئـەوان کاریگەرییان لەسەر ئێوە و پارتی هەبوو؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** گوشـاری دەرەکـی هیـچ کاریگەرییەکـی لەسـەر بزووتنـەوەی گـۆڕان نییـە، چونکـە جگە لـە پەیوەندی ئاسـایی لەگـەڵ دەوڵەتانی دراوسـێ، هیچ پەیوەندییەکـی تایبەت بەم دەوڵەتانـەوە نامانبەسـتێتەوە. سـەبارەت بـە دانوسـتاندنەکانی ئەم دواییـەش هیچ فشـارێکی دەرەکـی نەبوو بـۆ ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە، بەتایبەتی لەلایەن کۆماری ئیسـلامیی ئێرانەوە، ئەسڵەن ئەو هەواڵ و دەنگۆیانە بڵاودەکرانەوە ئەسڵ و ئەساسیان نەبـوو. ئەوەی وایکرد ئێمە و پارتی بگەینە ڕێککەوتـن بریتـی بـوو لە دانوسـتاندن و گفتوگـۆکان. دیـارە پارتیش گەیشـتە ئەو قەناعەتەی کە پێویسـتە کۆتایی بەو دۆخە بهێنرێت، چیدی پەرلەمان نائەکتیڤ نەبێت و بۆشـایی یاسـایی و تەنفیـزی بـەردەوام نەبێت.

**ڕووداو: چـی وایکـرد پارتـی قەناعەتی بگۆڕێـت و چاوەڕێـی هاوپەیمانـە ستراتیژییەکەی نەکات؟**

**د.یوسف محەممەد:** من لە جیاتی پارتی ناتوانـم وەڵام بدەمـەوە، پێویسـتە ئـەو پرسیارە لەوان بکرێ.

**ڕووداو: لـە دەرەوەی ئـەوەی لـە نێوان گۆڕان و پارتی ڕاگەیەندرا، ئێوە ڕێککەوتنی دیکەی هاوشێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیتان ئیمزا نەکردووە؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** نەخێـر، ئێمـە ڕێککەوتنی سـتراتیژیمان ئیمزا نەکردووە، بەڵکـو ڕێککەوتنمـان لەگـەڵ پارتـی کـردووە وەکـو هێزی دووەمی کوردسـتان بـۆ پێکهێنانـی کابینەی نوێـی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان کە مـاوەی 6 مانگە دواکەوتووە.

**ڕووداو: هەندێـک لایەن گومـان دەکەن ئەم ڕێککەوتنە لەسـەر بنەمای بەردەوامی دوو ئیدارەیی کراوە، واتە گۆڕان دەستکاری سـنووری قەڵەمـڕەوی پارتی نـاکات، هەر بۆیـەش پارتی بەو پۆسـتە ئەمنییە ڕازی بـووە کـە گـۆڕان داوای دەکـرد، ئێـوە دەتانـەوێ زۆنە سـەوزەکە بکەنـە نیلی و زۆنە زەردەکەش لە شوێنی خۆی؟**

**د.یوسـف محەممەد:** شـتی وا لە ئارادا نییـە، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە ئاراسـتەی ئیشـکردنی بزووتنـەوەی گـۆڕان ئەوەیـە دامودەزگاکانـی دەوڵەتی بە دامەزراوەیی و نیشـتیمانی بکرێت، چیدی دوو ئیدارەی و زۆنی سەوز و زەرد نەمێنێ، نامانەوێ زۆنی سـەوز یان زەرد بـۆ زۆنی نیلـی بگۆڕین، دەمانەوێ هەرێمی کوردسـتان یەک پارچە بێت لەسـەر بنەمای لامەرکەزیەتی ئیداری و دابەشـکردنی دەسەڵاتەکان و زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگاو یەکە ئیدارییەکان.

**ڕووداو: لە ماوەی دانوسـتاندنتان لەگەڵ پارتـی ئەوەتـان بە راشـکاوانە بـە پارتی گوتـووە کە ئێـوە وەزارەتتان بـە تەواوی دەسـەڵاتەکانەوە دەوێت نەک دەسەڵاتی لە هەولێر و دهۆک نەبێت؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** وەزیـر لـە وەزارەتەکەی بە گوێرەی یاسا ئیش دەکات، هەمـوو سـەڵاحیەتێکیش لـە یاسـاکەدا هاتـووە، وەزیرەکانـی ئێمەش بـە تەواوی سەڵاحیەتیانەوە لە هەموو کوردستان ئیش دەکەن بەبێ کەم و زیاد.

**ڕووداو: ئەم قسەیەتان بە پارتی گوتووە کـە وەزیرەکانی گۆڕان دەبـێ لە هەولێر و دهۆکیش سەڵاحیەتیان هەبێت؟**

**د.یوسـف محەممەد:** بەڵێ بە راشکاوانە ئەو قسەیەمان لە دانوستاندنەکان گوتووە.

**ڕووداو: لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، پارتی مەیلێکـی هەبوو لەگـەڵ یەکێتی حکومەت دروسـت بکات وەکو جاری پێشـوو، بەڵام یەکێتی حکومەتی بنکەفراوانی کردە مەرج، بۆچـی ئێوە زوو لەگەڵ پارتی ڕێککەوتن و یەکێتیتان بەجێهێشت؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** کـەس کەسـی بەجێنەهێشـتووە، یەکێتـی دانوسـتاندن و گفتوگـۆی لەگـەڵ پارتـی هەبـووە، لەم سـەروبەندەش کۆمەڵێـک وەزارەت بـۆ یەکێتـی پێشـنیاز کـراون کـە لەوانەیە لە ئیسـتیحقاقی خۆشـیان زیاتـر بێت، بەڵام ئەمـەش ڕاوەسـتاوەتە سـەر گفتوگـۆ و ڕێککەوتنی لایەنی یەکەم و سـێیەم. ئێمە خوازیارین یەکێتی بەشداری حکومەت بێت.

**ڕووداو: یەکێتـی نیگەرانـە لـە ئێـوە و پارتی چونکە بەبێ حسـابکردن بۆ پشکی یەکێتی زوو لەسـەر پۆستەکان ڕێککەوتن، پێتوایـە ئێسـتا دەتوانرێـت دەسـتکاری پێکهاتەی کابینەکە بکرێت؟**

**د.یوسـف محەممەد:** هەروەکو باسمکرد ئێمـە لەگەڵ ئەوەین کـە دەنگ و متمانەی هاووڵاتیـان بکرێتـە پێوەر بـۆ پێکهێنانی حکومـەت و دابەشـکردنی پۆسـتەکان. ئەوە خەڵکی کوردسـتانە ئێمەی کردووەتە هێـزی دووەم، بۆیـە بـە مافـی خۆمانـی دەزانین پارێزگاری لە سەنگ و قورسایی و ئیستیحقاقی دەنگی دەنگدەرانمان بکەین.

**ڕووداو: ئێـوە پێتانوایە یەکێتی زیاتر لە قەبارەی خۆی داوا دەکات؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** ئێمـە وەکـو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی مانگی 3ی ئەمساڵ پڕۆژەیەکمان خستە بـەردەم سـەرجەم لیسـتەکان بۆ هەژمارکردنـی خاڵبەنـدی لـە پێکهێنانـی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان، بەڵام وەڵامـی ئیجابیمـان وەرنەگـرت ئەگەر ئەو کاتە لەسەر ئەو بنەمایە پۆستەکان دابەش کرابایە دەردەکەوت کە هەر لایەنە قەبارەی خـۆی چەنـدە و بە گوێرەی ئیسـتیحقاقی خۆی بەشداری حکومەتی دەکرد.

**ڕووداو: گـۆڕان و پارتـی بەبـێ یەکێتی دەتوانـن ئیـدارەی ئەم هەرێمـە بکەن، لە کاتێکدا لە پێنجوێنـەوە تا دێگەڵە هەر لە دەزگای زانیاری و دژە تیرۆر و پێشمەرگەو پارە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتییە؟**

**د.یوسـف محەممەد:** ئێمە پێمانوایە کە پێویسـت دەکات هەمـوو داودەزگا ئەمنی و هەواڵگرییـەکان بـە نیشـتیمانی بکرێن، ناکرێت تا قـەرەی قیامەت چاوەڕێ بکەین کـە دەزگا ئەمنییـەکان لەلایـەن ئەو دوو حیزبەوە بەڕێوەببرێن، لەسەر دوو ئیدارەیی و دوو زۆنـی بـەردەوام بـن، هێزەکانـی ئاسایشـی و پێشمەرگەو هەواڵگری لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە تەمویلی دارایی ناکرێن تا لە سـەریان تاپۆ بکرێت، بەڵکو لە ماڵی گشـتی و بودجـەی هەرێمـەوە مووچـە و پێداویسـتیەکانیان دابیـن دەکـرێ، بۆیـە پێویسـتە بـە زووتریـن کات ئـەم هێزانە بـە نیشـتیمانی بکرێن نەک ببنـە ئامرازی حیزبی.

## وەزیرەکانـی ئێمـە لە هەولێـر و دهۆک دەسەڵاتی تەواویان دەبێت

## هەڕەشـەی هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی ئەو حیزبە دەکاتە دەرچوو لە یاسا

## ئەو وەزارەتانەی بـۆ یەکێتی دانراون لە ئیستیحقاقی خۆیان زیاترە

**ڕووداو: هەسـت ناکەی ئێـوە ئەزموونی فەتح و حەماس دووبارە دەکەنەوە، وەزیری پێشـمەرگە کـە گۆڕانـە چـۆن دەتوانـێ دەسـەڵاتی بەسـەر یەکە سـەربازییەکاندا هەبێت کـە یەکێتین، هەسـت ناکەن ئێوە واقیعی نین، باشـترین نموونەش قسەکانی لاهور تاڵەبانییە؟**

**د.یوسف محەممەد:** هەندێک سەرکردەی یەکێتـی هەڵەی گەورە دەکـەن کە دەڵێن بڕوایان بە دیموکراسـی نییە، دەیانەوێ بە توندوتیژی و هەڕەشـە کێشە سیاسییەکان چارەسـەر بکـەن، دوور نییە ئـەو لێدوانە هەڕەشـەئامێزانەی هەندێـک سـەرکردەی یەکێتی ببێتـە ڕایەکی زاڵی ناو ئەو حیزبە و یەکێتی بکاتە حیزبێکی دەرچوو لە یاسا.

## هەندێک سەرکردەی یەکێتی هەڵەی گەورە دەکەن کە دەڵێن بڕوایان بە دیموکراسی نییە

**ڕووداو: پـاش ڕێککەوتنتـان لەگـەڵ پارتـی، پێتانوایە لـەم هەڵبژاردنەی 30ی نیسان دەنگی خۆتان بە زیادەوە دەهێنن؟**

**د.یوسـف محەممەد:** ئێمە ڕێککەوتنمان بۆ پێکهێنانـی حکومەت کردووە، توانیمان ئـەو مەبدەئـەی خۆمـان بچەسـپێنین کە حەقـی خۆمان وەربگرین لـەو پێکهاتەیەی حکومەت، بۆیە بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەی گـۆڕان لەم هەڵبژاردنە بـە زیادەوە دەنگی 21ی ئەیلولـی 2013 دەهێنێتەوە، چونکە ئەوەی ویسـتمان بە دەسـتمان هێناوە کە خـۆی لە چەنـد وەزارەتێک لە سـەبەتەی جیـا جیای ئەمنـی و دارایی و وەبەرهێنان و خزمەتگوزارییـەکان دەبینێتـەوە و هەوڵدەدەیـن لەڕێیانـەوە خزمەتی زیاتری هاووڵاتیـان بکەیـن تاوەکـو متمانـەی هاووڵاتیان لە دەست نەدەین، بەڵکو هەوڵی بە دەسـتهێنانی متمانـە و دەنگی زیاتری هاووڵاتیان بدەین.

**ڕووداو: ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتـی دەڵێ: ئـەو ڕێککەوتنـەی گۆڕان و پارتی دەکەینە کەرەسـتەی بانگەشـەی هەڵبژاردن؟**

**د.یوسف محەممەد:** ئەوان ئازادن باسی چـی دەکـەن و چـۆن بانگەشـە دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمەش قسەی خۆمان دەبێـت لەسـەر پێکهێنانـی حکومـەت و ئـەو ڕێککەوتنـە و چوونـی گـۆڕان بۆ ناو دەسەڵات.

**ڕووداو: ئەمجارەش دڵنیان لە سلێمانی و هەڵەبجە یەکەم دەبن؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** ئێمـە پێمانوایـە لـە پارێزگاکانـی سـلێمانی و هەڵەبجـە دەنگەکانمان لە هەڵکشـانە، پشت بە خوا یەکەم دەبین.

**ڕووداو: لـە هەڵەبجـە جۆرێـک لـە حەساسـیەت لـە نێوان ئێـوە و یەکگرتوو دروست بووە؟**

**د.یوسـف محەممەد:** هەوڵدەدەین خۆمان لە پەرچەکـردار بپارێزین و بەشـێوەیەکی دروسـت و باشـتر بانگەشـەی خۆمـان دەکەیـن، قەناعەتمان وایە لەسـەر بنەمای ئـەو داکۆکـی و خزمەتانـەی کـە گـۆڕان دەتوانـێ بیکات بۆ کەسـوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتـووان لە هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکە، دەتوانێ متمانەی زۆرینەی پارێزگای هەڵەبجە بە دەست بهێنێتەوە.

**ڕووداو: پێـش هەڵبژاردنەکان ڕێکخەری گشـتی بزووتنـەوەی گۆڕان گوتـی: ئێمە لەسـەر وەعـدی خۆمـان بەردەوامین بۆیە گەنجێکمان کردووەتە سەرۆکی لیست، ئەم وعدەی نەوشـیروان مسـتەفا بەردەوامە بۆ ئەوەی تۆ ببیتە سەرۆکی پەرلەمان؟**

**د.یوسف محەممەد:** من سەرۆکی لیستی بزووتنـەوەی گـۆڕان بووم لـە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان و بەو هۆیە ئێسـتا سـەرۆکی فراکسـیۆنی گۆڕانم، لـە ڕۆژانی داهاتـووش ئـەوە یەکلا دەبێتـەوە کە کێ کاندیـدی گۆڕانـە بۆ سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان، مـن نامـەوێ هیچ قسـەیەک لەسەر ئەو بابەتە بکەم جارێ.

## ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی شتێکی چاوەڕوانکراو بوو

## ڕێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ پارتی ئیمزا نەکردووە

**ڕووداو: بـەڵام هەمـوو ئاماژەکان بـۆ ئەوەیە کە تۆ کاندیدی گۆڕانی بۆ سەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان، پێشـبینی ژیانی سیاسی خۆت دەکرد بۆ ئەم ڕۆژە؟**

**د.یوسـف محەممـەد:** لـەو ڕۆژەی کـە بڕیارمدا بێمەوە ناو ژیانی سیاسـی، هەموو کارێکـم بـە ئـەرک سـەیر کـردووە و زۆر جـاران ئەو کارانـەی کە پێم سـپێردراون لەسـەر ژیانی تایبەتی خـۆم و خێزانەکەم کەوتووە، بـەڵام هەوڵمـداوە هەموو ئەرک و بەرپرسـیارێتییەک بەباشـی و دڵسۆزی و ئەمانەتـەوە جێبەجـێ بکـەم، لە ئەرکی داهاتووشـمدا بـە هەمـان ڕووحیـەت کار دەکـەم، شـانازییەکی گەورەیـە بـۆ من و گەنجانـی نـاو بزووتنەوەی گـۆڕان کە ئەم بزووتنەوەیـە گەنجێکی لـە بنەماڵەیەکەوە کە دەسەڵاتدار نەبووە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمـان کاندیـد دەکات کـە یەکێکە لە پۆستە هەرە باڵاکانی کوردستان.

**ڕووداو: لەو سەردەمەی کە قوتابی زانکۆ بووی لـە هەولێر، ڕازی نەبـووی مووچەی بندیـوار وەربگـری، بەڵکـو پاسـەوانیت دەکرد؟**

**د.یوسف محەممەد:** ئەوە ڕاستە، من لە ژیانمدا هەندێک کات بە قۆناغی سـەخت و دژوار و ناخۆشدا تێپەڕیوم، باوکم مامۆستا بـوو بژێـوی ژیانی مامۆسـتایان لە هەموو کوردسـتان لە ئاسـتێکی زۆر خـراپ بوو، کاتێک لە کۆلێژی یاسـا و رامیاری زانکۆی سـەڵاحەدین وەرگیرام پێویسـتم بەوە بوو کارێـک بکەم تا بژێـوی ژیانم بە حەڵاڵی و سەربەرزانە دابین بکەم، هەروەکو ئاماژەت پێکـرد مـن کاری پاسـەوانیم دەکـرد بـە شانازییەوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە وەکو هـەر کارێکـی دیکەی وەک مامۆسـتایەتی زانکۆش.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## بودجە سینەمای سلێمانی پەکدەخات

**میوا سەڵاح – هەولێر**

نەبوونی بودجە بەشی سینەمای سلێمانی پەکخستووە و بەڕێوەبەری سینەمای سلێمانیش دەڵێت لەبەر بێ پارەیی هەموو پرۆژەکانمان هەڵوەشاوەتەوە. کامەران نووری، بەڕێوەبەری سینەمای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "چەندین پرۆژەی گەورەمان بۆ ئەمساڵ لەبەرنامەدابوو، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە تەواوی پرۆژەکەمان وەستاون، وەک پرۆژەی فێستیڤاڵی سینەمایی و بەرهەمهێنانی چەندین فیلمی کورت و درێژ، لەگەڵ وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبی سینەمایی." هەروەها گوتیشی کە ساڵی ڕابردوو چەندین فیلمی باشیان بەرهەم هێنا و لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەشدارییان کرد.



### کەژێ هاوتا ئەسعەد بۆ (ڕووداو):

# متمانەم بەخۆمە بگەمە فینالی ئۆلۆمپیادی تورکیا

باوکی لە هەشتاکانەوە گۆرانی دەڵێت و سەردەمانێک ناوێکی دیار بوو، بەڵام ئەو ئێستا خەریکە لە باوکی بەناوبانگتر دەبێت. هاوتا ئەسعەد کە لە کاتی ئەو هەڤپەیڤینەدا لە تەنیشت کچەکەی دانیشتبوو، دەیگوت "ئێستا دەچمە زۆر شوێن، دەڵێن ئەوە باوکی کەژێیە".

کەژێ تەمەنی 14 ساڵە و تاقانەی 4 برایە. تەمەنی 4 ساڵان بووە کە بۆ یەکەمجار لەسەر تەختی شانۆ وەستاوە و گۆرانی گوتووە. ئێستا قوتابی قوتابخانەی عیشقی نموونەییە لە شاری هەولێر و ماوەیەک لەمەوبەر بە نوێنەرایەتی عێراق هەڵبژێردرا بۆ بەشداری لە ئۆلۆمپیادی گۆرانی لە تورکیا کە 180 وڵات بەشداری تێدا دەکات و بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو لە شاری ئیستەنبوڵ بەڕێوەبچێت.

ئەڤین سەلاح
ڕووداو- هەولێر



**تەمەنی من هی ئەوە نییە گۆرانی ئەڤینی بڵێم**



**بۆ ئۆلۆمپیادەکەی تورکیا کەس دەستخۆشی لێنەکردم**

**زیاد ئەسعەد ئاواز بۆ یەکێک لە گۆرانییەکانم دادەنێت**

**ڕووداو: بەشداریت لەو ئۆلۆمپیادە بە ڕێکەوت بوو یان لەسەر داوای قوتابخانەکەت بوو؟**

**کەژێ:** لە ڕاستیدا کۆمەڵێک کەس بووین کە لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەوە داوامان لێکرا بەشداری لەو ئۆلۆمپیادە بکەین، لە نێوان 12 کەس من وەک نوێنەری عێراق هەڵبژێردرام.

**ڕووداو: مەرجەکانی بەشداری لەو ئۆلۆمپیادە چین؟**

**کەژێ:** سەرەتا لیژنەیەک دادەنیشن و تۆش گۆرانی دەڵێی، ئیدی بەپێی دەنگ و چۆنیەتی گوتنی گۆرانییەکەت هەڵتدەبژێرن، واتا تەنیا مەرجیان دەنگە.

**ڕووداو: چانست هەبوو سەرکەوتیت بۆ پلەی کۆتایی لەسەر ئاستی عێراق بۆ ئەو ئۆلۆمپیادە، یان ڕکابەرت هەبوو، تۆ لە کامیان دەترسای؟**

**کەژێ:** سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە توانیم بگەمە ئەو قۆناغە، ئێستا لە سێیەم قۆناغدام و سێ قۆناغی دیکەم ماوە، ئەوە بۆ من زۆرە کە بگەمە ئەوێ و لە هیچ یەک لە ڕکابەرەکانم نەترسام.

**ڕووداو: تا چەند متمانەت بە خۆت هەیە بگەیتە فینالی ئۆلۆمپیادەکە؟**

**کەژێ:** متمانەیەکی تەواوم بە خۆم و بە دەنگم هەیە کە بگەمە فینالی ئۆلۆمپیاد.

**ڕووداو: محەممەدی برات لە زۆر لە گۆرانییەکانت لەگەڵت دەردەکەوێت، نێوانتان چۆنە؟**

**کەژێ:** محەممەد دووەم مامۆستای منە، زۆربەی کات بەیەکەوەین و ئەو هاوکاریم دەکات لە کاتی پرۆڤە. وەک ئاشکرایە زۆربەی کارەکانم لەگەڵ محەممەدی برامە، میلۆدیم بۆ دادەنێت بەهۆی ئەوەی ئەویش ژەنیاری ئامێری ئۆرگە.

**ڕووداو: باوکت هونەرمەندێکی دیارە، تا چەند کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟**

**کەژێ:** باوکم مامۆستا و هاوڕێی من بووە هەمیشە. ئەو فێری هونەری کردم، ئەگەر هاندان و پشتگیری ئەو نەبووایە من بەهیچ شێوەیەک نەدەگەیشتمە ئەو قۆناغە.

**ڕووداو: لەگەڵ دایکت نێوانتان چۆنە، هاوکاریت دەکات لە کارە هونەرییەکانت؟**

**کەژێ:** دایکم نزیکترین هاوڕێی منە، چونکە من تاقانەم لە ماڵەوە. زۆرجار لەگەڵ دایکم و ئەویش هاندەرێکی سەرەکی منە لە کارە هونەرییەکانم، تەنانەت لە چۆنیەتی لەبەرکردنی جلوبەرگ لەکلیپەکان، هەمووی دایکم بۆ م دیاری دەکات.

**ڕووداو: پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ زیاد ئەسعەدی مامت، بۆچوونی لەسەر کارەکانت چۆنە؟**

**کەژێ:** هەتا ئێستا بەرەوڕوو نەمدیوە، بەڵام پەیوەندییەکی باشمان هەیە و زۆر لە کار و دەنگم ڕازییە.

**ڕووداو: زیاد ئەسعەد کاری بۆ زۆر لە هونەرمەندان کردووە، قەت داوات لێنەکردووە کارت بۆ بکات؟**

**کەژێ:** لەڕاستیدا ئەو ئێستا سەرقاڵی دانانی ئاوازێکە بۆ یەکێک لە گۆرانییەکانی من.

**ڕووداو: تۆ زیاتر گۆرانی ئاینی دەڵێیت و گۆرانی ئەڤینی ناڵێیت، ئایا باوکت ڕێگرتە یاخود خۆت حەز ناکەیت؟**

**کەژێ:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک باوکم ڕێگرم نییە، بەڵام تەمەنی من جارێ هی ئەوە نییە گۆرانی ئەڤینی بڵێم، بەلامەوە ئاساییە و ڕەنگە ڕۆژێک بێت گۆرانی ئەڤینداریش بڵێم.

**ڕووداو: گۆرانییەکانت زیاتر لە کەناڵە ئیسلامییەکان لێدەدرێت، بەڵام کەناڵەکانی دیکە فەرامۆشیان کردوویت، بۆچی؟**

**کەژێ:** ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە من زیاتر گۆرانی ئاینی و نیشتیمانیم گوتووە، ئەو گۆرانیانەش زیاتر لە بۆنە ئاینی و نیشتیمانییەکان لێدەدرێن.

**ڕووداو: لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) شەهریبانی کوردی گوتبووی "کەناڵەکان تەنیا گرنگی بە هونەرمەندە ڕووتەکان دەدەن" تا چەند هاوڕای لەگەڵ بۆچوونی ئەو؟**

**کەژێ:** هاوڕام لەگەڵ قسەکەی ئەو هونەرمەندە بەڕێزە، ئەوەتا هەتا ئێستا لەلایەن هیچ کەسێکەوە دەستخۆشیم لێنەکراوە لە کاتێکدا بوومەتە نوێنەری عێراق.

**ڕووداو: داوا پرۆژەت چییە؟**

**کەژێ:** سەرقاڵی سیدییەکم بە ناوی "لەو ڕۆژەوە" کە لە 14 تراک پێکهاتووە بە زمانی تورکی و کوردی گۆرانی دەڵێم، تێکست و میلۆدییەکان زۆربەی فۆلکلۆرن، کاری ستۆدیۆی نیوەی لە تورکیا کراوە و نیوەی لە کوردستان، نزیکەی 7 تراکی بە تەنیا دەیڵێم، لەم مانگەدا دەیخەمە بەردەستی گوێگرانم.

# "هەزار و یەک سێو"ی کورد پێشانی بەریتانییەکان دەدرێ

**ئەیمی گەتمان**
**ڕووداو- لەندەن**

زیاتر لە 300 کەس لەبەردەم ئەکادیمیای بەریتانی بۆ فیلم و تەلەڤزیۆن "بافتا"، کۆببوونەوە بۆ دیتنی فیلمی "هەزار و یەک سێو" کە لەسەر ئەنفال دروستکراوە.

دوای نمایشی فیلمەکە لە هەفتەی ڕابردوودا، پانێلێک بۆ پرسی جینۆساید لەناو سینەمای کوردیدا پێکهات. "هەزار و یەک سێو" کە لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن خەڵاتکرا، دەکەوێتە ڕیزی ئەو فیلمانەی لەبارەی ئەنفالەوە دەرهێنراون.

ساڵی ڕابردوو، پەرلەمانی بەریتانیا بەفەرمی دانی بەوەدا نا کە ئەنفال پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد بووە.

ئەمساڵ 26 ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا تێدەپەڕێت و بەو هۆیەشەوە چەند فیلمێک هەوڵیان دا گەورەیی ئەو تاوانە نیشان بدەن کە تێیدا نزیکەی 182 هەزار کورد لەناوچوون.

فیلمە نوێیەکەی جانۆ ڕۆژبەیانی "چاپلینی شاخان"، پێشتر لە نیویۆرک نمایش کرابوو. ئەم فیلمە کە چوار ساڵی خایاند تا تەواو بوو، باس لە پرسی فرۆشتنی کچانی کورد دەکات لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە. فیلمەکە هەروەها کاریگەری ئەنفال دەخوێنێتەوە و ئەو گوندانە نیشان دەدات کە بە چەکی کیمیایی و بۆردومان خاپوور کراون.

دەرهێنەری کۆچکردوو تەها کەریمی کە ساڵی ڕابردوو لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا، لە فیلمی "هەزار و یەک سێو"دا باس لە 10 کورد دەکات کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر خۆیان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان ڕزگار دەکەن.

یەک لە ڕزگاربووان فەرەجە کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤەوە دەگاتە ئەمەریکا و ڕێکخراوی داکۆکی لەوانەی لە گۆڕی بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووە دادەمەزرێنێت.

فەرەج و چوار دەربازبووی دیکە دواجار دەگەڕێنەوە کوردستان. ئەوان هەزار و یەک سێو لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە کە مێخەکڕێژ کراون. گرووپەکە سەردانی ماڵە ئەنفالکراوان دەکەن و میوەکانیان وەک نیشانەی ئاشتبوونەوە پێدەدەن.

قوتابی دکتۆرا و مامۆستای زانکۆ فازڵ مورادی کە بەشداری لە پانێلی فیلمەکەدا کردووە، دەڵێت سێوەکان گرینگترین لایەنی فیلمەکە پێکدەهێنن.

"سێوەکان و مێخەکەکان کردەوە و نیشانەی لێبووردەیی بوون لە ئێرانی کۆندا. سێو و مێخەک وەک نیشانەی لێبووردەیی لە نێوان دڵداراندا بەکاردەهات. لە سەردەمی ئێمەدا پرتەقاڵ جێی سێوی بۆ ئەم مەبەستە گرتووەتەوە، بەڵام بە گشتی خۆراک و میوە هێمای تەندروستی و دەروونساغین."

کۆمەڵێک بیانیش فیلمەکەیان بینی و پێیانوابوو سێو لە هەموو فەرهەنگەکاندا وەک ئاماژە بەکارهاتووە. ماهالیا واکێر، وەک هێمایەکی بەهێز باس لە سێو دەکات. ماهالیا دەڵێت "بۆ من سێوەکان نوێنەرایەتی زۆر شتیان دەکرد: ئومێد، تۆڵە و دادپەروەری. بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر پاڵپشتی یەکدی لە کاتی کارەساتدا پەیامی سەرەکیی فیلمەکە بوو."




ئەو دەڵێت "فیلمەکە داوا لە بینەر و تاوانباران و قوربانیانی جینۆساید دەکات کە لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە وەک بناغە بۆ داهاتوو سەیر بکەن. ئێمە هەموومان پێویستمان بەوە هەیە کە کار بۆ ئەوە بکەین. من پێموایە پەیامی فیلمەکە ئەوە بوو کە هەموومان پێکەوە کار بۆ دوارۆژ بکەین."

دڵشاد مستەفای فیلمسازیش لە پانێلەکەدا بەشدار بوو. ئەو لەگەڵ فازڵ مورادی هاوڕا بوو کە ئەو فیلمانەی لەسەر ئەنفال دروست دەکرێن "دەبێ زانیاری بدەن و ئاگادارکەرەوە بن."

دڵشاد دەڵێت "هەموو کەسێک لە ئیسرائیل دەزانێت هۆلۆکۆست چییە، بەڵام ئێمە دوای 14 ساڵ ئینجا هەوڵمان دا کۆیادەوەری لەسەر ئەنفال دروستبکەین. هەموو کەسێک دەزانێت هۆلۆکۆست چییە، بەڵام زۆر کەس نازانن لە ئەنفالدا چی ڕوویدا."

کۆیادەوەری یان یادەوەریی کۆمەڵگە، کە دەرهێنەری وەک تەها کەریمی هەوڵیان بۆی داوە، تەنیا لەسەر ئاستی ڕەوەندی کوردی نابینرێت.

واکێر دەڵێت "من زۆر سەرسام بووم بە فیلمەکە. بە تایبەتی کاتێک خەڵک لە ڕێگەی سێوەوە هەوڵیان دەدا مامەڵە لەگەڵ ئازارەکانیان بکەن. ئەوان پێویستیان بە شتی گەورە و سەیر و سەمەرە نەبوو. گەلی کورد زۆرجار بۆ مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی و خۆڕاگری، پاڵپشتی یەکتریان کردووە."

واکێر پێیوایە فیلم باشتر لە مۆسیقا، ئەدەب و مێدیاکانی دیکە، دەتوانێت چیرۆک بگێڕێتەوە. "فیلم کەرەستەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە جینۆساید. زۆرجار فیلم ڕوانینە و زۆر جاری دیکە فیلم داوا لە بینەر دەکات بە شێوەیەکی لایانگرانە سەیری بکات و تەنیا بۆ ڕوانگەی چیرۆکبێژنەگەڕێتەوە."

دڵشاد مستەفا دەڵێت "سینەما بووەتە سەرەکیترین کەرەستەی گەیاندنی فەرهەنگی هاوچەرخ و یارمەتیی خەڵک دەدات بەسەرهاتێک لە گۆشەی جیاوازەوە ببینن و بەدوای مانای جیاوازدا بگەڕێن. هەر بۆیەشە دەبێ دەرهێنەری کورد پەرە بە چیرۆکبێژیی خۆیان بدەن".

مستەفا هەروەها دەڵێت "ئێمە دەبێ بپرسین فیلم چ ڕۆڵێکی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و دەتوانین چ زمانێک بۆ گێڕانەوە بەکاربهێنین و بە چ شێوەیەک دەتوانین سنووری فراوانتر بۆ هونەرمەند دەستەبەر بکەین."

بەڵام واکێر پێیوایە فیلمی کوردی وەڵامی ئەو پرسیارانە بە کورتی دەداتەوە.

ئەو دەڵێت "پێمخۆشە کە بەمشێوەیە لەناو چیرۆکەکاندا باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، لە ڕێگەی ئەڵقەی تەلەڤزیۆنی یان فیلمی کاریکاتۆری... فیلمەکان، ئەکتەرەکان، پۆشاکەکان و تەنانەت ئەو هێمایانەی بەکارهاتبوون بۆ من سیحراوی بوون".



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## ئەڵمانیا جووت وڵاتینامە دەدات




**ڕووداو- ئەڵمانیا**

حکومەتی ئەڵمانیا یاسایەکی نوێی لەبارەی پەنابەرانی ئەو وڵاتە پەسەند کرد و بەپێی یاسا نوێیەکە ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان بیانین و لەو وڵاتە لە دایکدەبن جگە لە وڵاتینامەی خۆیان وڵاتینامەی ئەڵمانیشیان دەدرێتێ. بەبێ ئەوەی وڵاتینامەی خۆیان لێوەربگیرێتەوە. هەروەها ئەو منداڵانە ناچار ناکرێن لە نێوان وڵاتینامەی ئەڵمانی و وڵاتینامەی دایک و باوکیان یەکێکیان هەڵبژێرێن. پێشتر ئەو منداڵانە تاوەکو تەمەنی 23 ساڵی سەربەست بوون، بەڵام دواتر دەبووایە لە نێوان دوو وڵاتینامەدا خۆیان یەکلایی بکەنەوە. بەپێی ئامارەکانی حکومەتی ئەڵمانیا نزیکەی 4.3 ملیۆن کەس لەو وڵاتەدا دوو وڵاتینامەیان هەیە.

لە سوێد

# شێوەنی دەنگدەران بۆ کوردستانە و کاندیدەکانیش بۆ ئەورووپا

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

لە پاڵ هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی سوید و پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا، هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق دەبنە پێنجەمین پرۆسەی دەنگدان لە سوێد کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەڕێوەدەچن.

بیانی و پەناهەندەکانی ئەو وڵاتە و لە نێویاندا کورد پێکهاتەیەکی سەرەکین کە کاندیدەکانی پەرلەمانی ئەورووپا کاریان لەسەر دەکەن. دەنگدەرانی کورد گەرموگوڕییەکی زیاتریان بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەیە و کاندیدە کوردەکانیش بۆ هەڵبژاردنەکانی سوید و یەکێتی ئەورووپا هانیان دەدەن بۆئەوەی دەنگیان بۆ بدەن، بەڵام وەک دەنگدەرێک گوتی "ئێمە شێوەنمان بۆ کوردستان و بەغدایە و ئەوانیش هانمان دەدەن بۆ پەرلەمانی ئەورووپا".

### پەنا بۆ پیرەکان دەبەن

بەپێی ئەو ئامارەی لە فەرمانگەی زانیاریی سویدییەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، نزیکەی 75 هەزار کوردی دانیشتووی سوێد مافی دەنگدانیان هەیە. جیاوازی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیش لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر کوردی نیشتەجێی سوید بوونەتە 18 ساڵ و مافی دەنگدانیان هەیە. بەڵام بەهۆی بەهێزیی پێگەی ئەوان لە کۆمەڵگەی سویدی و ژیانی گەنجێتی خۆیان، کەمتر بایەخیان بۆ پرۆسەی دەنگدان هەیە، کاندیدێکی کوردی سوید بۆ پەرلەمانی ئەورووپا دەڵێت "بەداخەوە بەشدارێکی کارا نابن لە هەڵبژاردنەکاندا".

شەیما، تەمەن 18 ساڵ کە خوێندکارێکی کوردە لە سوێد، بە (ڕووداو)ی گوت "یەکەم جارمە دەنگ دەدەم، حەز دەکەم بەشداری بکەم". ئەو وەک گەنجەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بەرنامەکان دەخوێنێتەوە نەک شتی دیکە و دەڵێت "بەڵام تا ئێستا بەرنامەی یەکێک لەو کاندیدانەم نەبینیوە".

هاوتای هاوڕێی شەیماش گوتی "من هیچ لە سیاسەت نازانم و دەنگ نادەم". کەسوکاری هەردوو ئەم گەنجانەش خۆشحاڵن بەوەی منداڵەکانیان دوورن لە سیاسەت. ئەحمەدی باوکی هاوتا گوتی "ئێمە سووتاوی دەستی سیاسییەکانین و نامانەوێ ئەوان وەک ئێمە بن".

لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و سوید وەک نموونەیەکی زیندووی ئەوان، گەنجان کەمتر بایەخیان بۆ بوارەکانی سیاسەت هەیە و زیاتر خەریکی ژیانی گەنجێتی خۆیانن. ئەو نەوە تازەیەی کوردیش کە ئێستا لێرە پێگەیشتوون، بەهەمانشێوە بارگاوی بوون و کەمتر بایەخیان بۆ سیاسەت هەیە.

جەبار ئەمین، کاندیدی پارتی ژینگەی سەوز بۆ پەرلەمانی ئەورووپا دوای بێهیوابوونی لە گەنجەکان پەنای بۆ پیرەکان برد. ئەمین ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو لەڕێگەی کۆمەڵەیەکەوە، پیرانی کوردی کۆکردەوە و بەمەبەستی ئاشناکردنیان بەکارەکانی پەرلەمان، ئەوانی بردە نێو تەلاری پەرلەمانی سوید و لەم ڕێگەیەشەوە بە ناڕاستەوخۆ گوتی "دەنگم بۆ بدەن". هەروەها فێری کردن کە چەند گرنگە دەنگ بدەن و چۆن دەتوانن بەشداری دەنگدان بکەن.



کاندیدێکی کورد ژن و پیاوە بە تەمەنەکانی کورد دەباتە نێو پەرلەمانی سوێد

### ترس لە ئیسلامییەکان

ڕۆژنامەیەکی سویدی بڵاویکردەوە کە بەشێک لە پارتەکان ترسیان لە بەشداری ئیسلامییەکان هەیە و چەند پارتێکیش لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیاندا وێنەی کچی لەچەک بەسەر بڵاودەکەنەوە و هانی دەنگدەرانی موسڵمان دەدەن.

ساری سڤانسۆن لە پارتی چەپی سویدی بە توندی ڕەخنە لەو پارتانە دەگرێت کە شوناسی ئیسلامی دەکەنە بنەمای بانگەشەکانیان و دەڵێت "تەنیا لە کاتی دەنگدان ئیسلامییەکانیان لە بیرە". ئەو گوتی "ئەسڵەن ئیسلامییەکان هەڕەشەن لەسەر سوید".

ئیسلامییەکان ڕێژەیەکی زۆر لە پێکهاتەی تاراوگەنشینانی سویدی پێکدەهێنن، زۆرجار پارتەکان کاریان لەسەر کردوون، بەڵام شکستی پارتی سەنتەر لە کەیسی عەبیر سەهلانی کە عەرەبێکی عێراقی بوو، بەهۆی گەندەڵی دوورخرایەوەو مافی خۆکاندیدکردنی بۆ پەرلەمانی ئەورووپی لێسەندرایەوە، زیاتر کێشەی بۆ ئەو پارتانە دروست کرد کە خواستی سوود وەرگرتنیان لە ئیسلامییەکانی سوید هەیە.

### نازانن چۆن دەنگ بدەن

ئەرکان ئەسعەد، گەنجێکی ناسراوی کوردی ستۆکهۆڵمە و دەڵێت "بەبایەخەوە دەمەوێ دەنگ بۆ کوردستان بدەم، بەڵام نازانم چۆن و لەکوێ و دەنگ بە کێ بدەم".

ڕووناک ئەسعەدیش، کە یەکێک لەو پیرانە بوو سەردانی پەرلەمانی کرد، گوتی بۆ ئێمە گرنگترە بەشداری لە دەنگدانەکانی عێراق بکەین.

وەک چاودێرانی بواری هەڵبژاردنەکان لە سوید باسی دەکەن، باڵیۆزخانەی عێراق ئەمساڵ هیچ بایەخێکی بۆ هەڵبژاردنەکان نییە و دەنگدانیش تەنیا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و کوردی ئەورووپا ناتوانن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان دەنگ بدەن.

بەشێک لە بۆچوونەکان بێبایەخی ئەمساڵ بەوەوە دەبەستنەوە کە زۆربەی دەنگدەرانی عێراقی لەوێ سوننەن و دژ بە مالیکین. دیبلۆماتکارێکی باڵیۆزخانەی عێراقیش تەنیا بە هۆکاری تەکنیکی دەزانێت و دەڵێت "حاڵەتێکی ئاساییە". ئەحمەد حەندانی گوتیشی "لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا باڵیۆزخانەی عێراق ئاسانکاری دەکات".

هەر لەوبارەوە شۆڕش قادر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ستۆکهۆڵم گوتی "لەڕێگەی کۆبوونەوە لەگەڵ پارتە کوردییەکان، میکانیزمی باش دەدۆزینەوە بۆ کاراکردنی بەشداریی کوردی سوید لە هەڵبژاردنەکان".

کادیرانی پارتە کوردییەکان ڕەخنەیان لە نوێنەرایەتی حیزبەکانیان هەیە و دەڵێن زیاتر کاری پرۆتۆکۆڵی دەکەن. کەمال ناودار لە ناوچەی پارتی لە سوێد دەڵێت "ئێمە هانی لایەنگران و ئەندامانمان دەدەین بەشداری بکەن".

بۆ پشتگیری کاندیدە کوردەکانی پەرلەمانی ئەورووپیش ناودار گوتی "ئێمە هانیان دەدەین بەشداری بکەن و دەنگ بە کورد بدەن، بەڵام ڕێکلام بۆ کەس ناکەین و کوردبوونی ئەو کاندیدانە بۆ ئێمە هەموو شتێکە".

### سوید کوردی فەرامۆش کردووە

فەرمانگەی هەڵبژاردن کە دامەزراوەیەکی حکومیی سویدە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی هەڵبژاردن، ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی ڕێکخستووە، بەڵام لە هەموو زمانەکان تەنیا کوردی تێدا نییە. بۆیە کاندیدێکی کورد خۆی ئەو کارەی کردووە. جەبار ئەمین گوتی "من کە ئەو کارەم کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکەیە". گوتیشی "ئامرازەکانی دەنگدان زۆر ئاسانن و میکانیزمەکان زۆر بەرچاون، بەڵام ئەو فەرمانگەیە تەنیا بە زمانەکانی دیکە بڵاوی کردووەتەوە".

هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی ئەم مانگە لە ناوەندەکانی سەر بە باڵیۆزخانەی عێراق لەستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچن. هەروەها لە 2014/5/25 هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا بەڕێوەدەچێت و لە سوید 5 کاندیدی کورد هەن. لە کۆتایی مانگی ئەیلولی داهاتووش هەرسێ هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی سوید دەکرێن کە 21 کورد خۆیان بۆ ئەو سێ هەڵبژاردنە کاندید کردووە.

بەنیاز بوون ئەنسارولئیسلام زیندوو بکەنەوە

# سویسرا دوو کورد دادگایی دەکات

**ڕووداو- سویسرا**

کوردێکی باشووری کوردستان لە سویسرا بە ناوی (ک.ت) 35 ساڵ و برایەکی دیکەی کە تەمەنی 25 ساڵە، بەوە تۆمەتبار کراون کە هەوڵی دووبارە دامەزراندنەوەی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامیان داوە و بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا دادگایی بکرێن.

دادگایی ئەو دوو برایە لە 28ی ئەم مانگەدا لەشاری بەلنزۆنا لە باشووری سویسرا بەڕێوەدەچێت. چاوەڕێ دەکرێت پرۆسەی دادگاییەکە سێ ڕۆژ بخایەنێت و لە ڕۆژی 2ی مانگی داهاتوو دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر دۆسیەکە بدات.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی سویسرا، لەوانەش ڕۆژنامەیNeue Züricher Zeitung (NZZ)) و Tages-Anzeiger ، ئەو دوو برایە لە ساڵی 2007ەوە لە شاری بازلی سویسرا نیشتەجێن و لەلایەن دادگای فیدراڵی سویسراوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

دادگا گومان لە سەنتەرێک دەکات بەناوی (Zentrum Didi Nwe Auslandsabteilung) لە شاری بازل. بەبڕوای دادگا سەنتەرەکە لقێکە لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە. ئەگەر ئەم گومانەی دادگا ڕاست دەربچێت، ئەم سەنتەرە یەکەمین دەزگای سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دەبێت کە لە سویسرا دامەزرابێت و پشتیوانی لێکرابێت.

(ک.ت) لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی لە شاری بازل دەژین، براکەشی کە 10 ساڵ لەخۆی بچوکترە، پێکەوە بەوە تۆمەتبار کراون کە "چوونەتە نێو ڕێکخراوێکی کریمیناڵ کە ئامانجی تیرۆرستی هەیە و لەهەمانکاتدا پشتگیری ئەلقاعیدە دەکات".

بەپێی دۆسیەیەکی 121 لاپەڕەیی، کۆمەڵەکانی "Auslandsabteilung"، واتە "لقی دەرەوەی وڵات" لە ساڵی 2003 لەلایەن ئەو پەنابەرانەی کە لە بەریتانیا، یۆنان، نەرویج، فەڕەنسا، سوێد و سویسرا دەژین دامەزرێنراوە. پەیوەندی لەنێوان ئەندامانددا زیاتر لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بووە و بە ئیمەیل نێردراوە، لەو پەیوەندیانەدا شیفرەیان بەکارهێناوە. بەڵام دیدار و کۆبوونەوە کەمجار ئەنجامدراون.

### سەرۆکەکەیان مەلا کرێکارە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (NZZ)، سەرۆکی "لقی دەرەوەی وڵات" مەلا کرێکارە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی باشووری کوردستانە و ئێستا لە نەرویج بەهۆی هەڕەشەکردن لەخەڵک سزادراوە و لە زیندانە.

مەلا کرێکار، تەمەن 57 ساڵ، لە ساڵی 2001 ڕێکخراوێکی توندڕەوی بەناوی ئەنسارولئیسلام دامەزراندووە کە ماوەیەک لە باشووری کوردستان چالاک بووە. دوای ماوەیەکی کورت ئەم ڕێکخراوە خرایە لیستی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان لە یەکێتی ئەورووپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان و سویسراش. دوای چەندین چالاکی سەربازیی ئەم ڕێکخراوە لە هەورامان و کوشتنی چەند کەسێک، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەناوبرا. بەپێی دۆسیەکە، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامەکانی سویسرا کەوتووە، تۆمەتی ئەو دووبرایە دووبارە دامەزراندنەوەی ئەنسارولئیسلامە، واتە هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی ڕێکخراوەکە. بەگشتی لەسەر 9 ماڵپەڕی نزیک لەم ڕێکخراوە پەیام، وێنە و ڤیدیۆی سەرۆک و چالاکییەکانی ئەلقاعیدە بڵاودەکرانەوە و چالاکیەکانیان بە هۆنراوە و بەبیرهێنانەوەی ئەندامە کوژراوەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەنجامدەدران.

ڕۆژنامەی (Tages-Anzeiger) خۆی گەیاندووەتە کوردێک کە بەشداری لە کارەکانی "Auslandabteilung" دەکات، ئەو کەسە ئەو تاوانانەی کە دەدرێتە پاڵ ڕێکخراوەکە ڕەتدەکاتەوە و ئەو تۆمەتانە وەکو "نوکتە" ناودەبات و دەڵێت "ئێمە شتێکی وەکو ناوەندێکی کەلتووری لەسەر ئینتەرنێت بەڕێوەدەبەین کە زۆر هاووڵاتی ئێمە لە وڵاتان و ئەورووپا سەردانی دەکەن. ڕۆژانە لەڕێی چاتەوە تاوەکو 200 کەس تێڕوانینی خۆیان دەردەبڕن و گفتوگۆی لەسەر دەکەن".

هەر ئەو کەسە ئاشکرای دەکات کە لەکاتی خۆیدا عێراق لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکراوە و ئەمە ڕەوا نییە، لەبەرئەوەی بڕیاری داگیرکردنەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووە و دەڵێت کە ئەو و بەڕێوەبەرانی ئەو ماڵپەڕانەی سەر بە کومەڵەکەیانن، چالاکی چەکداری لە دژی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا وەکو بەرگری لەخۆکردن دەبینن و شتێکی ڕەوایە.




### ویستوویانە پارە بنێرنەوە بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان

بەپێی دۆسیەکە، (ک.ت) کە کە بێکار بووە لە "Auslandabteilung"دا یەکێک لە چوار ئەندامی لیژنەی باڵا بووە. لە دۆسیەکەدا (ک.ت) وەکو سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە دادەنرێت. هەروەها دۆسیەکە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە ئەو پیاوە لەڕێی ئیمەیلەوە گفتوگۆی لەگەڵ چەکدارانی ئیسلامی لە باشووری کوردستان کردووە و لەو نامانەدا باسی ناردنی پارەی بۆ "خێزانی شەهیدان و دەستبەسەرەکان" کردووە.

هەروەها (ک.ت) وەکو ڕۆژنامەوانێکیش پەیوەندی بە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە کردووە. دۆسیەکە ئەم کارەی ئەو کە وەکو ڕۆژنامەنووس ئەنجامدراوە وەکو هەوڵی شاردنەوەی کارەکەی و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو دەبینێت، بەپێی دۆسیەکە ئەو کارە "دروستکردنی پەیوەندی بووە لە نێوان مەلا کرێکار و سەرۆکی ئەلقاعیدە".

دۆسیەکە باسی (ک.ت) دەکات کە لەژێر هەواڵێکدا دەربارەی هێرشێکی چەکداران بۆ سەر هۆتێلێک لە باشووری کوردستان 20 جار وشەی "الله اکبر"ی نووسیوە.


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on
the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures
Falcon Group is comprised of several companies, including
- Falcon Security
- Falcon Construction
- Falcon Agriculture
- Falcon Oil & Gas
- Falcon Batch Plant
- Falcon Demining
- Falcon German Trading
- Falcon Transportation
- Falcon Logistics
- Full Service
- Brayati Construction
- Quesco Turbo Machinery Services
Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3
Tel:00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com


ببە بەخاوەنی تۆیۆتای خۆت
بە قیستی مانگانەی گونجاو
مۆدێل و ڕێژەی ئۆتۆمبیلەکان پابەندە بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەردەست.
TOYOTA
بە دڵنیایی
LAND CRUISER Hardtop 2dr 2013
پێشەکی $8,288
3 ساڵ $849
HIACE Van 2013
پێشەکی $5,788
3 ساڵ $858
LAND CRUISER MT G9 V6 2013
پێشەکی $8,538
3 ساڵ $878
FORTUNER 4x2 2014
پێشەکی $7,138
3 ساڵ $730
COROLLA XLi 2014
پێشەکی $5,175
3 ساڵ $520
ئۆتۆمبێلی خەونەکانت بکڕە بە قستی مانگانەی بچووک کە گونجاوە لەگەڵ هەموو بودجەیەک. ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبژێرە، قیستی مانگانەکەت هەڵبژێرە و ئۆتۆمبێلە تازەکەت لێبوخڕە! خێراکە و سەردانی نزیکترین پێشانگای ساز بکە. ئەم ئۆفەرە بەردەوامە تا ئۆتۆمبێلەکان مابێت.
ڕەزامەندی و ژمێرکاری پابەندە بە ڕەزامەندی بانک.
هەولێر
سلێمانی
دهوک
A MEMBER OF
Sardar GROUP
TOYOTA GENUINE PARTS
TOYOTA QUALITY SERVICE
TOYOTA ACCESSORIES
www.sasiraq.com
toyotasales@sasiraq.com
/ToyotaSASIraq
خزمەتگوزاری فرۆشتن
هەولێر 0750 541 1111 0750 856 8882
دهوک 0750 352 2222 0750 856 8881
سلێمانی 0750 563 3333 0770 449 8882
بەغداد 0780 540 0555 0780 150 8882
SAS AUTOMOTIVE SERVICES CO L.T.D
ساز لخدمات المركبات ذ.م.م


Empire Diamond Towers
Empire World
Building the Future
تاوەرەکانی ئیمپایر دایمۆند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

## کارەبا ژنێک دەکوژێت



**رووداو- ئاکرێ**

لە شارۆچکەی ئاکرێ کارەبا ژنێک دەگرێت و دەیکوژێت. رۆژی 2014/4/19 لە گوندی سووسنای سەر بە شارۆچکەی ئاکرێ، ژنێک بە ناوی مەدینە تەها، 45 ساڵ، دایکی 10 منداڵ کارەبا گرتی و گیانی لەدەستدا. بەپێی قسەی کەسوکاری ئـەو ژنـە لە نێو ماڵی خۆیان بـووە، خەریکی کاری ناوماڵ بووە، مزەخەی ئاوی پێکردووە و کارەبا شـۆرتی کردووە لە ئەنجامدا ئەو ژنەی گرتووە و کوشتوویەتی.

رووداو ژنان
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

# ژنانی کوردستان روو لە زومبا دەکەن

## راهێنەرێک: ئافرەتانی کوردستان زۆر پێویستیان بە زومبایە

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

سەرەڕای وەرگرتنی چێژی هونەری لێی، ژنانی کوردستان دەیانەوێت بە وەرزشی زومبا لەشولارێکی رێکیان هەبێت و تەندروستییان سەلامەت بێت، راهێنەرێکی ئەو جۆرە وەرزشە دەڵێت ژنانی کوردستان زۆر پێویستیان بە زومبایە.

زومبا، بە واتای جووڵەی خێرا و خۆشی وەرگرتن دێت، یەکێکە لەو وەرزشانەی کە تێکەڵە بە جووڵەیەکی جیاواز وەک جووڵەی سەمای سامبای بەرازیلی، تانگۆی ئەرژەنتینی، هیپ هۆپ، جووڵەی رۆژهەڵاتی، لەگەڵ ریتمی موزیک. زۆربەی ژنان بۆ تەندروستییەکی باش و لەشێکی رێک ئەم سەمایە دەکەن.

زومبا ماوەیەکی کەمە لە کوردستان دەکرێت، رەنگە ئەوەش پەیوەندی بە مێژووی کورتی ئەو جۆرە وەرزشەوە هەبێت کە لە ساڵی 1990 لەلایەن مامۆستایەکی وەرزشییەوە لە کۆلۆمبیا بە ناوی "ئەلبێرت تۆتیرز" داهێنراوە.

ئەو مامۆستایەی وەرزش بیری لەوە کردەوە کە خەڵک بۆ وەرزش هانبدات، بۆیە بیری لەشێوەیەک کردەوە کە هەم پێی تەندروست بیت و هەمیش چێژی لێوەربگری. ئێستا ئەو جۆرە وەرزشە لە 185 وڵاتی جیهاندا دەکرێت و ماوەیەکیشە گەیشتووەتە کوردستان.

ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە وەرزشە لە چەند سەنتەرێکی وەرزشی دەکرێت. گۆڤەند عەبدوڵڵا، کە ماوەی سێ مانگە لە یەکێک لە سەنتەرەکانی وەرزش لە شاری هەولێر زومبا دەکات، بە (رووداو)ی گوت "پێشتر لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە، یاخود لە ئینتەرنێتەوە سەیری زومبام دەکرد و لاساییم دەکردنەوە، بەڵام ئێستا لە سەنتەرەکانی هەولێرش هەیە، ئیدی پێویست ناکات بۆ لەشێکی رێک و تەندروست پشت بە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت ببەستین".



### زومبای پیر و منداڵان

زومبا چەند جۆرێکی هەیە کە بەپێی تەمەنی ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن و بەپێی جووڵەکان جیاکراونەتەوە. زومبا فیتنیس، زومبا ڤاریەیشن، زومبا تیونینگ، زومبا تۆمیک (کە بۆ منداڵانی تەمەن 4 تاوەکو 12 ساڵانە). زومبا گۆڵد کە کەسانی پیر و قەڵەو دەیکەن، چونکە جووڵەی زۆر قورسی تێدا نییە.

### دەروون هێور دەکاتەوە

ژیان یوسف، کە راهێنەری زومبایە لە شاری هەولێر، بە گوتەی خۆی یەکەم کەس بووە کە زومبای هێناوەتە کوردستان. ئەو راهێنەرە پێیوایە زۆربەی ئافرەتانی کوردستان پێویستیان بە زومبایە و دەڵێت "ئەگەر هەر ئافرەتێک بیەوێت لەشولارێکی جوان و تەندروستی هەبێت، پێویستە هەفتانە لانیکەم جارێک زومبا بکات و زیاتر میوە بخوات، چونکە زومبا نەک تەنیا بۆ چێژوەرگرتن وەک سەمایەک دەکرێت، بەڵکو بۆ لەشێکی جوان، تەندروستییەکی باش بە تایبەت بۆ ئەوانەی ئازاری قاچ و پشتیان هەیە زۆر پێویستە، هەروەها یارمەتیدەرێکی باشە بۆ هێورکردنەوەی دەروونی مرۆڤ".

هەرچەندە لە چەندین سەنتەر ئەو جۆرە وەرزشە دەکرێت، بەڵام هێشتا زۆر پەرەی نەسەندووە لە نێو ژنانی کورد و زۆربەی ئەوانەی لە سەنتەرەکان دەبینرێن و ئەو وەرزشە دەکەن ژنانی بیانین.

ئانیتا، خەڵکی بەرازیلە و لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری هەولێر راهێنەری زومبایە. ئەو دەڵێت کە کچانی کوردستانیش پێویستە بێبەش نەبن لەو سەمایە، چونکە ئەو سەمایە زۆر گرنگە بۆ لەشجوانی و بۆ تەندروستیش.

ئانیتا دەڵێت "کە هاتمە کوردستان بینیم زومبا ناکرێت، تەنیا لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بۆیە حەزم کرد خولێکی زومبا بکەمەوە".

دوای کردنەوەی خولەکە، ئانیتا بۆی دەرکەوتووە کچان و ژنانی کوردستان زۆر تامەزرۆی زومبان "بەڵام ئەوانەی زومبا دەکەن زۆر کەمن، لە سێ بەشی قوتابییەکانم، تەنیا بەشێکیان کورد بوون، ئەوانی دیکە بیانی بوون".

### رێکلامی بۆ ناکرێت

لەگەڵ ئەوەی ئێستا زومبا لە کوردستاندا دەکرێت، بەڵام لە رووی رێکلامەوە گرنگی پێنادرێت و رێکلامی بۆ ناکرێت.

کارینا دەیڤد کە ماوەی دوو هەفتەیە هاتووەتە شاری هەولێر بۆ گەشت، بە (رووداو)ی گوت "ئەوە ماوەی دوو هەفتەیە لە هەولێرم بەدوای شوێنێکدا دەگەڕام کە زومبای لێ بکرێت، دواجار کە دۆزیمەوە پرسیارم کرد ئایا تەنیا ئەم شوێنە هەیە؟ گوتیان نەخێر شوێنی دیکەش هەیە، بەڵام بە داخەوە من هیچ جۆرە رێکلامێک نابینم بۆ ئەو وەرزشە، بۆیە بۆ گەشتیارانی نەشارەزا زەحمەتە تا شوێنێکی وەها دەبیننەوە".

## پێش خۆخنکاندنی نامەیەکی نووسی

# "لەبەردەم ماڵی خۆتان پرسەم بۆ دابنێ و بۆم مەگری"

**تەرزە عەبدوڵڵا و شادیە رەسوڵ**
**رووداو- هەولێر**

ئێوارەیەکی درەنگ خۆی جوان کردبوو، قژە رەشەکانی پەخشان کردبوو چاوەڕێی هاوسەرەکەی دەکرد بگەڕێتەوە ماڵەوە، جار جار تەماشای خواردنی ناو مەنجەڵەکەی دەکرد. چونکە تەنیا بوو، بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەیدا کێشابوو. مانگێک بوو خەسووەکەی ماڵەکەی بۆ بەجێهێشتبوو تاوەکو ئارامی بووکەکەی تێکنەدات.

(س،م) 26 ساڵ، 8 مانگ بوو هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕە پوورێکی خۆی کردبوو. ئەو هاوسەرگیرییە تەنیا لە رێگەی یەک جار یەکتر بینینەوە بووە، ئەویش کاتێک چوونەتە داوای، بەڵام دوای تەنیا مانگێک لە هاوسەرگیری بەگوتەی خۆیان ئاشکرا بوو کە نەخۆشە و بەردەوام تووڕە دەبێت، کاتێکیش ئەم بارەی بەسەردا دەهات، دەستی لەکەس نەدەپاراست و بەقسەی ناشرین هەمووانی تووڕە دەکرد. دواجار هەموو شتێک بە مەرگی بووکێ کۆتایی هات.

ئافتاو رەسوڵ، بە جلە سەرتاپا رەشەکانییەوە باسی بووکەکەی دەکرد "بووکە جوانەکەم تەنیا بووکم نەبوو، بەڵکو برازاشم بوو، پێشتر لە ماڵی باوکیشی نەخۆش بووە، بەڵام ئێمە نەماندەزانی کە ئاوایە تا ئەوکاتەی ئاشکرا بوو لای خۆمان".

کاتێکیش ئافتاو گلەیی لە براکەی کردووە کە بۆچی نەیگوتووە کچەکەی نەخۆشە، براکەی پێیگوتووە "ئێمە چەند ساڵە گیرۆدەی بووین، چەند داواکاری هات نەماندەتوانی بیدەین بە شوو، چاوەڕێی خزمێکمان دەکرد تاوەکو چاودێری بکەن، ئێوەمان بەباش زانی".

ئافتاو بۆ ئەوەی منداڵەکانی لێی دوورنەکەونەوە، لە خانوویەکی دوو نهۆمیدا لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا دەژی و هەریەکەیان لە نهۆمێکدان. (س،م) لە نهۆمی یەکەمی ماڵەکەدا دەژیا. وەک خۆی دەڵێت تەنیا یەک مانگ لەگەڵ بووکە تازەکەیدا ژیاوە، دواتر لەبەر ئەوەی بۆی دەرکەوت نەخۆشەو بەردەوام تووڕە دەبێت و حەز دەکات تەنیا بێت، دەچێتە نهۆمی دووەم لەگەڵ بووک و کوڕەکەی دیکەیدا دەژی.

"کاتێک زانیمان ژیانی بەم شێوەیەیە، کەسوکارەکەی و کوڕەکەم بەردەوام دەیانبردە لای پزیشک و شێخ و گۆڕی پیاوچاکان، بەڵکو چاکببێتەوە بەڵام نەک چاک نەبوو بەڵکو خراپتر بوو".

کاژێر 10ی شەوی 2014/4/17 هەواڵی مەرگی ژنێک لە گەڕەکێکی ناحیەی بەکرەجۆی سەر بە شاری سلێمانی بڵاوبووەوە، کە بە لەچکەکەی خۆی، خۆی خنکاندبوو.

ئافتاو، چیرۆکی ئەو ئێوارەی گێڕایەوە کە بووکەکەی خۆی تێدا خنکاند "لە بالکۆنەکەدا دانیشتبووم بووکەکەم سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە بوو، ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم، ئەو رۆژە نە دەنگە دەنگ و نەشەڕیش روویندەدابوو، تەنانەت کاتێک هەواڵی خنکانەکەیان پێگوتم نەچوومە شوێنی رووداوەکە، کوڕەکەم لەڕێگاوە بەپەلە خۆی کرد بە ماڵدا و ئاسایش و پۆلیس لەبەردەم ماڵەکەمان کۆبوونەوە".

### چی بۆ خوشکەکەی نووسی؟

ئافتاو ئاشکرای کرد کە بووکەکەی بەرلەوەی خۆی بخنکێنێت نامەیەکی مۆبایلی بۆ خوشکەکەی ناردووە و نووسیویەتی "سڵاو خوشکەکەم، من سەعاتێکی دیکە دەمرم، لەبەردەم ماڵی خۆتان پرسەم بۆ دابنێ، شیوەنم بۆ مەکە و بۆم مەگری". بەڵام خوشکەکەی بەفریای ناکەوێ و تاوەکو دەگاتە لای کار لەکار دەترازێت.

شێنێ عەزیز ، بووکی یەکەمی ماڵی ئافتاو پەڕۆیەکی لە نێوچاوانی بەستبوو، بە هەنسک و دەنگێکی کزەوە باسی خۆخنکاندنی (س)ی دەکرد و دەیگوت "زۆر کات قسەی بە ئێمە دەگوت، بەڵام گوێمان نەدەدایە. چونکە دەمانزانی نەخۆشە، زۆرجاریش کە تووڕە دەبوو لە منداڵەکانمی دەدا، هەندێکجاریش بە جلەکانی منەوە دەیگرت و دەیبردە خوارەوە، کەس نەیدەوێرا هیچ بڵێ".

شێنێ گوتیشی "کەسوکاری (س، م) گوتیان پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات لەگەڵ کوڕەکەتاندا سێ جاری دیکە هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام رێگری لە ئێمە دەکرد بچینە لای، بۆیە پێماننەزانی".

شێنێ لەو باوەڕەدا نەبووە کە (س) ئەو ئێوارەیە خۆی بخنکێنێ "ئەو ئێوارەیە ئێمە میوانمان هەبوو، کە خواردنم بۆ میوانەکان دروست کرد یارمەتی دام و زەڵاتەشی بۆ کردم، ئینجا چووە خوارەوە، تەنانەت خۆشی رازاندبووەوە".

رووناک عەبدوڵڵا، کە ماوەی 28 ساڵە دراوسێی ماڵی ئافتاوە، باسی چۆنیەتی خۆخنکاندنەکەی (س،م)ی بۆ گێڕاینەوە و گوتی "ماوەی هەشت مانگە ئەم بووکە هاتووەتە ماڵیان بەڵام تائێستا نەمانزانیوە نەخۆشە، چونکە خۆشیاندەویست کچێکی تا بڵێی جوان بوو".

رووناک سەری سوڕماوە لەو رووداوە و دەڵێت "کوڕەکەم بەپەلە هاتە ژوورەوە گوتی ماڵی ئافتاو پۆلیس و ئاسایشی لێیە، کاتێک هاتمە ماڵیان سەیرم کرد بە لەچکە رەشەکەی خۆی هەڵواسیوە بە پانکەکەوە، ژنێکی قەڵەو بوو، پێم سەیر بوو چۆن ئەو پانکەیە نەکەوتووەتە خوارەوە".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ژنە لە ژووری نووستنەکەی خۆیدا بە لەچکەکەی خۆی هەڵواسیوە بە پانکەوە. دوای ئەوەی تیمەکانی بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆ چوونە سەر رووداوەکە تەرمەکەیان نارد بۆ پزیشکی دادوەری لە سلێمانی".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## سێ کەس دەسووتێن

**رووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2014/4/20 لە گەڕەکی شارەوانی دوو لە شارۆچکەی کەلار بەهۆی ئاگرکەوتنەوە سێ کەس سووتان، ئەوانەی سووتاون دایـک و کچێـک و منداڵێکن. بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، ئەو ڕووداوە بەهۆی کردنەوەی غاز بووە لە چێشتخانەی ماڵەکە و دواتر ئاگر کەوتووەتەوە "دایکێک و کچێکی گەنج و منداڵێکی هەشت ساڵانی ئەو ماڵە سووتان، بەڵام باری تەندروستیان جێگیرە".





تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## بە جیاوازیەکانمانەوە جوانین

کەسانی دەمارگیر کە پەنجە بۆ مانـگ درێژ دەکـەن لەجیاتی مانگ تەنیا پەنجەی خۆیان دەبینن.

کۆمەڵـگە بـە جیاوازیەکانیـەوە جوانـە، تەنانـەت پەنجەکانـی دەستـمان وەک یـەک نیـن، ئەمەش شـتێکی سروشـتیە، بەڵام جیاوازیەکان لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێشـەن. دووبەرەکـی و ئـاژاوە دەنێنـەوە. ئـەم بیرۆکەیـە زۆربەی لایەنەکانی ژیانمانـی داگیرکردووە. کەس ڕێز لە هەڵبژاردەی ئەوی دیکە ناگرێـت و دانی پێـدا نانێت، ئەگەر هیچ زەرەرێکی مادی و ڕۆحیشی بۆ ئەو نەبێت و مافی کەسانی دیکەش پێشێل نەکات.

هەمـووان دەیانـەوێ وەک یـەک بیـن، ئەگـەر کەسـێک جیـاواز بێـت ئەوە هـەزار ناوونـاتـۆرەی بۆ دەدۆزنەوە.

ئـەم هەڵسـوکەوتە نەخۆشـە کێشـەو دووبەرەکـی و هەسـتی شـارچێتی و ناوچەگـەری لە نێوان تاکەکانـی یـەک کۆمەڵگە دروست دەکات، کۆمەڵـگە ناچـار دەکات ببێتـە مێگەل و بەبـێ بیرکردنەوەو ڕای جیاواز ژیان تێپەڕێنێ.

ڕای جیـاواز نابێـت پەیوەنـدی تاکەکان بشـێوێنێ، بە پێچەوانەوە دەبێ دیالۆگ لە نێوانیاندا دروست بـکات نـەک ئـەوەی جیـاواز بێت دادگایـی بکرێـت. ئـەو کەسـانەی کـە پەنجە بـۆ مانگ درێـژ دەکەن لەجیاتـی مانـگ تەنهـا پەنجـەی خۆیان دەبینن.

لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنـی ئەمجـارەدا و لەسـەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتدا، ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی زۆر زەق لە میدیاکان و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەدی دەکرێت.

لایەنـە سیاسـییەکان و هەوادارانیـان یەکتـر قبـووڵ ناکەن و هێرشـی فەیسـبووکی دەکەنـە سـەر ئەندام و پاڵێوراوی یەکتر بە شـێوازێکی دوور لە شارستانیەت و بەبێ ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

هێرشـی هـەواداران و لایەنەکان بـۆ سـەر یەکتـری ئەوەنـدەی بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی دەنگ و شکاندنی کەسایەتیەکانە، نیوەێندە گفتوگۆ و دیالۆگ نییە لەسەر پرۆژە و بەرنامەی کار. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئـەو حیزبانە کـە هەریەکەیان لە پەیڕەو پرۆگرامی خۆیاندا باسـی دیموکراسـی و مافـی مرۆڤ دەکەن و دەڵێـن ئێمە لەپێنـاو بەدیهێنانی خۆشـبەختی بۆ مرۆڤەکان دروست بووین، کار بـۆ ئـەوان دەکەیـن و ژیانێکی باشتریان بۆ دابین دەکەین و سیسـتەم و یاسا دەگۆڕین، بەڵێ ڕەنگـە ئـەم قسـەیە ڕاسـت بێت، دەیگـۆڕن بۆ ئەو شـێوازەی خۆیان دەیانەوێ نـەک وەک ئەوەی خەڵک دەیـەوێ. لای کەسـانی دەمارگیر و دژە دیموکراسـی و ناوچەگەرایـی هـەر بیروبۆچوونـی خۆیـان پـێ ڕاستەو ئەوەی خەڵکی شار و کوڕی گەڕەک نەبێت نرخـی نییەو ئەوەی لەگـەڵ ئـەوان نەبێت خۆفرۆشـە، با لە پێناو سـەرکەوتنی پرۆسـەی دیموکراسی و پاراسـتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەرژەوەندی بـاڵای خەڵـکی کوردسـتان واز لەم بیرکردنەوە سـەقەتانە بهێنین و ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتر بگرین.

ئێوارە پێکەوە نانیان خواردبوو

# خاڵ خوشکەزای کوشت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- گەرمیان**

نانخواردن و میوانـداری نەبوونە ڕێگر لەبەردەم ئەو پیاوەی کە دەسـتی چووە کوشتنی کچی خوشکەکەی. بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژ بـە ئافرەتان لە گەرمیان دەڵێت "ئەو کچە لە نێو حەوشەی ماڵەکەیان کوژراوە، هێشتا نازانین لەسەر چی کوژراوە".

ئێـوارەی 2014/4/17 لـە گەڕەکـی ئازادی شـارۆچکەی چەمچەمـاڵ کچێک بـە ناوی باخـان ڕەمـەزان حەیدەر، 15 سـاڵ، بە چوار گولله کوژرا. لەسەر ئەو تاوانە، برایەکی کچەکە دەستگیرکراوە و فەرمانی گرتنی خاڵیشی دەرچووە وەکو تۆمەتباری سەرەکی کوشتنی باخان.

باخـان کچی ماڵەوە بـووە. بەرلەوەی لەدایـک ببێـت، خێزانەکـەی کێشـەی تێدابـووە، باوکـی بەهـۆی کوشـتنی پیاوێکـەوە ئاوارەی ئێران بووە و تاوەکو ئێسـتا ناوێرێت بگەڕێتەوە کوردسـتان. خێزانەکەشـی ماوەیەکـی کەمـە گەڕاونەتەوە کوردستان.

موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژ بـە ئافرەتان لە گەرمیان، باسـی کوشـتنی باخانـی بـۆ (تـۆڕی میدیایـی ڕووداو) گێڕایەوە.

موقەدەم لەمیعـە لە ژیانی باوکی ئەو کچەوە دەسـتیپێکرد و گوتـی "نزیکەی 20 سـاڵ دەبێت باوکـی باخان پیاوێکی کوشـتبوو، بۆیە چووبووە ئێران، ماوەی 5 مانگـە ژن و منداڵەکانی هاتوونەتەوە چەمچەمـاڵ، بـەڵام باوکـی هێشـتا لـە ئێرانە".

موقەدەم لەمیعە باسی کاتی کوشتنی باخانـی کرد "ئێـوارە خاڵی لـە ماڵیان میـوان بـووە و نانی خواردووە، پاشـان بانگی باخانی کردووە و لە نێو حەوشەی ماڵەکەیـان بـە دەمانچە چـوار گوللەی لێـداوە، گوللەکانیـش بـە مل و سـینگ و سـکی کەوتـوون، بەرلـەوەی بگاتـە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە".

دوای ڕووداوەکـە، خاڵـی کچەکـە کە تەمەنـی 25 سـاڵە و ژنـی نەهێنـاوە، هەڵاتووە. موقەدەم لەمیعە گوتی "دەڵێن ئـەو پیاوە لـە هەولێـر لـە دەزگایەکی ئەمنی دەوام دەکات".

خاڵی کچەکە تۆمەتباری سـەرەکییە، بـەڵام بـرای کچەکـە دەسـتگیرکراوە، موقەدەم لەمیعە گوتی "لەکاتی ڕووداوەکە برای کچەکە کە تەمەنی 17 سـاڵە لەماڵ بووە، ئەو بەپێی ماددەی 405 دەستگیر کـراوە، برای ئـەو کچە لـە ئیفادەکەیدا دانـی نا بەوەی ئـەو خاڵـەی بەرنامەی هەبـووە بـۆ کوشـتنی خوشـکەزاکەی، دەڵێت کاتێک خوشـکەکەم کوژرا، خاڵم بە ئێمـەی گوت ئەگەر بـە دوامانـدا بێن دەتانکـوژم، لەگـەڵ تەقەکـردن خەڵک هاتوونەتـە ژوورەوە، بـەڵام برای کچەکە ڕێگـری کردووە بێنە ژوورەوە، بۆیە برای کچەکـەش تۆمەتبـارە و خۆیشـی گوتی خۆم بە تاوانبار دەزانم و ئامادەم سـزای یاساییم بدەن".

تائێستا دایکی باخان سکاڵای لە دژی براکـەی تۆمار نەکردووە، بەپێی لێدوانی موقەدەم لەمیعـە، دایکی باخان گومانی هەیە لەوەی براکەی، کچەکەی کوشتبێت "دایکی ئەو کچە لـە ئیفادەکەیدا دەڵێت نازانـم چۆن کوژراوە و بۆچـی کوژراوە، بـەڵام دەڵێـت خاڵـی بانگـی کردووەتە دەرەوە، دوای 2 خولـەک لەو بانگکردنە کـوژرا، دەنگی تەقەمان بیسـت، ئەگەر بزانم براکەمە سکاڵا لەدژی تۆمار دەکەم، بەڵام جارێ سکاڵا تۆمار ناکەم، پێمگوت باشـە بۆ هەموو خاڵەکانی لە پرسـەکە بـوون، تەنیا ئـەو لە پرسـەکە نەبووە؟ ئێمـە دڵنیایـن ئـەو خاڵـەی باخانـی کوشتووە".

هەتـا ئێسـتا پۆلیس نازانێـت باخان بۆ کـوژراوە، موقـەدەم لەمیعـە دەڵێت "لێکۆڵینەوەکانمـان بەردەوامـن و نەگەیشتووینەتە ئەنجام، نازانین کێشەی کۆمەڵایەتییە یان مەسـەلەی ناموسـە، ئەگەر کێشەی کۆمەڵایەتی بێت، کێشەی هێنـدە گەورەیان نەبووە تا باسـی لێوە بکرێت، هیچ پەیوەندیشـی بە کێشەکەی باوکییەوە نەبووە، لە ڕووی ناموسیشەوە ماڵی یەکێک لە ئەفسەرەکانمان بەرامبەر ماڵـی ئـەو کچەیـە و دەڵێت ئـەو کچە زۆر بێدەنـگ بووە، هیچ شـتێکی خراپی لەسەر نەبیستووە، ئەو کچە تەمەنی زۆر بچووکە و منداڵە".

وەک موقـەدەم لەمیعە دەڵێت "ئەوە یەکەم حاڵەتی کوشتنی ژنانە لە گەرمیان لـە سـاڵی 2014، زانیـاری باشیشـمان دەسـتکەوتووە لەسـەر کوشـتنی ئـەو کچـە، بەرچـاو ڕوونیمان هەیـە لەبارەی ڕووداوەکە".

# پێشمەرگەیەکی پارێزگاران دەکوژرێت

**عومەر چاوشین و فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- ڕانیە**

پێشـمەرگەیەکی پارتـی پارێزگارانـی کوردستان لەنێو یەکێک لە بارەگاکانی ئەو حیزبە بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی دێت، تاوەکو ئێستاش دیار نییە ئەو کەسە خۆی کوشتووە یان فیشەکی لەدەست دەرچووە.

ڕۆژی 2014/4/17 لـە ڕووداوێکـی نادیاردا پێشمەرگەیەکی پارتی پارێزگاران لەنـاو بـارەگای لقی ڕاپەڕینی ئـەو حیزبە بە فیشـەکێک کۆتایی بـە ژیانی هات، ئەو پێشـمەرگەیە کـە نـاوی نەجات فرسـەت ئەحمەدە، تەمەنی 28 سـاڵە و دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینە لە قەزای ڕانیە. بەڵام کەسوکاری تاوەکـو ئێسـتا سکاڵایان لەسەر کـەس تۆمـار نەکردووە.

ئارام جـەلال، ئامۆزای نەجـات، گومان دەکات ڕووداوەکـە خۆکوشـتن بێـت، بۆیە کەسـی تۆمەتبار نەکرد. ئارام بە (ڕووداو)ی گوت "ئامۆزاکەم هیچ کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوو، تەنیا نەخۆشی غوددەی هەبوو، بەڵام کەمێک بـاری دەروونی تەواو نەبـوو، زوو زوو هەڵدەچـوو. ئەگەرنـا لەباری ئاسـاییدا کەسـێکی زۆر باش بوو، خۆشەویست بوو لەناو کەسوکارەکەماندا".

ئارام گوتیشـی "ڕووداوەکە قەزاوقەدەرە و باوەڕمـان بـەکاری خودا هەیـە و داواش لەسـەر کەس تۆمار ناکەین، ئەو تائێسـتا خێزانـی دروسـت نەکردبـوو، سـەرەڕای خزمایەتـی هـاوڕێ و هاتەمەنیشـم بـوو، بەڵام تائێسـتا لەلای کەسمان باسی کێشە و ناخۆشـی نەکردووە، بۆیە وای دەبینین کە دەستی کەسی تێدا نەبووە".

ئەحمـەد عەبدوڵـڵا خەیلانـی، ئەندامی سـەرکردایەتی و بەرپرسـی لقـی ڕاپەڕینی پارتی پارێزگارانی کوردستان سەبارەت بەو ڕووداوە گوتـی "ئەو کوڕە ماوەی 6 سـاڵە پێشـمەرگەی ئێمەیـە، دیارە ئـەم ڕووداوە لـەدوای ئەوە بووە کە نانی خواردووە دواتر لە ژووری پاسـەوانەکان کە بەتەنیا بووە بە فیشـەک گیانی لەدەسـتداوە، ئەوەی ئێمە بیزانین هیچ نەخۆشییەکی دەروونی نەبووە، بەڵام ماوەیەک بوو تەندروستی باش نەبوو".

ئەو ئەندامەی سـەرکردایەتی پارێزگاران گوتیشـی "یاسـا لە ڕووداوەکە کاری خۆی دەکات، ئێمـە هـاوکاری یاسـا دەبیـن و لەمەودوا وەک شـەهیدی پارتی پارێزگاران سەیری دەکەین".

لـە کوردسـتان زوو زوو ڕووداوی هاوشـێوە ڕوودەدەن. لە سەرەتای ئەمساڵ پێشـمەرگەیەکی یەکێتـی کـە ئەویش هەر خەڵکی ڕانیە بوو، لەکاتی دەوامی ئاسـایی خـۆی کـە پاسـەوان بـوو لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەروەهـا لـە مانگی شـوباتی ئەمسـاڵ پێشـمەرگەیەکی حیزبـی شـیوعی بـە هەمانشـێوە لە قەزای بنەسـڵاوە بە چەک هەوڵی خۆکوشـتنی دا، بەڵام لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو.

نەقیبـی پۆلیـس مسـتەفا محەممـەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین سـەبارەت بـە کوژرانـی پێشـمەرگەکەی پارێـزگاران بـە (ڕووداو)ی گـوت "ئـەو پێشـمەرگەیە بە فیشـەک لەناو بـارەگای پارتـی پارێـزگاران گیانـی لەدەسـتداوە. پۆلیسی ڕانیە دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد".

ناوبراو گوتیشی "لە ئەنجامی بەدواداچوون دەرکەوت فیشەکێکی کلاشینکۆف بەر سەری کەوتـووە، کەسـیش لـە پشـت ڕووداوەکە نەبووە، بەڵکو بەدەستی خۆی بووە. بەڵام ئێمە هەر پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردەوە و تا ئێستا هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە نەزانراوە".







زانا بەهرام
zana_bahram@yahoo.co.uk

# هەڵبژاردنێکیش بۆ میدیای کوردی

ئەگەر بەڕێوەچوونی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە باشووری کوردستان بە هەموو کەموکوڕییەکانیشیەوە هەنگاوێک سیستەمی سیاسی لە کوردستان بەرەو دیموکراسی ببات، بەڵام خودی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لەڕێگەی میدیای حیزبەکانەوە دوو هەنگاو دەمانگەڕێنێتەوە دواوە. ئاخر میدیایەک کە وەک هەر دەزگاو ئۆرگانێکی دیکەی حیزبەکان و لەلایەن حیزبەکانەوە بودجەی بۆ تەرخان کرابێت و کادرەکانی بە تەسکیەو پشتیوانی سەرکردە و مەکتەب سیاسییەکانی حیزبەکان دانرابن و تەنها ئیشیان گەیاندنی پەیامی حیزبەکەیان بێت بۆ کۆمەڵگا و پرۆپاگەندەکردن بێت بۆ ئەو حیزبە لە کاتی هەڵبژاردندا، ئیتر چاوەڕێی ئەوەیان لێناکرێت کە پرۆفێشناڵانە کاری ڕاگەیاندنی خۆیان بکەن و ببنە دەزگایەکی نیشتیمانی بۆ هەمووان و هەلی یەکسان بۆ کاندیدی لیستە جیاوازەکان برەخسێنن و دەرفەتێکیش بدەن بە دەنگدەر بۆئەوەی کە ویژدان و عەقڵی خۆی بەکاربێنێ لە کاتی دەنگداندا.

ئەو جۆرە میدیایە تەنها لە وڵاتە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکاندا ماوە و کاری پێدەکرێت، ئەگینا وەک چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو سیستەمی هەڵبژاردنی ئازادیان دروستکرد تا هاووڵاتیان ئازادبن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان، بە هەمان شێوەش ڕێگرییان کرد لە حیزبەکان لەوەی کە ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، چونکە ئەوان باش لەوە تێگەیشتبوون کە ڕاگەیاندن دەبێتە چەکێکی بەهێز بەدەستی حیزب و گرووپەکانەوە بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

ئەگەر وڵاتێکی وەک بەریتانیا بە نموونە وەربگرین، ئەوە دوو جۆر لە ڕاگەیاندن دەبینین کە یەکێکیان لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە هاوکاری دارایی دەکرێت، بەڵام تەواو سەربەخۆ و بێلایەنە و بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵانە کاری خۆی دەکات. ڕاگەیاندنێکی دیکەمان هەیە کە ئەهلیەو لەسەر قازانجی خۆی دەژیت، بێگومان ئەویش بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن کاری خۆی دەکات.

لە هەموویشی گرینگتر ئەوەیە کە دەزگایەک هەیە بەدواداچوون دەکات بۆ کارەکانی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە و کەموکورتی لە هیچ یەک لەوانە قبوڵ ناکات، بەتایبەتی ئەگەر هەر بەرنامەیەک هەست و شعوری کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵگا بریندار بکات یاخود سەرپێچییەکی یاسایی بکات.

بە بڕوای من ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دیموکراسی بنیاتبنێین، ئەوە یەکەم کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (ئەگەر هەبن) و خەڵکانی ڕۆشنبیر و چالاک ئەوەیە گوشار بخەنە سەر حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی بە یاسایەک ڕێگری بکات لەوەی حیزبەکانی ئێمە لە کوردستان خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیان بن.

چونکە کاری ئەوانە نەک هەر بەفیڕۆدانی سەروەت و داهاتی خەڵکی کوردستانە، بەڵکو بووەتە هۆی سەرلێشێواندن و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە لە نێوان خەڵک و دوولەتکردنی کۆمەڵگاکەمان بەسەر بەرەی شۆڕشگێڕ و خۆفرۆش، گەندەڵ و مەلائیکەت، فریشتە و شەیتان... لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو میدیا حیزبیانە بوونەتە شوێنێک بۆ ناساندنی کۆمەڵێک لە کادری حیزبەکان وەک کاندید بەسەر کۆمەڵگاو دەنگدەری کورد کە بە بڕوای من زۆربەی ئەوانە ئەگەر لە کوردستان نەبن لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەو دونیایە ئیشێکی ئاساییان دەستناکەوێت.

بەداخەوە تەنیا ڕاگەیاندنی حیزبەکان نین کە دوور لە بنەماکانی کاری پیشەیی و ڕۆژنامەوانی کاردەکەن، بەڵکو ئێمە جۆرێک لە ڕاگەیاندنی ئەهلیشمان هەیە کە بەشداره لەو پرۆسەی بە لاڕێدا بردنەی کۆمەڵگەدا.

ڕاگەیاندنی ئەهلی لە کوردستان ناڕاستەوخۆ خۆی کردووەتە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات.

ئەگەر مانشێت و ڕاپۆرتەکانی ئەو دەزگا ئەهلیانە بخەیتە بەردەم خەڵک بەبێ ناوی دەزگاکان، لەو بڕوایەدام کە خەڵک وا دەزانێ ئەوانیش ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆنن.

ئەوەش کارەساتە میدیایەک بەخۆی بڵێ (ئەهلی و سەربەخۆ) و تەمەنی نزیکەی 15 ساڵ بێت، بەڵام بێ ئاگا بێت لە سەرەتاییترین زانستی کاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن کە ئەویش بێلایەنییە لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە وڵاتێک 22 ساڵە حکومەتی هەبێت، بەڵام یاسایەکی نەبێت بۆ لێپرسینەوە لە کاری میدیایی و ڕێگە بدات بە کۆمەڵێک خەڵک بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی یاری بە عەقڵی خەڵک بکەن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بنەما و ڕاپۆرتی بێ سەرچاوە و فاکت.

لە دونیای دیموکراسی و مۆدێرنی ئەمڕۆدا، شوێنێک نییە بۆ ئەو جۆرە یاریکردنە کە ڕاگەیاندنی ئەهلی دەیکەن لە کوردستاندا. لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە ڕۆژنامەیەک یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەڵەیەک دەکات، ئەوە بە پارەیەکی یەکجار زۆر غەرامە دەکرێت و کەسیش کەمپینی بۆ ناکات لە دژی حکومەت، چونکە لە وڵاتێکدا کە حکومەتەکەی بە هەڵبژاردن و بە دەنگی خەڵک هاتبێتە دەسەڵات، لەوە ناترسێت کە شەفاف بێت لە بڕیار و کارەکانی و هەموو ڕۆژنامەنووسێکیش دەتوانێت دەستی بگات بە زانیاری و سەرچاوەی فەرمی بۆ هەر هەواڵێک، ئەمەش دەرفەت لەبەردەم هەواڵی بێ سەرچاوە ناهێڵێتەوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەهلی و قازانج ویست کە دەکرێت ئەوەش یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەو بێ سەروبەرییەی ئەمڕۆ لە میدیای ئەهلی لە کوردستاندا هەیە.

## کوردستان چ جۆرە میدیایەکی پێویستە؟

**ئەمڕۆ لە کوردستان سێ جۆر لە میدیامان هەیە کە ئەوانیش:**


میدیای حیزبی کە میدیای هەموو حیزبەکان دەگرێتەوە، هەروەها میدیای ئەهلی کە زۆربەیان دەگرێتەوە، بەڵام میدیایەکی پرۆفێشناڵیش خەریکە دروست دەبێت لە کوردستان کە ئەوانیش دەتوانم بڵێم بریتین لەماڵپەڕی خەندان، تەلەڤیزیۆنی NRT و هەروەها ڕووداو. ئەگەرچی ئەوانیش لەڕووی کارکردنیانەوە بێ کەموکووڕی نین، بەڵام پێمولیە (ڕووداو) بەتایبەتی وەک شۆڕشێکی میدیایی وابوو لە کوردستاندا کە توانی بە ماوەیەکی کەم بێلایەنبوون و پرۆفێشناڵبوونی خۆی بسەلمێنێ لە گواستنەوەی نەک تەنیا هەواڵەکانی باشووری کوردستان، بەڵکو هەرچوار پارچەکەی کوردستان. پێمولیە ئەوەش هەنگاوێکی گەورە بوو لەناو میدیای کوردیدا کە کەناڵێک لەسەر ستایلی ئەلجەزیرە ئیش بکات. بەڵام بێگومان کاری ئەو جۆرە لە میدیا پرۆفێشناڵە زۆر قورسترە لە هەردوو جۆرەکەی دیکەی میدیا لە کوردستان، بۆچی؟

لەبەرئەوەی بۆ زیاتر لە 20 ساڵە میدیای حیزبی لە کوردستان ئیش لەسەر میکیاجکردنی سەرکردەکان و بە نیشتیمانیکردنی هەواڵەکانی حیزب دەکەن بۆ کۆمەڵگا. لە دوای ساڵەکانی 2000ەوە جۆرێکی دیکە لە میدیای ئەهلی دروستبوو کە بە پێچەوانەی میدیای حیزبی کاری ئۆپۆزیسیۆنیان کردووە لەناو کۆمەڵگادا و زۆربەی سەرچاوەی هەواڵەکانیان بریتی بووە لەو کەسانەی دەنگی ناڕازیبوون لەناو حیزبەکاندا. ئەو کەسانەش ئەو جۆرە میدیایەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە بۆ شکاندن و لاوازکردنی ڕکابەرەکانیان لەناو حیزبەکانی خۆیان یان لە حیزبی دیکەدا.

جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا کۆمەڵگایەک بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ، ڕۆژانە و هەموو سەرە سەعاتێک و بە بەردەوامی هەوڵی چەواشەکردنی درابێت لەڕێگەی ئەو دوو جۆرە میدیایە لەپێناوی بەرژەوەندی حیزبەکان یان لەپێناوی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی کۆمەڵە خەڵکێکی ناڕۆژنامەوان و نا پرۆفێشناڵ، دەتوانێت وا بە ئاسانی بایکۆتی ئەو دوو جۆرە میدیایە بکات و ڕوو بکاتە کەناڵێک کە ڕووداوە نیشتمانییەکانی لەسەرووی هەواڵی حیزبەکانەوە دانابێت و کەناڵێک بێت بۆ کاندیدی هەموو حیزبەکان تا قسەی خۆیانی تێدابکەن و پرۆژەکانیان (ئەگەر هەیانبێت) بۆ دەنگدەران ڕوونبکەنەوە؟

لێرەدایە کە کاری میدیایەکی وەک (ڕووداو) یان هەر دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن کە هەمان ڕێچکەی (ڕووداو)ی گرتووە قورستر دەبێت، چونکە ئەوان دەبێت بە پێچەوانەی هەردوو جۆرەکەی دیکەی میدیا کار بکەن، بۆئەوەی خەڵک لەو دوو جۆرەی دیکەی میدیا بستێننەوە و نەهێڵن لەوە زیاتر بینەر و خوێنەری کوردستان ئالوودە بن بە هەواڵ و بەرنامەی بێ بنەما و ناڕاست. من دڵنیام داهاتوو هەر بۆ ئەو میدیایەیە کە هی هەمووانە بەبێ جیاوازی.

ئەو میدیایەی کە بە شێوەیەکی پیشەییانە و پرۆفێشناڵانە هەواڵ و زانیاری دەگوازێتە بۆ خەڵک و کۆمەڵگا. ئەو میدیایەی کە نە بە شانوباڵی کەسدا هەڵدەدات و نە هێرش بۆ هیچ کەس و لایەنێک دەبات.



ئیحسان تاهیر

# ئێوەش وەک من خەم بخۆن

سێلڤیۆ بێرلسکۆنی، ملیاردێرە، چەندین ساڵ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا بووە. کاتێک ئاشکرابوو کە خۆی لە دانی باجەکانی دەوڵەت دزیوەتەوە، بڕیار درا 4 ساڵ بخرێتە زیندانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنی 77 ساڵەو بە پیرەمێرد هەژماردەکرێت، بەپێی یاسای دەوڵەت سزاکەیان بۆ گۆڕی بە خزمەتکردنی پیرەمێرد و پیرەژنەکانی خانەیەکی بەساڵاچووان بۆ ماوەی یەک ساڵ. من هیچم نییە بیڵێم تەنیا ئەوە نەبێت کە دڵم بەخۆمان دەسووتێ، چونکە لەم وڵاتەی من ئەگەر بەرپرسیش نەبی تەنیا ئەوەندە بەسە کوڕە بەرپرسێکی بچووک بیت، بۆ ئەوەی لە یاسا گەورەتر بیت و مافی (بە کەیفی خۆت بگرە و بدزە) بەدەستبێنی.

سەروەریی یاسا بناغەی یەکەم و سەرەکی سەرکەوتنی هەر ئیدارەیەکە، جا لە بەڕێوەبردنی خێزانێکەوە تاوەکو دەگاتە وڵاتێک، بۆیە فرانسیس بیکۆنی فەیلەسوف و بیرمەندی ئینگلیزی دەڵێت "ئەگەر دەوڵەت ڕێزی لە بنەماکانی یاسا نەگرت، ئەوا یاساش ڕێز لە بنەماکانی دەوڵەت ناگرێت". وەک ئەوەی ئەو فەیلەسوفە بیەوێ پێمانبڵێت "تاوەکو لە مەملەکەتەکەی ئێوەدا یاسا سەروەر نەبێت، بۆ هەژار و دەوڵەمەند، بەرپرس و خەڵکی ئاسایی وەک یەک نەبێت، بیر لە دەوڵەت مەکەنەوە".

ڕۆژئاواییەکان کاتێک توانییان وڵاتی جوان و حکومەتی بەهێز دابمەزرێنن کە بیرۆکەکانی بیردۆزی (دەوڵەتی یاسا)ی ئیمانوێل کانتی فەیلەسوفی ئەڵمانییان لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا جێبەجێ کرد. بەبۆچوونی ئەو فەیلەسوفە، دامەزراندنی وڵاتێکی خۆشگوزەران و پڕ لە ئاشتی ئامانجی ڕەهای یاسایە، بەڵام بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستە دەوڵەت لە کۆمەڵێکی زۆر خەڵک پێکبێت، هەموویان لە سایەی یاسایەکی دادپەروەرانەدا بژین کە یەکسانی و دادپەروەری نێوان هەموو تاکەکان بەبێ هیچ ئیعتیبارێک مسۆگەر بکرێت. بۆیە لە ئیتاڵیا کاتێک ملیاردێرێک و کوڕە هەژارێک بێڕێزی بەرامبەر یاسا دەکەن، بە یەک یاسا سزا دەدرێن، کاتێک سەرۆک وەزیران و پەناهەندەیەک کە بە ڕەگەز ئیتاڵیش نەبێت باجی دەوڵەت نادەن، وەک یەک دەچنە زیندانەوە، بەڵام لەو مەملەکەتانەدا کە یاسا تەنیا ئامرازێکی دەستی بەهێزەکانە بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەکاریدەهێنن، لە تەرازووی مەنتیق و هەقدا نابێت بەو مەملەکەتانە بگوترێت دەوڵەت، بەڵکو ئەوانە تەنیا شوێنێکی جوگرافین کۆمەڵێک خەڵک تێیاندا دەژین بۆ خزمەتکردنی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ڕەزیلترین و بێبەهاترین شتیش تێیاندا یاسایە.

دەبینین کە ئەو وڵاتانەی ڕێز لە یاسا ناگرن بوونەتە یاری دەستی وڵاتانی دیکە، هەمیشە شەڕ و ئاشوب، کوشتن و ماڵوێرانی بەشیانە، چونکە هێز و هەیبەت تەنیا لە سەروەریی یاساوە وەردەگیرێت. بەبێ یاسا لاواز و لەرزۆک دەبن، خۆ ئەرستۆتالیس بە خۆڕایی نەیگوتووە "تەنیا بە یاسا و دادپەروەری دەتوانی دوژمنەکەت ببەزێنی". ئەردەشێر بن بابکی شای بەناوبانگی ساسانییەکانیش گوتوویەتی "ئەگەر دەوڵەت و دەسەڵات حەزیان لە دادپەروەری و سەروەریی یاسا کرد، هاووڵاتیان زۆر حەزدەکەن گوێڕایەڵیان بن". زۆر حەزدەکەم زۆرترین کەس ئەم وتارەم بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک من خەم بخۆن لەو بێڕێزی و بێسەروبەرییە زۆرەی لە مەملەکەتی خۆماندا دەرهەق بە یاسا هەیە، کە بەڕای من وەک ئەردەشێر دەڵێت "لەبەر ئەوەی حکومەتەکەمان حەزی لە یاسا نییە، خەڵکیش حەزی لە ڕێزگرتن لە یاسا نییە".

پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) فەرموویەتی "ئەو نەتەوانەی پێش ئێوە، لەبەرئەوە تووشی هەلاکەت و لەناوچوون بوون، چونکە کاتێک گەورەکان دزییان دەکرد وازیان لێدەهێنان، بەڵام کاتێک هەژارەکان دزییان دەکرد سزا دەدران".

# ئەمەیە کارەسات و تراژیدیای زانستی

**بۆ بەڕێزان:**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری خوێندنی باڵا**

زۆر بەپێویستی دەزانم لە پرسێکی زۆر گرنگ و هەستیاری زانستی ئاگادارتان بکەمەوە، کە ئەویش گرێدانی توانا زانستییەکانی مرۆڤە بە مەرجی تەمەنەوە، بەتایبەتیش کە ئەم حاڵەتە لە بەرامبەر مامۆستایەکی زانکۆدا بکرێت، واتە دانانی مەرجی تەمەن لەبەردەم مامۆستایەکی زانکۆدا کە خوازیاربێت خوێندنی دکتۆرا تەواوبکات.

ئایا ڕەوایە مامۆستایەک کە بەزۆر بەڵگە خاوەن توانا و ئاستێکی زانستی و ئەکادیمی زۆرباش و پێشکەوتوو بێت، ڕێگەی نەدرێ خوێندنی دکتۆرا تەواوبکات، تەنیا لەبەرئەوەی چەند مانگێک جیاوازی تەمەنی هەیە لەگەڵ ئەو سەقفی تەمەنەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە 50 ساڵ دیاری کردووە، بەتایبەتیش کە لە پێشبڕکێی زانستیی وەرگرتن لە خوێندنی دکتۆرا بەپلەی یەکەم دەرچووبێت؟ ئایا ئەمە ناهەقی و پێشێلکردنێکی زۆر گەورەی مافی زانستی و پیشەیی مامۆستایەک نییە؟ ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵا بە کام پێودانگ و بەڵگە دەتوانێت بیسەلمێنێ کە ئەو مەرجەی ڕاست و زانستیانەیە؟ ئایا ئەم وەزارەتە دەبێت کۆسپ و تەگەرە بخاتە بەردەم توانا زانستی و ئەکادیمییەکانی مامۆستاکانی یان زیاتر هانیان بدات و کارئاسانییان بۆ بکات بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئەو تواناییانەیان؟

بەڕێزان دوای ئەوەی بەڕێگەی جۆراوجۆر بەدواداچوونم کردووە، لە زانکۆی هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا مەرجی تەمەن نەک بۆ چەند مانگ و چەند ساڵێک، بەڵکو بۆ تەمەنێکی زۆر زۆریش لەبەردەم تەواوکردنی خوێندندا نییە، بگرە ڕێز و ستایشی ئەو مامۆستایانە دەکرێت کە لەتەمەنێکی زۆردا سەرکەوتنی زانستیانەی خۆیان دەسەلمێنن. کەواتە ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵای ئەم هەرێمە دەبێت چاو لەزانکۆ پێشکەوتووەکان بکات یان زانکۆ دواکەوتووەکان؟

داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم کە بەزوویی و جیدیانە ئاوڕ لەم کارەساتە گەورە و ترسناکەی ئەم وەزارەتە بدەنەوە و کۆتایی بەو تێگەیشتنە چەوت و نازانستیە بهێنرێت کە زۆر بەداخەوە کەسانێک لە ئەنجوومەنی ئەم وەزارەتەدا خاوەنین، ئەوەش بەدەرکردنی بڕیارێک بۆ لابردنی ئەو مەرجە لەتەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا و تەنانەت ماستەریشدا..

**محەممەد سابیر کەریم**

**مامۆستای فاکەڵتی یاسا و ڕامیاری- زانکۆی سلێمانی**

ڕەوەند حەمەجەزا
rawandroman@ymail.com

# وانەبێژانی پەروەردەی سلێمانی لە 2013 وە مووچەیان وەرنەگرتووە

وەک ئاشکرایە سیستەمی پێدانی مووچە بە وانەبێژان بەپێی ئەو بەشە وانانەیە کە دەیڵێنەوە لە مانگێکدا. بۆ هەر وانەیەک بڕی 4000 دینار دیاریکراوە بۆ خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس. لەکاتی پشووەکانیشدا هیچ پارەیەکیان بۆ نایەتە هەژمارکردن.

واتا ئەگەر مامۆستایەک لە هەفتەیەکدا 20 بەشە وانەی هەبێت و مانگەکەش بە تەواوی و بێ پشوو دەوام بکات (کە ئەمە دەگمەنە)، ئەوە ئەو وانەبێژە دەبێت بڕی 320000 هەزار دینار وەربگرێت کە ناگاتە نیوەی مووچەی مامۆستایەکی تازە دامەزراویش ئەگەر کەمترین بەشە وانەیشی هەبێت.

سەرەڕای ئەمەش وانەبێژانی سنووری پەروەردەی سلێمانی لە مانگی 2013/11ەوە کرێی وانەبێژییەکانیان وەرنەگرتووە، واتا ئەوە نزیکەی 5 مانگ تێپەڕ بووە و تا ئێستا کرێکەیان پێنەدراوە.

لە بەدواداچوونێکدا بۆ ئەم پرسە پەیوەندیمان بە (م. نەجمەدین عەلی) بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانییەوە کرد و پێیگوتین کە ئەوان وەزارەتیان لەم بابەتە ئاگادار کردووەتەوە، هەروەها بەڕێز ڕەشید تاهیریش ئاگادار کراوەتەوە، کرێی هەموو وانەبێژانیان کردووە بە چەک و دراوە بە بانکەکان، بانکەکانیش چاوەڕێی ئەمرن بۆ ئەوەی پارەکە سەرف بکەن.

بەڵام گوتی بەهۆی نەبوونی پارە لە بانکەکاندا کرێی وانەبێژەکان دواکەوتووە، بە هەمانا هۆیش تا ئێستا نازانین ئایا کەی کرێی وانەبێژەکان سەرف دەکرێت؟

بۆ هەمان بابەت مامۆستایەکی وانەبێژ گوتی "من لە دوای مانگی 11ەوە دینارێکم وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا کرێی 4 مامۆستای وانەبێژ هاوتای کرێی پۆلیسێک نییە، نازانم بۆ حکومەتی هەرێم دەتوانێت مووچەی هەزاران پۆلیس دابین بکات، بەڵام ناتوانێت کرێی چەند سەد وانەبێژێک دابین بکات؟

هەروەها گوتی من سەرم سوڕماوە لە بێباکی و خەمساردی پەروەردەی سلێمانی بەرامبەر بەم پرسە، کە من دڵنیام ئەگەر لە کرێی فرۆشگاکانیش دابینی بکات دەتوانێت دابینی بکات. بەڵام ئەگەر موشریف و بەڕێوەبەرانی تەربیە خۆیان مووچەی ملیۆنییان هەبێت، لەکوێ لە خەمی وانەبێژاندا دەبن کە وەک خێر و پیاوەتی وانەکان دەڵێنەوە، بە مووچەیەکی 190 هەزارییەوە.

بەڵام ئەوەی وایکردووە من و بەدڵنیاییەوە سەرجەم مامۆستاکانی دیکەی وانەبێژ وەک من بەردەوام بین لە دەوامکردن، تەنها خەمخۆری و دڵسۆزییە بۆ پرۆسەی پەروەردە و منداڵانی هەژار و خزمەتی وڵات، نەک لەبەر 190 هەزار دینار یان شتێک زیاتر، لە کاتێکیشدا 5 مانگ جارێکیش وەریبگری.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (306) دووشەممە 2014/4/21

## زوبێر ساڵح مەلای جزیری بڵاوکردەوە



**ڕووداو – هەولێر**

هونەرمەند زوبێر ساڵح دوایین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە کە لە 8 تراک پێکهاتووە و سەرجەم تێکستی گۆرانییەکانیشی شیعری شاعیری گەورەی کورد مەلای جزیرین. زوبێر ساڵح، لەبارەی ئەو بەرهەمەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو بەرهەمەم لە ساڵی 1996 ئامادەکردووە، بەڵام دەرفەت نەبوو بڵاوی بکەمەوە. ئێستا بە سپۆنسەریی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) بڵاوی دەکەمەوە". گوتیشی "بەرهەمێکی زۆر پرۆفیشناڵە و لەو باوەڕەدام پێشوازییەکی گەرمی لێبکرێت". زوبێر ساڵح کە خەڵکی شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستانە، ماوەی 18 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی.

# "هەنگەوان" یەکەم خەڵاتی وەرگرت




**ساڵح کەڤریی**
**ڕووداو- ئیتاڵیا**

هەفتەی ڕابردوو فیلمی "هەنگەوان"ی مانۆ خەلیل لە فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی بۆزێنای ئیتاڵیا نمایش کرا و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

مانۆ خەلیل کە تاوەکو ئێستا زۆرجار لەسەر ئاستی باڵا خەڵاتکراوە، لەم فیلمەدا باسی بەسەرهاتی کوردێک دەکات بەناوی ئاپێ ئیبرۆم (ئیبراهیم گەزەر) کە تاوەکو ساڵانی 1990 یەکێک بووە لە دیارترین هەنگەوانەکانی باکووری کوردستان، بەڵام لەبەر زوڵم و گوشارەکانی دەوڵەتی تورکیا ئاوارەی سویسرا دەبێت و لەوێ لە چیاکانی ئەلپ درێژە بە پیشەی هەنگەوانی دەدات.

مانۆ خەلیل ساڵی 1964 لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و لە سویسرا دەژی.

# کچانی هەولێر منداڵان فێری میوزیک دەکەن




**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی گرووپی میوزیکی کچانی هەولێر بە فەرمی مۆڵەتیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرت، ئێستا بەنیازن خولی فێربوونی میوزیک بۆ منداڵان بکەنەوە.

دیدە فەریدون، بەرپرسی بەشی هونەریی گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی گۆرانیمان سازکرد، ئێستا مۆڵەتی فەرمیمان وەرگرتووەو بەنیازین لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو خولی فێربوونی میوزیک بۆ منداڵانی تەمەن چوار ساڵ تاوەکو 15 ساڵان بکەینەوە."

# کلیل دەرگای هۆڵیود بۆ کورد دەکاتەوە




**ڕووداو- سلێمانی**

کورتە فیلمێکی سینەماکار و دەرهێنەرێکی کورد بەشداری پێشبڕکێیەکی کورتە فیلم لە هۆلیوود دەکات.

فیلمی کلیل و ماڵ کە لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شوان عەتوفە، لەلایەن لیژنەی باڵای فێستیڤاڵی هۆڵیوود مەگەزین بۆ کورتە فیلم پەسەند کرا.

شوان عەتوف باسی ناوەڕۆکی کورتە فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "لەو فیلمەدا دەمەوێت بە جیهان بڵێم کە سەدەی بیست سەدەیەکی پڕ لە تراژیدیا بوو بۆ کورد، بەڵام جیهان بێدەنگی هەڵبژارد بەرامبەر ئەو هەموو تراژیدیایە و کوردی بە تەنیا جێهێشت".

ئەو کورتە فیلمە ماوەکەی 15 خولەکە و 12 ئەکتەر بەشدارییان تێدا کردووە. فیلمەکە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانییە.

# ڕاگواستنی فەیلییەکان دەکرێتە دراما




**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەر ناسر حەسەن سەرقاڵی دۆزینەوەی لۆکەیشنە بۆ ئەو درامایەی کە بەنیازە بەرهەمی بهێنێت دەربارەی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە.

ناسر حەسەن سەبارەت بەو درامایە بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەر ئەوەی کوردە فەیلییەکان خزمەتێکی باشیان بە عێراق کردووە و توانیویانە بۆ یەکەمجار قوتابخانەی ئەهلی لە بەغدا بکەنەوە، درامایەک بەرهەمدێنم کە باسی کوردە فەیلیەکان دەکات لە ساڵانی پەنجاکانەوە تا ساڵی 2003".

ئەم درامایە لەو شوێنانە وێنەی دەگیرێت کە پێشتر کوردی فەیلی لێ ژیاوە وەک خانەقین و بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق.

# عادل و نالیا هەورامی دوێت دەکەن



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ عادل هەورامی سەرقاڵی کاری کلیپکردنە بۆ گۆرانییەک بەناوی "سەحەر" کە بە دوێت لەگەڵ گۆرانیبێژ نالیا هەورامی دەیڵێن.

عادل هەورامی دەربارەی ئەم بەرهەمە نوێیە بە (ڕووداو)ی گوت "سەرجەم کاری ستۆدیۆ تەواو بووە و ئێستا سەرقاڵی کاری کلیپکردنین و بەم زووانە بڵاوی دەکەینەوە". تێکست و میلۆدی گۆرانییەکە فۆلکلۆرە و کاری ستۆدیۆی لەلایەن بڵند قەرەداغیەوە بۆ کراوە. عادل گوتی "ئەم بەرهەمە بە شێوازێکی زۆر مۆدێرن کاری تێدا کراوە، لە کلیپەکەدا ستایلێکی تایبەتمان بەکارهێناوە".

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
ئەو کەسانەی لێت تێدەگەن دەتوانن هاوکاریت بکەن لەچارەسەرکردنی گرفتەکاندا. کەللەڕەقی دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و پێویستە خۆت لەگەڵ چواردەورەکەت بگونجێنی و فرسەتێکی لەدەستچووت بۆ دەگەڕێتەوە. هەوڵ بدە مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ گرفتە نوێیەکان بکەیت.

**گا**
ڕێگایەکی نوێ دەبینیتەوە بۆ پێشخستنی پلانەکەت. باری دەرامەت باشتر دەبێت. سەرنجراکێشانتان کاریگەری دەخاتە سەر کەسانی بەرامبەر. یارمەتی هاوکارەکانت بدە بۆ ئەوەی پشتیوانیت بکەن. مەهێڵە ئەو شتانە ماندووت بکەن کە هیچ سوودێکیان بۆ ژیانت نابێت.

**جمک**
نهێنییەکانت تەنیا با لەدڵی خۆتدا بمێننەوە. بەڵێنی گەورە بەسۆزدارەکانتان مەدەن کە پێتان جێبەجێ نەکرێت. دیدارەکانتان زۆر دەبن و هەندێکیشیان بەو شێوەیە دەبێت کە ئێوە دەیخوازن.

**قرژاڵ**
بڕیارێکی یەکجاری زۆر لە کارەکانت بۆ ئاسان دەکات، هەوڵ بدە چەند جارێک بەهێمنی بیر بکەیتەوە و لەگەڵ کەسانێکی نزیکت باسی ئەو بابەتە بکەیت. تووڕەبوون ئاسانە، بەڵام بەدرەنگ دەتوانن دۆخەکان چاک بکەنەوە. لەم ماوەیەدا هێمنی خۆتان بپارێزن.

**شێر**
لەو شتانە خۆت دووربخەرەوە کە بێزارت دەکەن، ئەم هەفتەیە بە دەستکەوتنی بڕە پارەیەک دەستپێدەکات. لەبارەی بابەتێک زانیاری ڕاستت دەستدەکەوێت کە تا ئێستا بەشێوەیەکی دیکە بیرت لێدەکردەوە. هەوڵ بدەن زیاتر لە مەبەستی بەرامبەر تێبگەن.

**گوڵەگەنم**
چەند گوێ لە ڕاوبۆچوونی جیاواز بگریت ئەوەندە بیرۆکەکانت بەهێز دەبن. پەیوەندییەکانت بە شوێنە دوورەکانەوە زۆر دەبێت. هێز و چالاکیتان زیاد دەکات و دەتوانن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا سوودی لێوەربگرن، هەندێک کەس دەخوازن کۆنترۆڵت بکەن.

**تەرازوو**
ماڵ و خێزان بەتەواوی سەرقاڵت دەکەن، بەتەواوی ئاگاداری کارەکانت بە. ڕووبەڕووی گرفتەکان ببەرەوە بەبێ ئەوەی خۆت بەدەستەوە بدەیت، گرفتەکانی ئەم ماوەیە لەو جۆرە نین کە تۆ خۆت بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان ئامادە کردووە بەڵکو ئاسانترن.

**دووپشک**
بیرکردنەوەتان لەسەر دەرامەت چڕبکەنەوە چونکە بەخت لەو ڕووەوە هاوکارییەکی باشتان دەکات. کاتێک بابەتەکان بۆ بەرامبەرەکەتان ڕووندەکەنەوە ئەوەندە قووڵی مەکەنەوە کە گومان دروستبکەن. دیداری کەسانی پلەبەرز دەکەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن.

**کەوان**
دەروونتان بەرەو گەشبینی دەچێت و فرسەتێکی باشە بۆ ئەوانەش کە دەخوازن چارەسەرێکی یەکجاری تەندروستی بکەن. بەهۆی بەرەوپێشچوون لەباری سۆزداریدا هەست بەخۆشی دەکەن. کاتێکی باشە بۆئەوەی هەوڵەکانتان بۆ دەرامەت چڕبکەنەوە و بەختیش هاوکاریتان دەکات.

**گازۆڵە**
کارەکان ڕێچکەیەکی باشیان وەرگرتووە و بەرەو گەشبینی هەنگاوی نوێ دەنێن، لەهەموو هەنگاوەکاندا ڕووبەڕووی سۆزداری دەبنەوە. چالاکییەکانتان لەهەردوو لایەنی جەستەیی و فکرییەوە بەهێز دەبێت. لەم کاتەدا دەتوانن لەدوو کاری جیاوازدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

**سەتڵ**
پاش چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەماڵدا و لەگەڵ خێزان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و سەرکەوتن و خۆشحاڵیتان بەردەوام دەبێت. هەموو دۆخەکان لە قازانجتان دەبێت بەمەرجێک بڕوای تەواوتان بەخۆتان هەبێت. چەند هەوڵێکی جیاواز بەگەڕبخە هەتا لەکۆتاییدا ئەنجامەکان ڕوون دەبنەوە.

**نەهەنگ**
کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، بەباشی خۆتان ئامادەبکەن، چونکە هەموویان پێکەوە پێویستیان بەگرنگیپێدان هەیە. دەرگاکانی بەختەوەری بەسەرتاندا دەکرێتەوە و گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو لەژیانتاندا ڕوودەدات. ئەو پرۆژانەی خۆتان بۆ ئامادە کردوون بەهۆی لایەنە یارمەتیدەرەکانەوە ئاسانتر دەبن لەوەی چاوەڕوان دەکرێت.

**بەگشتی:**

ئەڤیندارەکان مەرجی نوێ بۆ یەکدی دادەنێن، چونکە لەم کاتەدا تەنیا سۆزدارییە کە ڕۆڵی سەرەکی لە ژیانی هەمووماندا دەگێڕێت. تەنانەت لەم هەڵبژاردنەدا ئەگەر مەرجیان ئەوەبێت دەنگ بەلایەنێک بدەین ئەوا ناچار دەبین وا بکەین. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە قووڵی بیر لەخۆشەویستی دەکەینەوە. لەم کاتەدا زیاتر بەشوێن زانیاریدا دەگەڕێین، بەڵام مەرج نییە هەمیشە زانیاری دروستمان دەستبکەوێت، بۆیە ئەو کاتەی هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو دەبیستین، نابێت یەکسەر بڕوا بکەین، چونکە زۆربەی هەواڵ و بەڵێنەکانی ئەم ماوەیە ڕاست دەرناچن، ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو لە بورجی کاوڕەوە دەچێتە بورجی گا، واتا مانگی داهاتوو گۆڕانکاری بۆ هەموومان دێتەپێش. بەو کەسانە کاریگەر دەبین کە توانای قسەکردنیان بەهێزە و دەتوانن سەرنجمان ڕابکێشن.

# کورد و میسری فیلمێک بەرهەمدێنن



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی پرۆتۆکۆلی هاوبەش لە نێوان هونەرمەندانی میسر و کوردستان واژۆ کرا، وەفدێکی هونەرمەندانی کوردستان سەردانی میسریان کرد و بڕیار درا فیلمێکی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بەرهەمبێت.

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "فیلمێکمان لە فێستیڤاڵی (ئوقسور)ی میسری وەرگیرابوو کە بە سینەمای ئەفریقا ناوزەند دەکرێ، لە نزیکەوە سەرۆکی فێستیڤاڵمان بینی و باسمان لە کارێکی هاوبەش کرد، ئەوانیش ڕەزامەندییان دەربڕی و شوێنی وێنەگرتنەکەش بەشێکی لە کوردستان و بەشێکی دیکەشی لە میسری دەبێت و بودجەکەش بە هاوبەشی دەبێت".

# سارا یەکەمی ئوقسور بوو



**ڕووداو – هەولێر**

سارا ئەحمەد، قوتابی دوا قۆناغی بەشی سینەمای زانکۆی سەلاحەدین لە فێستیڤاڵی ئوقسوری میسری بەشداری کرد و لە بەشی پێشبڕکێی نووسینی سیناریۆدا پلەی یەکەمی هێنا.

سارا ئەحمەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ڕۆژانی 16 تاکو 24ی مانگی ڕابردوو هاوشانی 41 وڵاتی دیکەی جیهان ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان بەشداریمان لە فیستیڤاڵێکی ئەفریقیدا لە میسر کرد، بەپێی سیستمی فێستیڤاڵەکەش هەموو وڵاتێک دەتوانێت دوو قوتابی بەشداربێ، بۆیە ئێمەش 2 کەس بەشداربووین".

سارا گوتیشی "لەوێ لە خولی سیناریۆ وەرگیراین، ئێمە کەوتینە کێبڕکێ لەگەڵ 10 وڵات، خۆشبەختانە لە سیناریۆ پلەی یەکەممان بەدەستهێنا، هەر بۆیە لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆ سیناریۆکان بڕیاری ئەوەیاندا سیناریۆکەمان بکرێت بە فیلم و لە ساڵی داهاتوو بەشداری هەمان فێستیڤاڵ بکەینەوە".

لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا

# لە کوردستان 272 ملیۆن بەرمیل نەوت دەرهێنراوە

بیلال سەعید
رووداو- هەولێر

بەپێی راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی دیسەمبەری ساڵی رابردوودا بڕی 89 هەزار و 188 بەرمیل نەوتی کوردستان لەرێگەی هێڵی بۆڕی نەوتی کوردستان - تورکیا رەوانەی عەمبارەکانی تورکیا کراوە، هەروەها لەو مانگەدا لەڕێگەی تەنکەرەوە بڕی 926 هەزار و 858 بەرمیل نەوت رەوانەی تورکیا کراوە.

راپۆرتی سێیەمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە تایبەتە بەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2013، زانیاری تەواوی سەبارەت بە ئاستی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ناوخۆیی سووتەمەنی، هەناردەکردن، پاڵاوتن، سەکۆی نەوت، چالاکی بیرە نەوتەکان، دوایین ئامارەکانی دامەزراندن و زانیاری سەبارەت بەگرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەشی تێدایە.

## تێکڕای بەرهەمهێنانی رۆژانە 200 هەزار بەرمیل بووە

ناوی 10 کۆمپانیای نەوتی هاتووە کە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتدا رۆڵیان هەبووە لەدیسەمبەری ساڵی رابردوو، ئەوانیش هەریەک لەکۆمپانیاکانی (DNO، گەنەڵ ئینێرجی، گەڵف کیستۆن، HKN، ئەفرین، TT، OMV ئۆپکۆ، وێسترن زاگرۆس، دانا غاز و خورمەڵە) بوون.

نەوتی عەمبارکراو لە سەرەتای ئەو مانگەدا بڕەکەی527 هەزار و 630 بەرمیل بووە، بەڵام بڕی نەوت یان گازی بەرهەمهاتووی دیسەمبەری رابردوودا 6 ملیۆن و 193 هەزار و 125 بەرمیل بووە کە تێکرای رێژەی دەرهێنانی رۆژانەی نەوتی کوردستان 199 هەزار و 778 هەزار بەرمیل بووە.

## بۆڕییەکە نەوتی پێدا دەڕوات

بۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیا کە ئێستا بووەتە گرێکوێرەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت هەریەک لە تورکیا و ئەمریکا، بۆ یەکەمجار وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە راپۆرتی سێیەمی خۆی ئاشکرای دەکات کە لەمانگی دیسەمبەری رابردووەوە رەوانەکردنی نەوتی کوردستان دەستیپێکردووە، لەو مانگەدا لەرێگەی کۆمپانیای نەوتی TT ئۆپکۆ بڕی 89 هەزار و 188 بەرمیل نەوت لەڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیا رەوانەی عەمبارەکانی تورکیا کراوە کە تێکڕای رۆژانە 2877 بەرمیل نەوت بووە.

## فرۆشی ناوخۆیی

سەبارەت بە فرۆشی ناوخۆی نەوتی کوردستان ئاماژە بەوە کراوە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی 2 ملیۆن و 242 هەزار و 776 بەرمیل نەوتی لە ناوخۆی کوردستاندا فرۆشتووە. تێکڕای فرۆشی رۆژانە 72 هەزار و 337 بەرمیل بووە.

بەڵام بڕی ئەو نەوتەی بۆ پاڵاوگە سەرەکییەکان دابینکراوە 2 ملیۆن و 928 هەزار و 394 بەرمیل بووە کە تێکڕای رێژەی رۆژانەی 94 هەزار و 464 بەرمیل بووە، بڕی عەمبارکراوی کۆتایی مانگی دیسەمبەریش 533 هەزار و 539 بەرمیل بووە.

## 272 ملیۆن بەرمیل نەوت دەرهێنراوە

یەکێک لەو رەخنانەی کە رووبەڕووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکرێتەوە، ئاشکرانەبوونی بڕی دەرهێنان و هەناردەکردن و داهاتی نەوتی کوردستانە، بەڵام بۆ یەکەم جارە ئەو وەزارەتە تێکڕای بەرهەم، هەناردە و پاڵاوتنی نەوت لە 2003- 2013 بڵاودەکاتەوە.

بەپێی راپۆرتەکە، لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا بڕی 272 ملیۆن و 645 هەزار و 911 بەرمیل نەوت لەکێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەرهەمهاتووە.



( فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )

هەرچی بڕی نەوتی چارەسەرکراوە لە پاڵاوگە سەرەکییەکاندا، لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا 93 ملیۆن و 791 هەزار و 16 بەرمیل بووە، بەڵام پوختەی دەرچووی سەرەکی پاڵاوتن بڕەکەی 87 ملیۆن و 669 هەزار و 911 بەرمیل نەوت بووە.

سەبارەت بەپوختەی دەرچووی سەرەکی پاڵاوتن- بەکارهێنانی هەرێم بڕەکەی 84 ملیۆن و 674 هەزار و 990 بەرمیل بووە، بەڵام پوختەی دەرچووی سەرەکی پاڵاوتن بەشی بەڵێندەر 2 ملیۆن و 994 هەزار و 921 بەرمیل بووە.

بەپێی راپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008ەوە دەستی کردووە بە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ). تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو بڕی 71 ملیۆن و 133 هەزار و 945 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بەڵام رەوانەکردنی نەوتی کوردستان لە رێگەی بۆڕییەوە لەساڵی 2012 دەستیپێکردووە و تا ئێستا بڕی 12 ملیۆن و 032 هەزار و و 427 بەرمیل بووە، هەرچی رەوانەکردنی نەوتی کوردستانە لەڕێگەی بۆڕی کوردستان- تورکیا، تەنیا لە مانگی کۆتایی ساڵی رابردوودا 491 هەزار و 121 بەرمیل نەوت رەوانەی عەمبارەکانی تورکیا کراوە.

## مافی 20%ە نەک 17%

بەپێی راپۆرتەکە لە ساڵی 2004ەوە تاوەکو ئێستا، عێراق ملیارێک و 983 ملیۆن و 143 هەزار و 579 بەرمیل نەوتی بەکاربردووە و لەو ژمارەیە 235 ملیۆن و 616 هەزار و 325 بەرمیل بەر کوردستان کەوتووە کە دەکاتە 12%ی کۆی بەکاربردن لە نێوخۆی عێراقدا. لە کاتێکدا کوردستان 17%ی لەو بڕەدا هەیە، بۆیە 98 ملیۆن و 343 هەزار و 442 بەرمیل نەوتی کەمتر لەمافی شایستەی خۆی وەرگرتووە.

بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێیوایە کە پێویستە مافی شایستەی خۆی 20%ی کۆی بەکاربردنی ناوخۆیی عێراق بێت لەبری 17%. لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان نزیکەی 157 ملیۆن و 952 هەزارو 495 بەرمیل کەمتری لەمافی شایستەی خۆی وەرگرتووە

### بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەپێی ساڵ

| ساڵ | بەرهەمی کێڵگە |
|---|---|
| 2003 | 395.945 |
| 2004 | 160.599 |
| 2005 | 367.269 |
| 2006 | 506.269 |
| 2007 | 1.524.172 |
| 2008 | 3.117.172 |
| 2009 | 15.689.046 |
| 2010 | 27.483.775 |
| 2011 | 68.231.486 |
| 2012 | 76.706.152 |
| 2013 | 78.463.518 |
| کۆی گشتی | 272.645.911 |

### هەناردەکردنی نەوت لەڕێی (سۆمۆ)ەوە

| ساڵ | بڕی هەناردە کراو |
|---|---|
| 2008 | 328.708 |
| 2009 | 6.870.351 |
| 2010 | 2.176.791 |
| 2011 | 37.242.281 |
| 2012 | 24.507.213 |
| 2013 | 8.602 |
| کۆی گشتی | 71.133.945 |



عومەر ئەحمەد*

# هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەوروپا لەدەستی رووسیا رزگار بکات

کێشەی رووسیا و ئۆکراینا و گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی بەجۆرێک گەرم بووە کە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری رۆژهەڵات و رۆژئاوامان بەبیر دێنێتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکراینا، زۆر لە لێکۆڵەرە ئەوروپی و ئەمریکییەکان داوایان لە سەرکردەکانی ئەوروپا کرد جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا بدۆزنەوەو هاوردەکردنی گاز لە رووسیاوە رابگرن.

سەرەڕای چەندین پێشنیاز و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە، هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە ئەوروپا ناتوانێت ئەو جێگرەوەیە بدۆزێتەوە.

باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش چەندین جار رایگەیاندووە کە ئەوروپییەکان لە وابەستەیی بە گازی رووسیا رزگار دەکات.

نەرویج لە نێوان وڵاتە ئەوروپییەکاندا پێدەچێت جێگرەوەیەکی گونجاو بێت بۆ گازی رووسیا، بەڵام تۆرد ئاندرە لین، وەزیری وزەی ئەو وڵاتە رایگەیاندووە کە ناتوانێت گازی زیاتر بداتە وڵاتە ئەوروپییەکان، لەبەرئەوەی توانای هەناردەکردنی وڵاتەکەی سنووردارەو لە داهاتووشدا گۆڕانی بەسەردا نایەت.

هۆڵەندا یەکێکی دیکەیە لە وڵاتە ئەوروپییەکان کە رەنگە بتوانێت جێگرەوەیەک بێت بۆ گازی رووسیا، بەڵام بەردەوام لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە رەخنەی لێدەگیرێ کە کارێکی وای نەکردووە بۆ رزگارکردنی ئەوروپییەکان لەدەست گازی رووسیا، هەربۆیە زۆربەی شارەزایان پێیانوایە گازی هۆڵەندا ناتوانێت جێگرەوەی گازی کواڵیتی بەرزی رووسیا بێت.

کەواتا وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ رزگاربوونیان لەدەستی گازی رووسیا ناچارن رووبکەنە وڵاتانی ئاسیایی.

لەنێو وڵاتانی ئاسیاشدا ئێران و قەتەر خاوەنی قەبارەیەکی زۆر یەدەکی گازن و کەرەستەکانی پاڵاوتن و هەناردەکردنی گازیان هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئێران ناتوانێت ببێتە جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا، لەبەرئەوەی پەیوەندیکردن بە ئێران لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە ئەستەمە.

هۆکاری ئەوەش دژایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی بۆ هاوردەکردنی گازی ئێران، بەوجۆرەش هاوردەکردنی گازی ئێران وەک بژارەیەکی مەترسیدار بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان سەیر دەکرێت.

بەربەستێکی دیکەش بۆ هاوردەکردنی گازی ئێران، پێگەی ستراتیژیی ئێرانە کە بە تەواوەتی گرێدراوی ستراتیژی رووسیایە لە ناوچەکەدا و لە ئەگەری رێکنەکەوتنی هەمیشەیی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لەسەر پرسە ئەتۆمییەکەی، رووسیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دەتوانێت بەرگری لێبکات لە هەر چەشنە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئەو وڵاتە.

ئێران دەیەوێت بازنەی ئەمنیی رووسیا لە دەست نەدات، بۆیە نایەوێت ببێتە رکابەری رووسیا لە بازاڕی جیهانی وزەدا.

لە ئەگەری هەرچەشنە گەمارۆیەکی ئابووریدا بۆ سەر رووسیا، تەنیا قەتەر دەمێنێتەوە، بەڵام کێشەی زۆر لە بەردەم هەناردەکردنی گازی قەتەردا بۆ ئەوروپا هەیە، یەکێک لەوانەش بەرزیی نرخی گازی قەتەرە کە لەسەرووی 30 تاوەکو 50%ی گازی رووسیایەو پێناچێت وڵاتە ئەوروپییەکان تەنیا لەبەرئەوەی دوژمنایەتی رووسیا بکەن، ئەو هەمووە پارە زیادەیە قبووڵ بکەن.

زۆر لە شارەزایانی وزە پێیانوایە، ئەوروپا ناتوانێت جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا لەم کاتەدا بدۆزێتەوە.

بیرۆکەی دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ رووسیا وەک دابینکاری سەرەکی گازی ئەوروپا راستە بە گەرمبوونی قەیرانی ئۆکراینەوە جددی بووەتەوە، بەڵام وڵاتانی ئەوروپی لەمێژە بیر لەوە دەکەنەوە.

بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ ئۆکراینا، رووسیا هەوڵی داوە گازی سروشتی لە وڵاتێکی دیکەوە جگە لە ئۆکراینا بنێرێتە ئەوروپا، ئەوەش بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ساوس ستریم کە هێڵێکی گازەو لە ژێر دەریای رەشەوە گاز دەنێرێتە وڵاتانی ئەوروپا تا دەگاتە ئیتالیا.

هاوکات وڵاتانی ئەوروپی پێشەنگ بوون لە دۆزینەوەو پەرەپێدانی سەرچاوەی نوێی گازی سروشتی، سەرەکیترینیشیان گازی کێڵگەی شاهدەنیزی ئازەربایجانە کە لەرێی هێڵی ( (Trans Anatolian Gas Pipelinناسراو بە (TANAP) گازی ئازەربایجان لەرێی جۆرجیا و تورکیاوە دەنێرێتە سنوورەکانی رۆژئاوای تورکیا، لەوێشەوە لەرێی هێڵی (Trans Adriatic Pipeline ) ناسراو بە (TAP) گاز بە یۆنان و ئەلبانیادا دەگوازێتەوە بۆ ئیتالیا.

هەردوو ئەو پرۆژانە ساڵی رابردوو بە بەشداری کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوت و گازی ئازەربایجان و تورکیا و چەندین گەورە کۆمپانیای نەوتی جیهان وەک کۆمپانیای BP بەریتانی، ستات ئۆیلی نەرویجی و تۆتاڵی فەرەنسی و چەندین کۆمپانیای دیکەی ئەوروپی بڕیار درا لە ساڵی 2014 وە بڕۆنە بواری جێبەجێکردن.

میدیاکانی جیهانی زۆر جار بە گرینگییەوە باسی ئەو دوو پرۆژەیە دەکەن کە بڕیارە تا چەندین ساڵی داهاتوو جێبەجێکردنیان تەواوبێت و لە ساڵی 2018 دا بڕۆنە بواری کارپێکردن.

ئەوەی کە کەمتر باس دەکرێت، ئەگەری لکاندنی سەرچاوەکانی گازی هەرێمی کوردستانە بە پرۆژەی TANAP بۆئەوەی کە پاش لکاندنی بە TAP، گازی هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا.

سەرچاوەکانی گازی هەرێمی کوردستان تەنانەت لە سەرچاوەکانی گازی ئازەربایجان گرینگترن. هەرێمی کوردستان خاوەنی سێ تا شەش تریلیۆن مەتری سێجا یەدەکی گازەو سێ هێندەی ئازەربایجان گازی سروشتیی هەیە. نهێنی پشت رێککەوتنە ستراتیژییەکەی وزەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیاش بۆ پێویستی ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا دەگەڕێتەوە.

گازی هەرێمی کوردستان نەتەنیا بۆ تورکیا، تەنانەت بۆ ئەوروپاش بە جێگرەوەیەکی سەرەکی گازی رووسیا ئەژمار دەکرێ.

رووسیا بە چەکی گاز لە هەموو بوارێکدا وەک سەردەمی شەڕی سارد تەحەدای ئەمریکا و ئەوروپا دەکات، رەنگە نوخبەی هەرێمی کوردستانیش لە گرینگی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئەو وڵاتە تێگەیشتبن، بۆیە ئێستا تەحەدای بەغدا دەکەن و هەوڵی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان دەدەن وەک جێگرەوەیەکی دڵنیای گازی رووسیا.

*ماستەر لەبواری نەوت



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## ئەوانیش مرۆڤن

دەرەوەی شارەکان شوێنی پێگەیاندنی پزیشکان و بەناوبانگبوونیشیانە. هەر کاتێکیش پزیشکێک ژمارەی نەخۆشەکانی زیادی کرد، ئیتر بەرەو ناوەندی پارێزگاکان دەگەڕێتەوەو خەڵکی دەرەوەی شارەکانیش بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، دەبێت یەکێک وەڵام بداتەوە بۆچی پزیشکان لە دەرەوەی شارەکان نامێننەوە؟

کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی یان بینایەکی ڕەق و تەق، خزمەتگوزاری تەندروستی پێناگوترێ، ڕاستە ئێمە لەوانەیە زانکۆمان نەبێت بۆ لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی ئامار، نە مامۆستاکان عەقڵیان پێدەشکێ و نە خوێندکارانیش بە خەیاڵیاندا دێت لێکۆڵینەوەی لەوجۆرە بکەن، بەڵام گەر بچییە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و هەولێر، یان قاوشی نەخۆشخانەکانی دیکە، یان ئەو شەقامانەی لە سلێمانی و هەولێر پزیشکانیان لێیە، دەبینی و دەزانی ژمارەیەکی زۆری نەخۆشەکان خەڵکی دەرەوەی شارەکانن، گەر بچییە کلینیکی پزیشکێک ئەگەر کۆی نەخۆشەکان ئەوان نەبن بە دڵنیاییەوە نیوەیان ئەوانن، من مەبەستم کلینیکی ئەسمەرکردنی پێست و بەرزکردنەوەی ڕوومەت و بچووککردنەوەی لووتی گەورە و قەبەکردنی لێو نییە، مەبەستم ئەو پسپۆڕییە پزیشکییانەیە کە خەڵک پێویستیان پێیانەو لە دەرەوەی شارەکان نین.

لە دوای تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکی و دوو ساڵی نیشتەجێ لەناو شار، پزیشکان بە ناچاری دەنێردرێنە دەرەوەی شارەکان، ئەوەش دوو مەبەستی لە پشتەوەیە: یەکەم بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە بێ پزیشک نەبن، دووەم بۆ ئەوەی ئەو پزیشکانە ڕابهێنرێن. لە دووەمیشدا پزیشکەکە بە تەنها و بێکەس ناچار دەبێت لە شوێنێکی دوورەدەست خزمەت بکات و ئیشگەلێک بکات کە لە شارەکاندا نابێت و بۆی نییە بیانکات. لەو کاتەدا هەم خەڵکەکەو هەم پزیشکەکەش دەبنە قوربانی.

زۆربەی جۆری پشکنینە گرنگەکان کە پزیشکان لە ڕێگایانەوە دەتوانن نەخۆشییەکان دەستنیشان بکەن لە دەرەوەی شارەکاندا نین، جگە لەوەش ئایا ڕەوایە پزیشکێک لە پێنجوێن و یەکێک لە سلێمانی، یەکێک لە شیلادزێ و یەکێک لە هەولێر، هەمان مووچەیان هەبێت؟

ئەگەر ئاسانکاری بۆ پزیشکانی دەرەوەی شار بکرێت و مووچەیان بۆ بکرێتە دوو هێندە، ئەگەر نەخۆشخانەیەکی ڕێکوپێک بۆ هەر ناوچەیەک بنیات بنرێ بە پزیشکی پسپۆڕ و هۆڵی نەشتەرگەری ڕێکوپێکەوە، لەجیاتی ئەم هەموو بنکە تەندروستییە بێکەڵک و قەڵبەی ئێستا کە سەردەمی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی، بەرپرسی ماستاوچی بۆ ڕازیکردن و خەڵەتاندنی خەڵک و سوودی خۆی کردوونیەتەوە، ئەوا نەک هەر خزمەتە بە خەڵکی ئەو ناوچانەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوی هاتوچۆ و لۆد لەسەر ڕێگاوبانەکان، بەڵکو ئەگەر سیستمێکی باش بە عەقڵێکی باشیش هەبێت، لە ڕووی ئابووریشەوە خەرجییەکان کەمتر دەبنەوە لەسەر حکومەت، ئایا خەڵکی دەرەوەی شاریش خەڵکی ئەم نیشتمانە نین؟

### دوای شەش ساڵی دیکە

# ڕووبەری سەوزایی سلێمانی دەگاتە ستانداردی جیهانی



چالاکی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بە بۆنەی ڕۆژی ژینگەی کوردستان (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو- سلێمانی**

پیسبوونی ژینگە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی مەترسیدار بۆ سەر ژینگەی مرۆڤ و هۆکارێکی گرنگی مردنی مرۆڤی ئەم چەرخە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت ئەگەر وڵاتان و کۆمەڵگە مرۆییەکان بەشداری بکەن لە خاوێنکردنەوەی ژینگەدا، ئەوا ساڵانە ژیانی ملیۆنان کەس پارێزراو دەبێت.

ژینگە سێ ڕەگەزی سەرەکیی دەگرێتەوە: زەوی وشکانی، ڕووبەرە ئاوییەکان و هەوای دەوروبەر.

لەساڵی 1972 ەوە ڕۆژی 5ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی جیهانیی ژینگە دیاریکراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆژی 16ی نیسان، ساڵیادی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان، بە ڕۆژی ژینگەی دانراوە.

محەممەد حەمە سەعید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی ترسی هەیە لەوەی پێشکەوتنی شارستانی، ڕێگە خۆشکەرێکی زیاتر بێت بۆ پیسبوونی ژینگە "ئێستا چەندین پرۆژە و کارگە و باڵەخانە و ئۆتۆمبێلی نوێ لەسەر حیسابی ژینگە هاتوونەتە ئەم وڵاتە. لەکاتێکدا دەبێت لەکاتی پەرەسەندنی شارستانیدا خەمی هاوسەنگی ژینگەییش بخورێت. دەبێت هێنانانی ئامێر و دروستکردنی پرۆژە و کارگە بەپێی ڕێنمایی و یاساکانی ژینگەپارێزی ئەنجامبدرێن".

## پیسبوونی هەوا

پیسبوونی هەوا هۆکارێکی سەرەکی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و ڕاڕەوەکانی هەناسە و شێرپەنجەیە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت لە ساڵی 2012 دا 3،7 ملیۆن حاڵەتی مردنی پێشوەخت ڕوویانداوە بەهۆی پیسبوونی هەواوە و بە تێکڕا حەوت ملیۆن کەس لەو ساڵەدا لەسەر ئاستی جیهان بەهۆی هەوای پیسەوە مردوون.

گرنگترین ڕێگا بۆ خاوێنکردنەوەی هەوا، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی شارەکانە. بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێت 15-25% ی ڕووبەری شارەکان سەوزایی بێت.

دارا حەسەن بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی سلێمانی، وەکو "دۆستی ژینگە" قسەی بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کرد گوتی "ڕووبەری سەوزایی شاری سلێمانی لە زۆربەی شارەکانی دیکە زیاترە و ئێستا گەیشتووەتە 9،7% لەکاتێکدا لە پێش ڕاپەڕین تەنیا 0،7% بووە". گوتیشی "ئەگەر هەڵمەتی سەوزکردنی شار وەکو ئێستا بەردەوام بێت ئەوا ساڵی 2015 - 2020 دەگەینە ستانداردی جیهانی".

## پیسبوونی ئاو

ئاوی پیس هۆکارێکی ژینگەیی دیکەیە کە نەخۆشیی جۆراوجۆر بۆ مرۆڤ دەگوازێتەوە، هەم لەڕێگای زیندەوەرە نەخۆشخەرەکان و هەم لەڕێگەی ئەو ماددە کیمیاییە قورسانەی ڕێگە خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە.

د.ڕزگار عەلی، بەڕێوەبەری گشتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لە کوردستان و لە هەموو جیهاندا ئاوی پیس هۆکاری سەرەکی تووشبوونە بە سکچوون و ڕشانەوە، گرانەتا و کرمەکانی ڕیخۆڵە". د.ڕزگار گوتی کە ئەوان لەو نموونانەی بۆ پشکنین ناردوویانە بۆ تاقیگە پێشکەوتووەکان، ماددە قورسەکانی بە ڕادەیەک تێدا نەبووە مەترسی بۆ سەر تەندروستی هاووڵاتیان هەبێت.

## پیسبوونی خاک

هۆکاری سەرەکی پیسبوونی خاک فڕێدانی خۆڵ و خاشاکە بەشێوەیەکی بێ پلان و نەبوونی تەکنۆلۆجیای ریسایکلین.

بە تەکنۆلۆجیای ریسایکلین، دەتوانرێت پاشماوە فڕێدراوەکان جارێکی دی بکرێنەوە بە کەرەستەی نوێ. بەمەش هەم ژینگە لەو ماددە پیسکەرانە پاکدەکرێتەوە، هەم سوودی ئابووریان لێوەردەگیرێت.

بە گوتەی ئاوات حوسێن، فەرمانبەر لە بەشی هۆشیارکردنەوەی جەماوەری و پەروەردەیی لە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، پارێزگای سلێمانی گرێبەستێکی 20 ساڵەی لەگەڵ کۆمپانیای لافارجی فەرەنسی کردووە بۆ ریساکلینی پاشماوە و خاشاکی سلێمانی.

جگە لەو سێ جۆرە سەرەکییەی پیسبوون، دۆستانی ژینگە چەند جۆرێکی دیکەی پیسبوونیش دیاری دەکەن، لەوانە:

پیسبوون بە ڕووناکی: ئیشپێکردنی زۆری ڕووناکی لە شارەکان، یان بەکارهێنانی ئەو جۆرە گڵۆپانەی ڕووناکی بە ئاراستەی سەرەوەش بڵاو دەکەنەوە، دیمەنی سروشتی تاریکیی لا ئاسمان لە شەواندا تێکدەدات، ئەمەش کار لە سووڕی خەوی مرۆڤ دەکات.

پیسبوون بە ژاوە ژاو: ئەو دەنگە زۆرەی لە ئۆتۆمبێل و کارگەکان و فڕۆکەکانەوە دەردەچێت، ئارامیی مرۆڤ دەشێوێنێت و گرژی و فشاری دەروونی دەخولقێنێت.


پیسبوون بە گەرمی: ئەو گەرمییە زۆرەی لە ئەنجامی چالاکییە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکانەوە دروست دەبێت، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژینگەی ئاوی و ڕووەکی دادەنێ و ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە.

# بچووککردنەوەی گەدە ڕێگایەکی نوێ دژی شەکرە

**ڕووداو-AP**

تا پێنج ساڵ لەمەوبەر، خاتوو هیزەر بریتۆن، 55 ساڵ و تووشبووی شەکرە بەردەوام دەرمانی نەخۆشییەکانی شەکرە و بەرزیی فشاری خوێن و چەوریی خوێنی دەخوارد.

دواتر بەشداریی توێژینەوەیەکی زانستی کرد کە دەیویست ڕوونیبکاتەوە، ئاخۆ نەشتەرگەریی بچووککردنەوەی گەدە، دەتوانێت ڕووبەڕووی گرفتی قەڵەوی و شەکرە ببێتەوە؟




"بەرەو تەندروستییەکی خراپ سەرەولێژ دەبوومەوە. ئاستی شەکری خوێنم کۆنترۆڵ نەدەکرا. هیوام بە چاکبوونەوە نەمابوو. هەستم نەدەکرد ئومێدێک مابێت" خاتوو بریتۆن وایگوت.

دوای 6 هەفتە لە نەشتەرگەری بچووککردنەوەی گەدە، خاتوو بریتۆن بە هاوکاری پرۆگرامێکی وەرزشکردنی ڕۆژانە، توانی دەرمانەکانی بوەستێنێ بێئەوەی ئاستی شەکری خوێنی بەرز ببێتەوە.

پسپۆڕان پێیانوابوو ئەم کاریگەرییە باشەی نەشتەرگەرییەکە تەنیا ساڵێک دەخایەنێت. کەچی دوای سێ ساڵ لە ئەنجامدانی، کاریگەرییە باشەکانی نەشتەرگەرییەکە هەر بەردەوامن.

دوای نەشتەرگەری، 38%ی ئەوانەی نەشتەرگەری بچووکردنەوەی گەدەیان بۆ کرابوو، ئاستی شەکری خوێنیان ئاسایی ببووەوە و پێویستیان بە دەرمان نەمابوو. ئەوانەش کە بە تەواوی چاک نەبوونەوە، دوای نەشتەرگەرییەکە چارەسەریان ئاسانتر بوو. بەجۆرێک بەر لە نەشتەرگەرییەکە 50%ی بەشداربووان پێویستیان بە دەرزی ئینسۆلین بوو، کەچی دوای ئەم نەشتەرگەرییە تەنیا 10%ی تووشبووەکان پێویستیان بەو دەرزییە بوو.

هەرچەندە پزیشکەکان چەندین نەخۆشیان بینیوە کە دوای سێ ساڵ لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری، ئاستی شەکرەیان ئاسایی بووەتەوە، بەڵام ناشتوانن گەرەنتی بدەن کە جارێکی دیکە شەکرەیان بەرز نابێتەوە.

د.فیلیپ شاوێر، سەرۆکی تیمی توێژەران دەڵێت "سەختە بۆ ئێمە وشەی (چاکبوونەوەی تەواوەتی) بەکاربهێنین. بەڵام نەخۆشمان هەن دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە ئاستی شەکری خوێنیان ئاسایی بووەتەوە و چیدی پێویستیان بەوە نەماوە دەرمانی نەخۆشیی شەکرە بخۆن. ئەوان ئێستا شەکرەیان نییە و بەپێی پێوەرە زانستییەکان، تووشبووی شەکرە نین".

نەخۆشیی شەکرە هۆکاری سەرەکی تووشبوونە بە نەخۆشییەکانی دڵ، جەڵتەی مێشک، سستبوونی گورچیلە و نەخۆشییەکانی چاو. بڵاوترین جۆری شەکرە، شەکرەی جۆری دووە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە قەڵەوی و فاکتەری بۆماوەییەوە.

لەم نەشتەرگەرییەدا، قەبارەی گەدە بچووک دەکرێتەوە بۆ کیسەیەکی بچووک و بە ڕیخۆڵەوە دەبەسترێتەوە. بچووکبوونەوەی گەدە، وادەکات کەسەکە خۆراکی کەمتر بخوات، بەمەش هەم کێشی دادەبەزێت، هەم ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێنیش بۆ جەستەی ئاسانتر دەبێت.

توێژینەوەکە لەسەر 150 تووشبووی شەکرە ئەنجامدراوە و ئەنجامەکەش لەسەر بنەمای دووبارە پشکنینەوەی 136 کەس لە بەشداربووان دوای 3 ساڵ دەرکەوتووە و 29ی ئازاری ئەمساڵ لە کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمەڵەی دڵی ئەمریکی پێشکەشکرا و لە گۆڤاری زانستی New England Jornal of medicine بڵاوکرایەوە.

# فریاکەوتنی سەرەتایی چییە



**دکتۆر سەروەر عارف ستار***

فریاکەوتنی سەرەتایی ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی هاوکاری یان چارەسەری سەرەتایی بۆ کەسێک دەکرێت کە تووشی نەخۆشییەک یان برینداربوونێکی لەناکاو دەبێت، تا کاتی گەیشتنی ئەمبولانس بە شوێنی ڕووداوەکە، یان گەیاندنی تووشبووەکە بە نەخۆشخانە.

پێویستە هەموو هاووڵاتییەک ئاستێکی فریاکەوتنی سەرەتایی بزانێت، لەبەرئەوەی ڕووداوە کتوپڕەکان لە هەر کاتێکدا ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

فریاکەوتنی سەرەتایی پێویستی بە جانتایەکی فریاکەوتن هەیە کە کەرەستە سەرەکییەکانی وەک لەفاف، باندج، پلاستەر، ماسک، مەقەست و پاکژکەرەوەی تێدابێت بە لانیکەمەوە، بەڵام بەبێ ئەو جانتایەش دەتوانیت ژیان ڕزگار بکەیت.

هەندێ لە کارەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی وەک دانانی باندجێک یان لەفافێک کارامەییەکی زۆری پێویست نییە، بەڵام کردارەکانی دیکەی وەک شێلانی دڵ پێویستی بە ڕاهێنان هەیە.

## ئامانجەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی:

1- ڕزگارکردنی ژیان بە کردارەکانی فریاکەوتن.
2- ڕێگەنەدان بە گەیشتنی زیانی زیاتر بە کەسی تووشبوو.
3- یارمەتیدانی زوو چاکبوونەوە لە نەخۆشی و برینداری، بۆ نموونە دانانی پلاستەرێک لەسەر برینەکە.

## شێوازەکانی مردن لە ڕووداوەکاندا:

1- هەندێک کەس دوای ڕووداوەکە بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە گیان لەدەستدەدەن. بۆ نموونە لە کاتی بەرکەوتنی مێشک یان دڵ یان بۆرییە گەورەکانی خوێن، لەم کاتەدا هیچ چارەسەرێک ناتوانێت ڕزگاری بکات، بەڵام تاکە ڕێگایەک سوودی هەبێت، گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپاراستنە لە ڕووداو و کارەسات بە دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی لە شوێنی کار و ڕێگاوبان و شوێنە گەشتیارییەکان.

2- هەندێک لە ڕووداوەکان سەرەتا کێشەیان نییە، بەڵام دواتر ماکەکانی نەخۆشییەکە دوای پێدانی چارەسەر و دەرمان یان نەشتەرگەری دەردەکەون وەک سووتاوی یان هەوکردنی برینەکان بەهۆی لەکارکەوتنی ئەندامە سەرەکییەکانی لەش وەک گورچیلە یان جگەر، کە لەوانەیە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە گیان لەدەستبدات.

3- هەندێک کەس چەند خولەکێک یان کاژێرێک دوای ڕووداوەکە بە هەر هۆکارێک گیان لەدەستدەدەن وەک گیرانی بۆڕی هەناسەدان یان کۆبوونەوەی هەوا لەدەوری سییەکان، یان خوێنبەربوون یان وەستانی دڵ، ئەمانە پێویستیان بە کاری بەپەلە هەیە بۆ فریاکەوتن و ئەم خولەکانە بە خولەکی زێڕین و کاژێری یەکەم بە کاژێری زێڕین بۆ ڕزگارکردنی ژیان ناودەبرێت، لەم کاتەدا پێویستی و گرنگی فریاکەوتنی سەرەتایی و پێشکەوتوو دەردەکەوێت.



## چۆن کردارەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی دەستپێبکەین:

سەرەتا بە دوورخستنەوەی کەسی تووشبوو لە شوێنی ڕووداوەکە وەک سووتان یان خنکان یان تەقینەوە یان ڕووداوی هاتوچۆ، پێویستە کەسەکە لە شوێنێکی سەلامەت دابنرێت. هەروەها پێویستە کەمترین جووڵە بە کەسی تووشبوو بکرێت بەشێوەیەک زیان نەگەیەنێت بە جەستەی نەخۆشەکە.

**کرداری ABC**

یەکەم: بانگکردنی نەخۆشەکە و دڵنیابوون لە کراوەیی بۆڕی هەناسە.

A= Airway

گوێگرتن و هەستپاگرتن لە هەناسەدانی نەخۆشەکە، ئەگەر هەناسەی هەبوو دەبێت نەخۆشەکە بخرێتە سەرلا، دواتر بگەیەنرێتە نەخۆشخانە بۆ زانینی هۆکاری بێئاگابوونی.

ئەگەر هەناسەی نەبوو پێویستە چەناگەی بەرز بکرێتەوە، ملی نەخۆشەکە کەمترین جووڵەی پێ بکرێت. ئەگەر کەرەستەی پێویست لە بەردەستدا بێت دەبێت ملی جێگیر بکرێت.

**دووەم: هەناسەدان**

B=Breathing

ئەگەر نەخۆشەکە هەناسەی نەبوو، پێویستە هەناسە بدرێت بە نەخۆشەکە لەڕێگەی دەمەوە بە گرتنی لووتی نەخۆشەکە بە دوو پەنجە. دووجار هەناسەی دەدرێتێ و لە کاتی هەناسەداندا پێویستە ئاگاداربین ئایا سنگی نەخۆش جووڵەی هەیە یان نا. ئەگەر جانتای فریاکەوتنمان لابێت دەتوانین ماسک بەکار بهێنین بۆ ئەوەی خۆمان لە گواستنەوەی نەخۆشی بپارێزین هەرچەندە ئەگەرێکی کەمیش هەیە، هەروەها ئەنجامدانی کرداری هەناسەدان ئاسانتر دەبێت.

**سێیەم: سووڕی خوێن**

C=Circulation

بەردەوامبوونی لێدانی دڵ و سووڕی خوێن لەڕێگەی شێلانی سنگ، یان ڕاگرتنی خوێنبەربوون بە فشارکردن لەسەر شوێنی برینەکە.

**چوارەم: شێلانی سنگ**

فریاگوزار لە تەنیشت نەخۆشەکەوە دادەنیشێت و دەستەکانی لە ناوەڕاستی سنگی نەخۆشەکە دادەنێت، دەبێت چەندین جار سنگی بە توندی و بە قووڵی پاڵ بنێت کە یەک لەسەر سێی سنگ بگرێتەوە بۆ ئەوەی خوێن بگاتە بەشەکانی لەش و بە تایبەت مێشک. نابێت زۆر پەلە یان زۆر خاو بێت بەڵکو بەڕێژەی 100 جار لە هەر خولەکێکدا. هەر جاری 30 شێلان و دواتر دووجار هەناسەدان بە بەردەوامی.

لەکاتی بوورانەوەدا پێویستە دەستبەجێ کردارە سەرەتاییەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی دەستپێبکەین و لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بکرێت بە ژمارە 122 کە سەنتەری فریاکەوتنە بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی تەندروستی و داواکردنی ئەمبولانس.

لە کاتی گەیشتنی ئەمبولانسدا پێویستە ئامێری شۆکی کارەبایی لەسەر نەخۆشەکە بپشکنرێت بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا پێویستمان بە شۆکی کارەبایی هەیە یان نا بۆئەوەی نەخۆش بگەڕێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی.

AED

Automated external Defibrillator (AED) ئەو ئامێرە نەک هەر لە شوێنە تەندروستییەکاندا بەڵکو دەبێت لە شوێنە گشتییەکانیش هەبێت، وەک چێشتخانە، گازینۆ و وێستگەکان، چونکە زۆر گرنگە بۆ بە هاناوەچوونی ئەو کەسانەی کێشەی دڵیان تووش دەبێت.

* ڕاهێنەر لە فریاگوزاری سەرەتایی

# یغیت بوڵوت، گەورە ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ (ڕووداو):




**ئەگەر باکووری عێراق بەم جۆرە لەگەڵ تورکیا بەردەوام بێت، دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتانی ناوچەکە**

یغیت بوڵوت، گەورە ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) باسی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئایندەی ئەو پەیوەندییە دەکات کە وەک ئەو دەڵێت بە یەکگرتن لە کۆنفیدراسیۆنێکی ئابووریدا دەگیرسێتەوە.

هەڤپەیڤین: ڕێبوار کەریم وەلی

**ڕووداو: لەمێژووی تورکیادا زۆرجار کودەتای سەربازی کراون، ئایا دەتوانین بڵێین ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو کە بە خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی دەستیانپێکرد کودەتایەکی ئابووری بوو؟**

**بوڵوت:** بەڵێ کودەتایەکی دارایی بوو، هەمان کودەتای دارایی لەوەوبەریش بەسەر تورکیادا کراوە و بووە هۆی قەیرانە ئابووریەکەی ساڵی 1994 و ئەوەی 2001. لە تورکیا بەشێوەیەکی گشتی هەتا ساڵی 2008 قۆرخکاری ئابووری هەر هەبووە. بەڵام کاتێک لە 2008 تورکیا بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ناسراو بە IMFای گوت، ئیدی بەسە و لە هاوکێشەکە دەریکرد، لە تورکیا ئابوورییەکی سەربەخۆی ڕاستەقینە دروست بوو. کاتێک کە IMF لە تورکیا دەرکرا، ڕێژەی فایدەی قەرز 25% بوو، دوای نەمانی IMF ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ 4.61%. ئەی ئەوانەی دەیانگوت ئەگەر IMF بڕوات ئابووری تورکیا دەڕووخێ، ئێستا لە کوێن؟

پێویستە باس لە ڕاستییەکیش بکەین: کاتێک کە کۆماری تورکیا دامەزرا، باکووری عێراق بە مووسڵ و کەرکووکیشەوە، وا بڕیار بوو بەشێک بن لەو دەوڵەتە تازەیە و لەناو سنوورەکانی میساقی میللیدا بوون، بەڵام ئینگلیزەکان گوتیان "پێویستە ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک جیا بکەینەوە لەم دەوڵەتە تازەیە، بۆئەوەی ئاسانتر بتوانین کۆنترۆڵی بکەین و لە ئەنجامدا تورکیایەک دابمەزرێت کە سەرچاوەی وزەی نەبێت". سەرنج بدەن، زۆر ڕوونە. لە گوتارەکانی مستەفا کەمالدا، ئەندام پەرلەمانە کوردەکان، ناو و لەقەبیان وەکو خۆی دەگوترێت و بە پێشگری ئەندام پەرلەمانی کورد ناویان دەبرێت. لەو کاتەدا ڕێگرێک نەبوو لەنێوان تورکیا لەگەڵ مووسڵ و کەرکووک. بیر لە وڵاتێک دەکرێتەوە کە هەموو ئەم ناوچەیە لەخۆبگرێت و پێیدەگوترێ سنوورەکانی میساقی میللی.

**ڕووداو: لە دەستووری ساڵی 1924یشدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەبووە..**

**بوڵوت:** دواتر پرۆژەی ئینگلیزەکان جێبەجێکرا. لە باکوورەوە لەگەڵ ناوچەی خەزەر و ئازەربایجان دیوارێکی بەهێز لەنێوانماندا چنرا. لە باشوورەوە لەگەڵ باکووری عێراقدا دیوارێکی بەهێز دروستکرا و ئێمە بووینە وڵاتێکی بێ وزە. بەمەبەستی ئەوەش کە ئاسان کۆنترۆڵ بکرێت، چینێکی بۆرژوا لە سەرمایەداران دروستکرا کە بە کەرتی ئۆتۆمۆتیڤ قەڵەو کرابوون. با نموونەیەکتان بدەمێ، ئەمڕۆ لە تورکیا نەوت و غاز نییە، بەڵام داهاتی وڵات 830 ملیار دۆلارە. لە ڕووی گەورەیی ئابوورییەوە تورکیا دوو هێندەی سعودیەیە، دوو هێندەو نیوی ئیماراتی عەرەبیشە.

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زۆر بەرەوپێش چووە، هاوکات لەگەڵ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان کە بڕیار بوو داهاتەکەی لە هالک بانک دابنرێ، بانکەکە کەوتە بەر هێرشێکی گەورە، ئەو دوو ڕووداوە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکدییەوە هەیە؟**

**بوڵوت:** بە دڵنیاییەوە. پێشتر باسی ئەو ناوچانەم کرد کە خرانە دەرەوەی سنووری میساقی میللی. با شتێکی دیکەتان پێبڵێم، ئەگەر مووسڵ و کەرکووک لە سنوورەکانی میساقی میللی بمابانەوە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەدرا بەهۆی ڕێککەوتنی 1975ی جەزایر و ئەوانی دیکە کورد بکوژرێن. چونکە تورکیایەک کە خاوەنی دانیشتووانێکی زۆری کورد بووایە ڕێگەی نەدەدا ئەم جۆرە فرت و فێڵانە بکرێت لە ناوچەکەدا. بەڵام دەست و قاچیان بەستینەوە. لە ناوخۆی تورکیا قۆرخکاری ئابووری و سیاسی، دابەزاندنی نرخی دراو و کودەتایان بەرامبەر کردین. سەرنج بدەن، هەر کاتێک لەناوچە کوردییەکان کۆمەڵکوژی کرابێت. پێش ئەوە ناوخۆی تورکیایان شێواندووە. باس لە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکەم. کاتێک کە فەرمانی ئەوەیان دا بە سەددام حوسەین کورد بکوژێت، بەدوایدا کودەتای سەربازی لە تورکیا ڕوویدا. هەموو ئەمانە سیناریۆی هێزە نێودەوڵەتییەکانن. دەبێت هەموو کەس ئەمانە بە باشی تێبگەن.

**ڕووداو: بۆئەوەی تورکیا خۆی نەکاتە خاوەن؟**

**بوڵوت:** نەیتوانی خاوەندارێتییان لێبکات، چۆن بتوانێت فریای کورد بکەوێت؟ تورکیا لەوکاتەدا نەیدەتوانی فریای خۆی بکەوێت. کاتێک کە لە 1975 لەو ناوچانە کوردیان بە دەستی سەددام حوسێن بەکوشت دەدا، لە تورکیا شەقام و ڕێگاکان خەڵتانی خوێن بوون. خوێندکارانی زانکۆ لەسەر شەقامەکان

## باکووری عێراق و ناوچەی خەزەر دوو هێزی زۆر گەورە و دوو بزوێنەری ناوچەکەن

دەکوژران، نەماندەتوانی سەر بەرزبکەینەوە و سەیری ئەوێ بکەین. نەیاندەهێشت سەیر بکەین، بۆچی؟ چونکە دەیانویست ئەو هەرێمە بۆ هەمیشە جودا بێت لە تورکیا. کاتێک کە هەموو ئەمانە بە باشی لێکبدەیتەوە، دەبینی کە لەدوای هەشتاکانەوە قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات. با نموونەیەکتان بدەمێ، لە کەناڵە تورکییەکان هەمیشە ئەمە باس دەکەم. تورگوت ئۆزال لە 1993/1/3 لە کۆشکی کۆماریی تورکیا کۆبوونەوەیەکی کرد کە 3 کەس تێیدا بەشداربوون: تورگوت ئۆزاڵ، ئەشرەف بەدلیس و عەدنان قەهوەچی. لە کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتێک دەخوێنرێتەوە کە لەلایەن ئوغور مومجووەوە ئامادەکراوە. شیکاری پێکهاتە جێکەوتووەکانی تورکیامان بۆ دەکات! بابەتی کۆبوونەوەکە ئەوەیە "پێویستە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کورد بگۆڕێت" بڕوانن 180 ڕۆژ دوای ئەم کۆبوونەوەیە تورگوت ئۆزال مرد، یان کوژرا! ئەشرەف بەدلیس فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە! عەدنان قەهوەچیش ڕێی لێ هەڵەبوو!

ئەوەی ئەشرەف بەدلیس نە پێش ئەو بەروارە و نە دوای ئەو بەروارە فڕۆکەکانی دروستکراوی ئەو کۆمپانیایە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەیان نەبووە. لە کەنەدا هەمان فڕۆکە لە 48 پلەی گەرمای ژێر سفرەوە دەفڕێت و کێشەی نییە. لە ئەنقەرە لە 4 پلەی ژێر سفر کەوتە خوارەوە و گوتیان بزوێنەرەکەی بەستوویەتی. عەدنان قەهوەچی یەکێک بوو لە ژیرترین پیاوەکانی تورکیا، گوایە ڕێی لێ هەڵە بووەو بە ئاراستەی پێچەوانەدا ڕۆیشتووە، بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکەی 500 مەتر دوور لە شوێنی ڕووداوەکە دۆزرایەوە. تورگوت ئۆزاڵ، سەرۆک کۆمار بوو بەڵام نەخۆشخانە چارەسەری نەکرد! بە نەخۆشی، لەم نەخۆشخانەیەوە برا بۆ ئەو نەخۆشخانە هەتا مرد! بۆچی؟ لەبەر ئەوەی گوتیان پێویستە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کورد بگۆڕێت. سەرنج بدەن، سیناریۆکە زۆر گەورەیە.

**ڕووداو: ئەو هێزە نێودەوڵەتیانە کێن کە باسیان دەکەی؟**

**بوڵوت:** کۆمپانیا نەوتییە ئینگلیزییەکان! زۆر بە ڕوونی دەیڵێم. حکومەتەکانی پێشووی تورکیا لە ترسی کۆمپانیا ئینگلیزییەکان نەیاتوانی نەوت و غاز لە ئازەربایجان بکڕن. ئازەربایجان پێیگوتین وەرن نەوت و غازمان هەیە دەریبهێنن، بەڵام حکومەتەکانی تورکیا نەیانوێرا. هێزێکی نێودەوڵەتییە، تەنها

## مۆدێلێکی نوێی ئابووری لە نێوان تورکیا و باکووری عێراق دادەمەزرێ

کۆمپانیاکان نین. تۆڕێکی جیهانییە کە نایەنەوێ ئەم ناوچانە بگەنە یەک و بە بەردەوامی کێشەی ناوخۆییان بۆ دروستدەکردین. با باسی شتێکی دیکەتان بۆ بکەم، ئەو ڕۆژەی لیژنەی کەشفی پرۆژەی بۆڕی نەوتیی باکۆ — تبلیسی — جەیهان دەستبەکاربوون، 33 سەربازی بێچەکی تورک لەناو پاسێکدا لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستییەوە شەهیدکران. دەتوانیت بڵێیت ئەمە ڕێکەوتە؟ کاتێک کە هەموو ئەمانە لێکدەدەیتەوە دەبینی کە پلانێکی ئیمپریالیستی هەیە بۆ بەشەڕدانی کورد و تورک و لە ئەنجامدا دروستکردنی دیوارێکی ئەستوور لەنێوانیاندا. دەمەوێت زۆر بەڕوونی قسە بکەم، پێویست بەوە ناکات هیچ شتێک بشارینەوە، لەم وڵاتەدا هەتا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نەهاتبووە سەر حوکم، نەماندەتوانی بڵێین کورد هەیە. ئەوە سەرۆک وەزیران بوو کە بۆ یەکەمجار گوتی: من نەژادپەرستی دەخەمە ژێر پێمەوە و هەر کەسێک لەم وڵاتەدا بژی هاونیشتیمانی یەکسانی ئەم وڵاتەیە. پێشتر کەسمان نەماندەتوانی باس لەمانە بکەین، لەبەرئەوەی لە ناوەوە پێکهاتەیەکی جێکەوتووی نادیار هەیە لە ڕێگەی تیرۆری سیاسی و کوشتنی بکەر نادیارەوە ڕێگەی لەمانە دەگرت. باس لە سەرۆک کۆمار دەکەم! تەنانەت ئەویش نەیتوانی ئەم سیاسەتە بگۆڕێت. با باسی شتێکی دیکەشتان بۆ بکەم، لە تورکیا 2 مەترسی دەستکردیان دروستکرد، مەبەستیان ئەوە بوو کە ئەم گەلە نەتوانێ بە ئاگا بێتەوە، نەتوانێ سەر بەرزبکاتەوە و فریادڕەسی ناوچەکەی بێت! ناوچەی ئیسلامی عوسمانی. لە ڕاستیدا ئەم جوگرافیایەی هەموومان تێیدا دەژین ناوچەی ئیسلامی عوسمانییە. ئەم ناوچەیە لێرەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و بۆ باڵکان درێژدەبێتەوە و لە نێویدا کورد، تورک، لاز، چەرکەس و ئەرمەن هەن. لە پێناوی ئەوەدا کە ئەم ناوچەیە هەڵنەسێتە سەرپێ، لە تورکیادا دوو مەترسی دەستکردیان هێنایە کایەوە! گوتیان لە کتێبە سوورەکەدا نووسراوە! یەکەمیان: کۆنەپەرستی! یەعنی گوتیان، ئەگەر ئافرەتێکی بەتەمەن بەهۆی باوەڕەکەیەوە سەری داپۆشێت ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر تورکیا. دووەمیان: جوداخوازی! ئەمەیان کێیە؟ کورد. هانیشتمانییە کوردەکەی من، لەلایەن دەوڵەتەوە لەو کتێبەدا کە ناوی کتێبی سوورە بە مەترسی بۆ وڵات پێناسەکرا. لەدوای ئەم پێناسانە، کچانی لەچک بەسەر نەیانتوانی لەسەر خوێندن بەردەوام بن و هاونیشتیمانی کوردیش نەیتوانی گوزارشت لە خۆی بکات. لەم وڵاتەدا ئەم هەڵانە کراون. پێویستە بە ڕوونی بڵێین.

**ڕووداو: با ئەو پرسیارە بکەمەوە، بڕیاربوو پارەی داهاتی نەوتی کوردستان بچێتە حیسابێکەوە لە هالک بانک، ئەوە لەکاتێکدا کە چەندین ساڵە پارەی نەوتی عێراق دەچێتە حیسابی بانکە ئەمریکییەکانەوە، کەواتە ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیاوە هەبوو؟**

**بوڵوت:** بەدڵنیاییەوە پەیوەندی هەیە! با پێش هەموو شتێک ئەوە بڵێم، نەوتی ژێر زەوی لە باکووری عێراق لە هی سعودیە زیاترە. بەگوێرەی دوا بەدواداچوونەکان کە کراون و لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە وێنەی ناوچەکە گیراون، بڕی نەوتی ژێر زەوی تەخمینکراو لە باکووری عێراق زیاترە لە نەوتی ژێر زەوی سعودیە. نرخی ئەم نەوتە بە ترلیۆن دۆلار دەخەملێنرێت. ملیار دۆلار نا! ترلیۆن دۆلار! بێگومان ئەو بیرۆکەیەی کە ئەم ترلیۆن دۆلارە دەربهێنرێت و ڕاستەوخۆ و بەبێ پشکدان بە لەندەن و نیویۆرک لە ڕێگەی هالک بانکەوە بڕوات، زۆر نارەحەتی کردن. سەیربکەن، شتێکی گرنگ، ئەمڕۆ ئەو بازرگانییەی لە نێوان باکووری عێراق و تورکیا دەکرێت، دەبێت بە فیلتەری دۆلاردا بڕوات. کە لەگەڵ چین بازرگانی دەکەیت ستەرلین بەکاردەهێنی، دوای ئەوە دەگۆڕدرێت بۆ پارەی چینی. ئەمڕۆ کە دەتەوێت لە تورکیاوە پارە حەواڵە بکەیت بۆ هەولێر، پارەکەت دەبێت بچێتە لەندەن و لەوێوە بگەڕێتەوە. دامەزرێنەرانی سیستەمەکە ئەم ئیشە بەڕێوەدەبەن. گوتیان مانای چییە لە باکووری عێراقەوە نەوت دەربکرێت و پارەکەی بخرێتە هالک بانک و لەوێوە بە ڕاستەوخۆ ڕابکێشرێت؟ وەک بینیتان دوای ئەمە هەڵمەتێک دەستپێکرد دژی هالک بانک. پێشتر نرخی پشکەکانی هالک بانک بەرزببوونەوە بۆ سەرووی 20 ملیار دۆلار و بە باشترین بانکی حکومیی ئەورووپا ناودەبرا. نیگەرانبوون لەوەی کە ئەم بانکە خزمەتی خەڵکی باکووری عێراق بکات. سوودیان پێبگەیەنێت و بەهۆی ئەم پارەیەوە بتوانێت کرێدیت بداتە خەڵکی ناوچەکە. سەیرکەن، تەنها تێپەڕینی پارەکە بە هالک بانکدا گرنگ نییە. بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو پارەیە لە حسابێکی جاریدا بێت و بەهۆی ئەو بڕە پارەیەوە ڕێژە و ئاستی کرێدیت چەند دەبێت بۆ ئەو هەرێمە؟ چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر قەبارەی کار لە باکووری عێراق. یان توانای بەشداریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە لەوێ دادەمەزرێن لە بۆرسەی تورکیا. هەموو ئەمانە ئەوانی نیگەران کرد. زۆر بەڕوونی دەیڵێم، ئەگەر باکووری عێراق لەڕووی ئابوورییەوە بەم جۆرە لەگەڵ تورکیا بەردەوام بێت، دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتەکانی ناوچەکە.

**ڕووداو: مەبەستت تورکیایە؟**

**بوڵوت:** بەڵێ تورکیا، ئەگەر لەگەڵ باکووری عێراق کاربکات. بوونی تورکیا بە یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتاکانی ناوچەکە، دەبێتە مایەی نیگەرانیی ئیسرائیل. دەبێتە مایەی نیگەرانی ئەو بانکانەی کە پارەکەیان پێدا دەڕوات. ڕەنگە ئێستا نەتوانن بیهێننە بەرچاوتان، بەڵام تورکیایەک کە نەوت و غازی نییە بە مۆدێلێکی پێکەوە کارکردن لەگەڵ باکووری عێراق ئابووری بگەیەنێتە ئاستەکانی تریلیۆن دۆلار، هەردوولا لە جیهاندا بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستێکی زۆر بەرز.

**ڕووداو: ئەو ئاوێتەبوونە چەندە مومکینە و چەند کاتی دەوێ؟**

**بوڵوت:** زۆر هەنگاو نراون. ئێستا وەکو جاران نییە. تەنانەت باسکردنی ئەم گرێبەستانەی نەوت و غاز موعجیزەیە. لە تورکیاش زۆر هەنگاو نراون. لەهەمووی گرنگتر ئەمەیە، مۆدێلێکی نوێی ئابووری لە نێوان تورکیا و باکووری عێراق دادەمەزرێ. لەم مۆدێلەدا کۆمپانیایەکی هەولێر دێت لە بۆرسەی ئیستەنبوڵ پشکەکانی دەخاتە بازاڕەوە، بەهەمان شێوە کۆمپانیایەکی دیاربەکر دەچێت بۆ بۆرسەی هەولێر. دەکرێت لە ناوچەکەدا چەند دەزگایەکی دارایی بنیات بنرێن. بۆچی هەولێر نەبێتە ناوەندێکی دارایی؟ بۆچی بۆرسەیەک نەبێت لە هەولێر کە نرخی نەوت و غاز و بەرهەمە نەوتییەکانی تێدا دیاری بکرێت؟ ئەمە زۆر گرنگە. ئێمە دەبێت بەهاکانی خۆمان ڕزگار بکەین لەدەست ئەم سیستەمە جیهانییە. ئەمڕۆ سعودیە خاوەنی هەرچەندێک نەوت بێت هەموو دەزانین جڵەوی بەدەستی کێوەیە! ئیمارات، قەت ناتوانێت هەنگاوێکی سەربەخۆ بنێت. بەڵام باکووری عێراق بەو جۆرە نییە، ئێوە دەتوانن لە ڕێگەی ئاوێتەبوون لەگەڵ تورکیا مۆدێلێکی نوێ دروستبکەن. بیر لەوە بکەنەوە کە ئازەربایجان و ناوچەی خەزەریش بووە بەشێک لەم ئاوێتەبوونە. هەرچەندێک کێشەتان لەگەڵ ئێران هەبێت یان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق. سەبارەت بەوەش دەمەوێت بڵێم، ئەو گوشارانەی حکومەتی مەرکەزی بۆ سەر هەرێمەکەتان ناتوانێت بەم جۆرە بەردەوام بێت.

**ڕووداو: بەرەوپێشچوونی پەیوەندیتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە هۆی خراپبوونی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ بەغدا، ئەو ئاوێتەبوونەی باسی دەکەی، دەکرێ وێڕای ناڕەزایی بەغدا بێتەدی؟**

**بوڵوت:** بە دڵنیاییەوە دەکرێ. سەرنج بدەن، دواجار لە تورکیا کەسانێکی زۆر هەن کە بە ڕەچەڵەک کوردن، ئەمانە برای ئێمەن. هاوڕێمانن، دۆستمانن، هاوسەرمانن، کوڕ و کچمانن. ئێمەو ئێوە وەک گۆشت و ئێسقان وایـن لەیەک جیانابینەوە. ئێوە خزمی ئێمەن و ئەگەر یەکێک بەبەردەوامی فشاربخاتە سەر خزمەکانمان و ناحەقییان بەرامبەر بکات و هەوڵ بدات سەرکوتیان بکات، ئێمە بێدەنگ نابین بەرامبەر ئەمە. پێویستە جەخت لەسەر ئەمە بکەینەوە. ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا دووەم سوپای گەورەی ناتۆیە. خاوەنی نزیکەی 500 فڕۆکەی جەنگی و یەک ملیۆن سەرباز و یەکێک لە گەورەترین هێزە دەریاییەکانی جیهانە. خاوەنی زۆرترین ژمارەی تانک و بارهەڵگری تانکە و خۆی ئەمانە بەرهەم دێنێت. هەموو ئەمانە لە 10 ساڵی ڕابردوودا هاتە بەرهەم. بۆیە واباشە کەس سەبری تورکیا تاقینەکاتەوە. فەرموون ئەسەد ببینن. ڕاستە ئێمە زۆر هێمنین. بەڵام ئەگەر یەکێک لە ناوچەکەماندا بەبەردەوامی فشار بکات و فرت و فێڵ بکات و ببێتە ڕێگر لە وەرگرتنی مافەکان و وەکو ئەسەد خەڵکی بکوژێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا هێزی خۆی بخاتە ڕوو. من 10 ساڵ لەمەوبەر وتارێکم نووسی لەژێر ناوی کۆنفیدراسیۆنی ئۆراسیای مەزن. دەڵێم، قۆناغی گواستنەوە بۆ کۆنفیدراسیۆنی ئۆراسیای مەزن دەستیپێکردووە. ئەو مۆدێلەی من بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە کە یەکێتی ئەورووپا دەڕووخێت و هەندێک لە وڵاتەکانی باڵکان کە ئەندامن لە یەکێتی ئەورووپا لەوانە یۆنان، لەلایەکی دیکە ناوچەی خەزەر، باکووری عێراق و قوبرس لەگەڵ تورکیا ئاوێتە دەبن. ئەمە بەو مانایە ناڵێم کە سنوورە سیاسییەکان بگۆڕدرێن، ناڵێم با باکووری عێراق ببێتە بەشێک لە تورکیا یان ئازەربایجان ببێتە تورکیا. بە مانای ئاوێتەبوون دەیڵێم. من فیدراسیۆن ناڵێم، کۆنفیدراسیۆن دەڵێم. ئاوێتەبوونێکی ئابووری. هەموو کەس دەبینێ کە یەکێتی ئەورووپا چیدی پیاوە نەخۆشەکەیە، دەبینن یۆنان نابووت بووە. ئەگەر لەگەڵ تورکیا ئاوێتە ببووایە لەڕووی ئابوورییەوە ئەمڕۆ زۆر باشتر دەبوو. قوبرس بەهەمان شێوە. باکووری عێراق و ناوچەی خەزەر دوو هێزی زۆر گەورەن. دوو بزوێنەری ناوچەکەن. باکووری عێراق لە ناوچەی خەزەریش دەوڵەمەندترە. هەر بۆیە پێویست دەکات ئەمە زۆر باش حسابی بۆ بکرێت. ئامۆژگارییەکی برایانە لە منەوە بۆ ئێوە، زۆر سیناریۆیان هەیە لەسەر ناوچەکەتان. دەیانەوێت هەموو لایەک بگرنە دەست. خۆ مەدەن بەدەستەوە. بەتایبەتی تەسلیمی هێزە جیهانییەکان مەبن. زۆر بە باشی سوود لە هێزەکانی خۆتان وەربگرن. دەبێت زۆر باش بزانن کە خۆتان قیمەت بخەنە سەر شمەکی خۆتان. بۆ نموونە ئێمە بەرهەمهێنەری

# ێمی باکووری عێراق لە داهاتوودا بێتە وڵاتێکی بەهێزتر لە ئیسرائیل

بوندوقین، بەڵام ئەڵمانیا نرخی لەسەر دادەنێت. ئەمە نابێت وا بێت. نەوت و غاز و بەرهەمەکانی لە بۆرسەی شوێنەکانی دیکە نرخیان لەسەر دادەنرێت. توانای فیکری و دارایی زۆر گرنگە. بۆ نموونە ئەمڕۆ نەوتی ژێر زەوی رووسیا لە هی ئەمریکا زیاترە. لە رووی تەکنیکیشەوە لە هەندێک بابەتدا لە ئەمەریکا لەپێشترە. لە رووی کەلتوورییەوە زۆر لەپێشترە، کەچی داهاتەکەی دوو تریلیۆن و 500 ملیارە. بەڵام هی ئەمەریکا 12 تریلیۆن و نیوە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی واڵ ستریت لە نیویۆرکە. بە هەمان شێوە بۆ ئێوەش، بەڕوونی دیارە کە لەگەڵ تورکیا دەتوانن توانای فیکری و داراییتان برەوپێبدەن. دەکرێت رووسیاش ببێتە بەشێک لەم مۆدێلی ئاوێتەبوونە. باس لەوە ناکەم کە سنووری ئەم وڵاتانە بگۆڕدرێت، باسی پێکەوەکارکردنی ئابووری دەکەم.

**ڕووداو: تورکیا چەندە دەتوانێ ئاراستەی سیاسەتە ئابوورییەکانی کوردستان دیاری بکات، بۆنموونە ئێستا نەوت هەناردە دەکرێ، بەڵام نافرۆشرێ**

**بوڵوت:** بەرگریکردن بە دەستەجەمعی زۆر بەهێزترە لە بەرگریکردنی تاکلایەنە. ئەمڕۆ فشارێکی زۆر هەیە لەسەرتان، حکومەتی ناوەندیی عێراق دەڵێت ئەوێ هی منە! باشە با هی تۆ بێت. ئەی ئەو کەسانەی هەزاران ساڵە لەسەر ئەو خاکە دەژین هیچ مافێکیان نییە؟ ناتوانن هیچ بڵێن؟ لە بەرامبەر ئەم فشارانەدا، پێویستە پێکەوە لەگەڵ تورکیا بەرگری لە دەرهێنان و فرۆشتن و بنیاتنانی بۆری نەوت و غازی نوێ و هەناردەکردنی بکەن. من چووم بۆ هەولێر، لە شەقامەکاندا زۆر نووسراوی تورکیم بینین. کۆمپانیای تورکی لێیە. پسکیتەکان تورکین. ئاوەکان تورکین. بەهەمان شێوە ئێوە دێن بۆ ئێرە بە تورکی قسە دەکەن. خەڵکی تورک دەچن بۆ ئەوێ بە کوردی قسە دەکەن، دەمەوێت بڵێم ئاوێتەبوونەکە خۆی لەخۆیدا دروستبووە. ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە تەنها ئەوەیە کە ئەمە بکەینە مۆدێلێک. بڕوانن ساڵەهای ساڵ شەڕمان کرد! ئەنجامی چی بوو؟ 40 هەزار کەس کوژران. تورکیا یەک تریلیۆن دۆلاری لەدەستچوو. تواناکانی ئەو ناوچەیە بەشاراوەیی مایەوە و خەڵکەکەشی بە درێژایی چەندین ساڵ نەهامەتییان چەشت.

> ئێوە خزمی ئێمەن و ئەگەر یەکێک ناحەقیتان بەرامبەر بکات لێی بێدەنگ نابین

> واباشە کەس سەبری تورکیا تاقینەکاتەوە

ئەمڕۆ هەموو کەس فڕۆکەخانەکەی هەولێر دەبینێ کە لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە بنیاتنرا. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی خەڵکی هەولێر خزمەتگوزارییەکی باشتر وەرنەگرێت؟ شەقامێکی باشتر بەکارنەهێنن؟ لە زانکۆیەکی باشتر نەخوێنن؟ ئەم ئاوێتەبوونە مومکینە. بۆچی خوێندکارێکی زانکۆ نەتوانێت لەوێ 2 ساڵ بخوێنێت و ساڵی سێیەمی لێرە بخوێنێت؟ بۆچی هەماهەنگی و ئاوێتەبوون نەبێت لەنێوان زانکۆکان؟ بۆچی بانکی ناوەندی تورکیا لەوێش خزمەتگوزاری پێشکەش نەکات؟ هەموو ئەمانە قابیلی جێبەجێکردنن، بەڵام ڕێگر لەبەردەم ئەمانەدا هێزە جیهانییەکانن. چونکە ئەمەی من باسی دەکەم، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە تورکیا لەگەڵ باکووری عێراق 10 پلە بەرزتر دەبنەوە. لەمە گرنگتر ئەوەیە کە کۆتایی بە خوێن و فرمێسکرشتن دێت. ئەگەر داهاتی تاکەکەس لە هەکاری ببێتە 22 هەزار دۆلار چیتر خوێنڕشتن نامێنێ. ئەگەر داهاتی تاکەکەس لە هەولێر بگاتە 30 هەزار یان 40 هەزار دۆلار، خوێنڕشتن نامێنێ. لەگەڵ بەجیهانیبووندا سنووری وڵاتەکان کاڵ دەبنەوە و لەم قۆناغەدا ئەم مۆدێلەی باسی دەکەم لەم ناوچەیە لەهەموو شوێنێک زیاتر دەتوانێت گەشە بکات. بۆ نموونە ئێستا سەیری ئەرمینیا و ئازەربایجان و ئێران دەکەیت تەنگژەیان هەیە. بێمانایە ئەم تەنگژانە. ناوچەی خەزەر هێزێکی زۆر گەورەیە. پێویست دەکات زۆر باش پلانسازی بۆ بکرێت. هەرێمی باکووری عێراقیش هێزێکی زۆر گەورەیە و دەبێ زۆر باش پلانسازی بۆ بکرێت. با ئەوەش بڵێم، باکووری عێراق قەت ناتوانێت لەگەڵ چارەنووسی ناوچەکانی دیکەی عێراق ئاوێتە ببێ. من زۆر لەوە دڵنیام.

**ڕووداو: لەبەرچی؟**

**بوڵوت:** پێش هەموو شتێک خەڵکەکانیان جیاوازن. ئەو دڵنیاییەی لە باکووری عێراق هەستی پێدەکەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق قەت هەستی پێناکەی.

**ڕووداو: گوتت هەندێ هێز لەناوچەکەدا هەن نایانەوێ ئەو ئاوێتەبوونە سەربگرێ، ئایا سەریاری ناڕەزایی ئەوان شتێکی ئاوا ڕوودەدات؟**

**بوڵوت:** بێگومان.

**ڕووداو: واتە بەریەرەکانێی ئەمریکا بکەین و گوێی پێنەدەین؟**

**بوڵوت:** لەم مۆدێلەدا کە من باسی دەکەم، دژایەتی ئەمەریکا یان رووسیا ناکەیت. رووسیا خۆی لە خۆیدا پشتگیری لە ئاوێتەبوونێکی لەم جۆرە دەکات لە ناوچەکەدا. سەرنج بدەن، چ شتێک ئۆبامای هێنایە سەر دەسەڵات لە ئەمەریکا؟ ئەوە بوو کە گوتی بزوێنەری جەنگی ئەمریکی رادەگرم و هێزەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان دەکێشمەوە. پەیمانەکەشی بردە سەر. بگەڕێنەوە بۆ پێشتر، کاتێک کەنەدی بزوێنەری جەنگی ئەمەریکی راگرت کوشتیان. ئێستا ئۆباماش لە ئەمەریکا لەژێر مەترسییەکی گەورەدایەو لەلایەن نیۆ کۆنزەرڤاتیڤەکانەوە هێرشی دەکەنە سەر. دەزانن بۆچی؟ چونکە کاتێک جەنگ هەبوو، کەرتی بەرهەمە جەنگییەکان لەبرەودا دەبێت، نرخی کانزاکانی وەک ئاسن و زێڕ لە ئاستێکی دیکەدا دەبن و کۆمەڵێک کەس لەمە سوودمەند دەبن. لێرەدا هەڵوێستی ئۆباما بۆ ئێمە زۆر گرنگە. باس لە هەڵوێستی دەوڵەتی ئەمریکا ناکەم، چونکە لەناو دەوڵەتی ئەمریکیدا نیۆکۆنەکان هەن. بەڵام هەڵوێستی ئۆباما جیاوازە. هەڵوێستی پوتین جیاوازە و هەڵوێستی ئەردۆغان جیاوازە. لەجیهاندا 3 سەرکردە هەن کە لە ژێر هێرشێکی بەردەوامدان. ئەم 3 سەرکردەیە دەتوانن لەگەڵ بارزانی پێکەوە کارێک بکەن. ئەمەریکاش نایەوێت هەموو جارێک فڕۆکە و پاپۆڕی جەنگی بنێرێت بۆ شەڕ، ئەمەریکییەکانیش لەمە بێزاربوون! سەرنج دەبن، جۆزێف ستیگلیتز کە ئابووریناسێکی بەناوبانگە و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، رایگەیاند کە لەکاتی شەڕی عێراق و ئەفغانستاندا 3 تریلیۆن دۆلاری ئەمەریکا دیارنەماوە. یەعنی دەڵێت، دامودەزگاکانی ناو ئەمەریکا 3 تریلیۆن دۆلاریان دزیوە. هیچ هاووڵاتییەکی ئەمەریکی رازی نییە وڵاتەکەی سەرباز بنێرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک لە عێراق. بەڵام بیرتان نەچێت لەوێش پێکهاتەیەکی جێکەوتوو هەیە. کە لەم گۆشەیەوە سەیر بکەین، دەبینین ئەگەری سەرخستنی ئەم ئاوێتەبوونە هەیە. چونکە هەموو جارێک خراپەکان نایبەنەوە. باشەکانیش دەیبەنەوە و بگرە زیاتریش. هەربۆیە دەڵێم، لەڕێی ئاشتیانەوە لەم ناوچەیە پێویستە مۆدێلێک دروستبکرێت. پێویست دەکات خۆڕاگر بین. رەنگە چەند لایەنێک هەبن بیانەوێت تەحریکمان بکەن. رەنگە سیخوڕی دەوڵەتانی دیکە خۆیان بخەنە شکڵی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی و هێرش بکەنە سەر تورکیا. یان رەنگە دیسان سیخوڕی دەوڵەتانی دیکە خۆیان بخەنە شکڵی سەربازی تورکەوە و بێن لە باکووری عێراق ئۆپەراسیۆن بکەن. بەبەردەوامی ئەم جۆرە تەحریزانە دەبن. چونکە دەیانەوێت لەیەکمان دووربخەنەوە و پەیوەندیمان تێکبدەن. دەیانەوێت کوردی تورکیا برژێنە سەر شەقام. حەزدەکەم لەڕێگەی ئێوەوە پەیامێک بگەیەنم، من دەمەوێت سوپاسی هاووڵاتییە کوردەکانمان بکەم کە لە تورکیا دەژین. لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی 17 و 25 کانوونی یەکەم و لە کاتی ڕووداوەکانی گەزیش، هەموو جۆرە تەحریزێک کرا بۆ ئەوەی کوردەکان برژێنرێنە سەر شەقام. بەڵام کورد بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبوون ببنە بەشێک لەم ڕووداوانە و لەم قۆناغی ئاوێتەبوونەدا هەڵوێستێکی جوانیان نواند.

**ڕووداو: لەساڵی رابردووەوە نەوت لە کوردستانەوە دەنێردرێتە تورکیا و لێرە عەمبار دەکرێ، ئەوە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ ڕێگایەک هەیە بۆ فرۆشتنی یان هەر عەمبار دەکرێ؟ ئایا دەکرێ تورکیا خۆی ئەو نەوتە بکڕێ، یان بیفرۆشێ؟**

**بوڵوت:** بێگومان دەکرێت. خۆی لەخۆیدا هالک بانک وەک ناوەندێک بۆ ئەنجامدانی ئەم فرۆشتنە هەڵبژێردرابوو. بۆچی ئەم بانکە هەڵبژێردرا؟ لەبەرئەوەی لە دەرەوەی وڵات لقی هەیە و دەتوانێت کاری بانکی بکات و بانکێکی جیهانییە. بەڵام هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆئەوەی ڕێی لێبگرن. لە کۆتایی ئەم قۆناغی ئاوێتەبوونە، نەوتی باکووری عێراقیش بەچەشنی نەوتی سعودیە و ئیمارات و رووسیا و ئەمریکا پێویستە بکەوێتە بازاڕەکانەوە و بفرۆشرێت. پێویستە زۆر راشکاوانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی قسە بکرێت. ئەم هەڵوێستەی حکومەتی بەغدا ناکرێت بەردەوام بێت. ئەم ئیشە بە زۆرداری ناڕوات. دەکرێت حکومەتی ناوەندیش بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بەشدار بێت لەم ئاوێتەبوونە ئابوورییە. ئەویش دەتوانێت پشکێک وەربگرێت، بەڵام بێگومان ئێوە بڕیار لەسەر ئەمە دەدەن.

> لەگەڵ کەوتنی ئەسەد، هەڵوێستی حکومەتی بەغدا و هەموو هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت

**ڕووداو: دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان 17%ی داهاتی ئەو نەوتەی بەردەکەوێ و ئەوی دیکەی دەچێتە خەزێنەی حکومەتی عێراقەوە..**

**بوڵوت:** راستە و ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەوەشە کە ئیشەکە چارەسەر نابێت. بەڵام با من ئەوەتان پێبڵێم، لەگەڵ کەوتنی ئەسەد، هەڵوێستی حکومەتی بەغدا و هەموو هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت.

**ڕووداو: ئەگەری ڕووخانی ئەسەد چەندە؟**

**بوڵوت:** من باوەڕ ناکەم تەمەنێکی زۆری مابێت. لەبەر ئەوەی رووسیا شکستێکی گەورەی خوارد لە ئۆکراینا. بەهەمان شێوەی ڕووداوەکانی گەزی لە تورکیا هەمان شتیان لە ئۆکرایناش کرد. لەڕاستیدا من لەدژی ئەوەم کە حکومەتی هەڵبژێردراو لەڕێی خرۆشاندنی شەقام برووخێنرێ. رەنگە هەنگاوەکانی رووسیا سەبارەت بەم بابەتە، سیاسەتی لەمەڕ سووریا بگۆڕێت و تورکیا و رووسیا زیاتر لەیەک نزیک بکاتەوە. سەرنج بدەن، حاڵی حازر تورکیا و رووسیا لە قۆناغی لێکنزیکبوونەوەدان. ئێمە بەبێ ڤیزا دەتوانین بچین بۆ رووسیا، بەڵام ئەوروپییەکان ناتوانن. رووسەکان دەتوانن بەبێ ڤیزا بێن بۆ تورکیا. رەنگە بەو نزیکانە پاسپۆرتیش هەڵبگیرێت. من پێموایە لە ئەنجامی ئەم لێکنزیکبوونەوەیە، ئەسەدێک کە تورکیا نەیەوێت لەوێ بێت، زۆر چانسی مانەوەی نامێنێت. ئاوێتەبوونی تورکیا و باکووری عێراق ئاسانتر دەبێت و حکومەتی ناوەندیش ناچار دەبێت هەڵوێستی بگۆڕێت. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەسەد کۆمەڵێک پرسیاری جددی دێنە پێشەوە. بۆ نموونە، ئایا خاکی سووریا بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە یان پارچە پارچە دەبێت؟ ئەو ڕێکخراوانەی لەو ناوچەیە جێگیربوون چارەنووسیان چی دەبێت؟ بەڵام من دەڵێم کورد نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە پاشماوەکانی ئەسەد بدەن بچنە ناوچەکانیانەوە. دەبێت خۆیان زۆر باش بپارێزن لە ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهادییەکان کە لەو ناوچەیە جێگیر بوون. ناوچەکانی ئێوە زۆر پاکە و تواناکانی ئابووری گەورەی تێدایە بۆ دواڕۆژ، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دزە بکەنە ئەو ناوچەیەوە، چارەنووستان لەگەڵ ئەوان دەبێت بەیەک چارەنووس. ئێوە دەتوانن ببنە ئابوورییەکی زۆر بەهێز! ئەمە زۆر گرنگە! هەرێمی باکووری عێراق لە داهاتوودا دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی بەهێزتر لە ئیسرائیل.

**ڕووداو: تورکیا ئامادەیە لەپێناوی هەرێمی کوردستان ریسک بکات، لەکاتێکدا هەتا ئێستاش بە تەنیا یەک دەروازەی سنوورییەوە بازرگانی لەگەڵ کوردستان و لەگەڵ عێراق بەگشتی دەکات؟**

**بوڵوت:** تورکیا لە قەیرانە ئابوورییەکەی 2001دا پشتی دای لە زەوی. بۆ 5 ملیار دۆلار ئاڵای سپیمان هەڵکرد و تەسلیم بووین. کەمال دەروێش هات و بووە بەهێزترین وەزیر. لە 2003 لە سلێمانی تورەگەیان کردە سەرمان و پێیانگوتین جارێکی دیکە بۆتان نییە بێنە ئێرە. بەڵام لە 2003وە بۆ 2013، لەم 10 ساڵەدا تورکیا زۆر هەنگاوی گرنگی نا. لە وڵاتێکەوە کە نەدەتوانرا ناوی کورد بهێنرێت، بووین بە وڵاتێک کە لەڕووی کەلتوور و زمان و ناسنامەی نەتەوەییەوە توانی کرانەوەیەکی گەورە بکات. ئەمە زۆر گرنگە، بە ئاسانی مەزانن. چونکە لە تورکیا پێکهاتەیەکی جێکەوتووی زۆر بەهێز هەیە کە ڕێگرە. ئەمانە بە ئاسانی مەبینن. لەم وڵاتەدا نەمانتوانیوە بڵێین کورد هەیە. لەکەیەوە؟ لە ساڵی 1946وە هەتا 2003. شتێک کە 80 ساڵ نەمانتوانیوە بیڵێین ئەوە 10 ساڵە دەتوانین بیڵێین. دەمەوێت بڵێم ئاسۆمان روونە بۆ ئەم ئاوێتەبوونە، هیچ کەس ناتوانێت ڕێگەمان لێبگرێت. ئەگەر ئەمڕۆ نەبێت، سبەی، سبەی نەبێت ڕۆژی دواتر. ئەمە پرۆسەی ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونە.

**ڕووداو: بەڵام لەتورکیا زۆرجار دەگوترێ ئەگەر حیزبی دەسەڵاتداری ئێستاش بڕوات پرۆسەکە هەر بەردەوام دەبێت؟**

**بوڵوت:** باوەڕناکەم بەردەوام بێت. یەکسەر ئەم پرۆژەیە هەڵدەپەسێرن و ئەو پێکهاتە جێکەوتووەی باسی دەکەم، وەک رابردوو کورد بە دوژمن ناوزەد دەکاتەوە. بە پێچەوانەوە کێشەی زۆر گەورە لە نێوانماندا دەستپێدەکات. خاوەنی ئەم پرۆژەیە، رەجەب تەیب ئەردۆغانە. فەرموون بە دەیان ساڵ شەڕ کرا، ئەنجامی چی بوو؟ کێ بردییەوە؟ براوەی نییە ئەم شەڕە. کەس ئەوە نابینێت کە توانایەکی ئابووری گەورە لێرەدایە. سەرنج بدەن، لە فەرەنسا ئازادیت هەموو شتێک بڵێی! ئازادی بۆ ئەوان هەیە بەڵام بۆ ئێوە نییە. لەوێ هەموو جۆرە بیرێک دەتوانرێت باسی لێبکرێت بەڵام ئێوە ناتوانن. بۆچی چونکە لێرە ئازادی بەرپا بوو دیوارەکانی ترس دەڕووخێن. لەگەڵ ڕووخانی ئەم دیوارانە هێزی ئەم ناوچەیە دەردەکەوێت. تەماشا بکەن، کە گوتمان کورد هەیە کۆماری تورکیا ڕووخا؟! نەخێر! بە پێچەوانەوە بەهێزتر بوو. چونکە هاووڵاتی خۆمان ئاشتکردەوە. تێڕوانینی خەڵکی دیاربەکر لەسەرمان گۆڕا، لە ئیستەنبوڵیش. سیاسەتی ئینکارکردنی بوونی خەڵک و سەرکوتکردنی هیچ ئەنجامێکی نابێت. ئەمە بۆ تورکیاش وایە و بۆ عێراقیش وایە. حکومەتی ناوەندیی عێراق بە بەردەوامبوون لەسەر ئەوەی بڵێت باکووری عێراق بوونی نییە و هی منە، ناگاتە هیچ ئەنجامێک. تورکیا لە قۆناغەکانی داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم پرۆسەی ئاوێتەبوونە و خێراتریش هەنگاو دەنێت. گرنگترین شت مۆدێلە ئابوورییەکە پێویستە زۆر راست بنیات بنرێت. تەنانەت ئەگەر پێویست بکات دەبێت گرووپی پێکەوە کارکردن دروستبکرێت. باکووری عێراق دەبێت سوود لە داهاتی نەوت و غازەکەی وەربگرێت. دەبێت زۆر باش پلانسازی بکرێت بۆ ئەو دامودەزگایانەی کە بنیات دەنرێن. بۆ نموونە لە بەرهەمە نەوتییەکان پلاستیک دروست دەکرێت و لە پلاستیک شتێکی دیکە دروست دەکرێت. دەبێت زۆر باش پلانسازی بۆ ئەمانە بکەن. ئەگەر ئەم پلانانە باش بکەن، دەتوانن ببنە ناوەندێکی گەورەی پیشەسازی. نابێ ئێوەش وەک سعودیە بکەن، نەوتەکە دەربێنن و بیخەنە ناو بۆرییەکە و لێی پاڵکەون. سعودیە لە ئەنجامی ئەم شێوە کارکردنەیەتی کە هیچ سەنگێکی نییە لە جیهاندا و گوێڕایەڵی ئەمەریکاو بەریتانیایە.

**ڕووداو: تورکیا لەو ڕووەوە چەندە دەتوانێ یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات؟**

**بوڵوت:** تورکیا دەتوانێت بۆ داڕشتنی ژێرخانی باکووری عێراق پلانسازی بکات و کاری جێبەجێکردنیش بکات. تەنها وەک باکووری عێراقیش بیری لێمەکەنەوە، بۆ نموونە لە باکووری عێراق کارگەی بەرهەمهێن بنیات دەنرێ، لە تورکیا هەڵقەی تەواوکەری ئەوە بنیات دەنرێ و هەردووکیان پێکەوە لە بەندەری مێرسین دەخرێنە سەر پاپۆڕ و دەڕۆن. هێڵی ئاسنین و ڕێگەوبان دروستدەکرێت لە نێوانماندا. بەم شێوەیە دەتوانین ئەم ئاوێتەبوونە بهێنینە بەرهەم. بۆ ئەمە باوەڕم وایە پێویست دەکات کاری هاوبەش لەنێوان حکومەتی ناوەندی و باکووری عێراق و تورکیا دەستپێبکات بۆ پرۆسەی ئاوێتەکردن و یەکخستنی ئابووری. چیدی باوی سنوور و منوور و شاخ و رووبار و گرد و دەشت نەماوە، دەبێت هەموو واز لە تۆ کوردیت و من تورکم بهێنین. ئەمەریکا چۆن دروستبووە؟ لەیەکگرتنی کۆمەڵێک ویلایەت. کە دەچیتە ئەمەریکا، پۆلیسی کۆنترۆڵی پاسپۆرت لەناو فڕۆکەخانەکە ژاپۆنییە، کە لێی دەپرسیت تۆ چیت؟ دەڵێت من ئەمەریکیم! بەڵام ژاپۆنییە بەچاوی خۆت دەیبینی. ئەفریقییەکان و هیندییەکانیش بەهەمان شێوە. چیتر ڕەنگ و رەچەڵەک و زمان و دینی مرۆڤەکان کاتیان نەماوە. ئەمڕۆ لە سەردەمی ئاوێتەبوونی ئابووری دەژین، سەردەمی زانیاری.

**ڕووداو: بەڵام هەتا ئێستاش لەم ناوچەیەدا زۆر هێز هەن کە کار لەسەر جیاوازییەکان دەکەن؟**

**بوڵوت:** زۆر راستە، منیش هەر وا بیردەکەمەوە. لەم وڵاتەشدا پاشکۆی ئەو گرووپانە هەن. چەندین دەزگای ڕاگەیاندن هەن کە ساڵەهای ساڵ بێڕێزییان بەرامبەر بە هاووڵاتییە کوردەکان کرد. ئەم دەزگایانە تا ئێستاش هەن و دەبینن کە وڵاتێکی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا پشتگیری دارایی ئەم دەزگایانە دەکات و هەندێکیان بەدەستی ئیسرائیلەوەن. ئەمە بەڕوونی سیاسەتی ئەم کەسانەت پیشان دەدات. تێدەگەیت کە بۆچی بێڕێزی بەرامبەر بەم خەڵکانە دەکات و رای گشتی دەشێوێنێ. دووبارەی دەکەمەوە ئەم ناوچەیە هێزێکی ئابوورییە. لە جیهاندا 3 هێزی گەورە هەن، یەکێکیان کیشوەری ئەمەریکایە، ناڵێم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کیشوەری ئەمریکا. دووەمیان ناوچەی نێوان ئیستەنبوڵ و مۆسکۆ. ئەو ناوچەیەی کە پێیدەڵێن ئۆراسیای گەورە. باکووری عێراق یەکێکە لە دوو دڵەکەی ئەم ناوچەیە. یەکێکە لە دوو عەمباری سەرچاوەی وزەی ئەم ناوچەیە. خەتی سێیەم لە ناوچەکانی ئێرانەوە دەستپێدەکات و هەتا هیندستان و چین و ژاپۆن دەڕوات. لە پێکهاتەی نوێی جیهاندا یەکێتی ئەورووپا بوونی نییە. باکووری عێراق یەکێکە لە دوو ناوەندە گرنگەکەی ئەم ناوچەی هێزی دووەمە.

> باوی سنوور نەماوە و دەبێت هەموو واز لە تۆ کوردیت و من تورکم بهێنین

**ڕووداو: بەهۆی مەسەلەی دوورگەی کریما ئەمریکا بەنیازە ئابڵوقە بخاتە سەر رووسیا، وەک دەزانن بەشی زۆری وزەی ئەورووپاش لە رووسیاوە دابیندەکرێ، ئەوە چەند لە قازانجی تورکیا و کوردستاندایە بۆ دابینکردنی وزەی ئەورووپا؟**

**بوڵوت:** سوودی زۆر دەبێت. ئەگەر بیرتان بێت ئەورووپییەکان پێشتر پرۆژەیەکیان هەبوو بەناوی (نابووکۆ). نابووکۆ پرۆژەیەکی بەتاڵ بوو. هیچ سوودێکی بۆ تورکیاش نەبوو، بۆرییەکان لێرەوە دەڕۆشتن بەبێ هیچ سوودێک. ئەورووپا بە تورکیای دەگوت تۆ مەجبووریت ئەمەمان بۆ بکەیت و بە خۆڕاییش بۆمان بکەیت، بۆچی؟ هیچ مەجبوور نیم بیکەم. سەرنج بدەن، نابووکۆ تەنانەت سایتی ئینتەرنێتەکەشی داخرا. ئێستا پرۆژەی (تاناپ) هەیە. ئەم پرۆژەیە 30%ی موڵکی دەوڵەتی تورکیایە. نەوت و غازی ناوچەی خەزەر دەهێنێت و بە خاکی تورکیادا تێیدەپەڕێنێت، 2 بۆری دەرچوونی هەیەو تورکیا مافی ئەوەی هەیە بەپێی پێویستی و خواستی خۆی نەوت و غازی لێوەربگرێت. بەهەمان جۆر دەکرێت بۆری نەوتی نوێ لە باکووری عێراقەوە بەناو تورکیادا رابکێشرێ. ئەگەر یەکێتی ئەورووپا ژیرانە بجوڵێتەوە، دەتوانێت سوود لەم ئاوێتەبوونە ئابوورییە وەربگرێت و رزگاری ببێت لە ئاڵوودەبوونی بە گازپرۆم. ئەمڕۆ سەرجەم وڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا ئاڵوودەی گازپرۆمن. درێژیی بۆرییەکانی وزەی گازپرۆم لەناو ئەورووپا 160 هەزار کیلۆمەترە.

**ڕووداو: ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو وزەیەی رووسیا هەیە؟**

**بوڵوت:** بێگومان هەیە، ئاوێتەبوونی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراق و لەگەڵ ناوچەی خەزەر، تورکیا دەکات بە میحوەر و سەنتەری وزە لە ناوچەکەدا. لە ئەنجامدا پرۆژەکانی ڕێڕەوی باشوور دەبنە بەدیلێکی بەهێز بۆ پرۆژەکانی ڕێڕەوی باکوور. کە لەم گۆشەیەوە سەیردەکەیت دەکرێت بیر لەوە بکەیتەوە کە رووسیا ببێتە ڕێگر. بەڵام ئاوێتەبوونی رووسیا لەگەڵ تورکیا لە بوارە جیاوازەکانی دیکەدا، زامنی ئەوە دەبێت کە ڕێگری دروست نەکات. لەم هاوکێشەیەدا یەکێتی ئەورووپایە کە ناژیرانە دەجوڵێتەوە. نایانەوێت تورکیایەک و باکوورێکی عێراقی بەهێز ببینن. نایانەوێت ئێوە خۆتان نەوتی خۆتان دەربهێنن، دەیانەوێت ئەوان بێن و دەریبێنن. هەر کاتێک هەموو شتەکان چووە دەستی ئەوان، دەبینن ڕێگەکان چۆن دەکرێنەوە! بەڵام ئامۆژگاری من بۆ ئێوە ئەوەیە ڕێگە مەدەن نەوتەکەتان لێ زەوت بکەن. ئازەرییەکان ئەوە تازە بە تازە بەئاگا هاتوون و دەستیان کرد بەوەی سەرچاوەکانی خۆیان لە دەستی ئینگلیزەکان وەربگرنەوە. ئێوەش ئاگاداربن و مەهێڵن کەس لێتان زەوت بکات.

**ڕووداو: سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی ساڵی 2020 و سەرۆک وەزیرانی تورکیاش باسی 2023 دەکات و وەکو ئامانج دیارییان کردووە، تۆ وەک شارەزایەکی ئابووری، پێشڤەچوونی کوردستان لەماوەی ئەو ساڵانەدا چۆن دەبینی؟**

**بوڵوت:** ئەو پرۆژەیەی باسی لێدەکرێت بۆ تورکیای گەورە لە 2023 ئەوەیە کە ئەم ئاوێتەبوونە ئابوورییە گەیشتبێتە ئەنجام و تورکیا بگاتە ئاستێک کە داهاتی ساڵانەی 2 ترلیۆن و 500 ملیار دۆلار بێت. نەوت و غازی باکووری عێراق دوای پاڵاوتن بە جیهان بفرۆشرێت. هەڵبەتە بە نرخی بۆرسە نەک بە نرخی دیکە. بەرهەمەکانی نەوت لە کارگەکانی ئەم ناوچەیە ببنە کەرەستەی پیشەسازی. تەنها ئەو بەرهەمە پلاستیکیانەی لە نەوت دەردێن بەسە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری وڵاتێک. بە کورتی ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە کە ناوچەیەکی پیشەسازی فراوان بە مۆدێلێکی ئاوێتەبوونی ئابووری بنیاتنرابێت.

**ڕووداو: بەگوێرەی ئەم قسانە بێت هەرێمی کوردستان تا ئەوکاتە لەعێراق جیابووەتەوە؟**

**بوڵوت:** لەم ناوچەیەدا، جیابوونەوە و یەکگرتن لە یەک شەودا ڕوودەدەن. ئەو سەدامەی کە دەیانگوت قەت ناکەوێت لە 30 چرکەدا تەواوبوو. لەبەر ئەوە ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی خێرایە. گۆڕانکارییەکانی هێندە لەناکاون کە کەس چاوەڕێیان ناکات.

**ڕووداو: بۆ تورکیا، کوردستان بەهایەکی ستراتیژی ئاوای هەیە کە بەهەموو شێوەیەک بەرگری لێبکات؟**

**بوڵوت:** بە دڵنیاییەوە، لە نێوان سنوورەکانی میساقی میللی تورکیادا مووسڵ و کەرکووک هەن. ئەم وڵاتە لە 100 ساڵ لەمەوپێشەوە لەگەڵ ئەوێ پێکەوەیە. ئێمە لە 100 ساڵ لەمەوبەرەوە ئامانجی ئەوەمان بۆخۆمان داناوە کە لەگەڵ ئەو ناوچەیە پێکەوە بین. کە هەموو ئەمانە شیدەکەیتەوە، ئاوێتەبوونی تورکیا و باکووری عێراق زۆر گرنگە. بەهەمان شێوە ئاوێتەبوونی تورکیا و ناوچەی خەزەر هەر زۆر گرنگە. تورکیا وەک فڕۆکەیەک بهێننە بەرچاوی خۆتان، جێتێک کە دوو بزوێنەری هەیە. یەکێک لە بزوێنەرەکانی باکووری عێراقە و بزوێنەرەکەی دیکەی ناوچەی خەزەرە. لەگەڵ هەر دوو بزوێنەرەکەی ئەم وڵاتە، پێکەوە هەموو دەتوانن بفڕن. دەتوانن هەموو پێکەوە دەرگا لەسەر دەوڵەمەندییەکی گەورە بکەنەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان جێی یەکێتی دەگرێتەوە؟

**نە گۆڕان دەتوانێ بەو خێراییە ببێتە حاکمی زۆنی سەوز و نە یەکێتیش بەو دەمودەستە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن**

وەک چاوەڕێ دەکرا، گۆڕان و پارتی ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. ئەو وەزارەتانەی کە پێشتر لەسەر حیسابی ئیستیحقاقی هاوپەیمانیی ستراتیژی درابوون بە یەکێتی، ئەمجارەیان لە ڕێگەی ئیستیحقاقی سندووقەکانی دەنگدانەوە دران بە بزووتنەوەی گۆڕان. ئەو پۆست و وەزارەتە سیادیانەی کە ڕۆژانێک جێی مشتومڕی بەردەوامی پارتی و یەکێتی بوون، ئەمڕۆ بەدەست بزووتنەوەی گۆڕانەوەن و کەسیش (جگە لە یەکێتی) هەست ناکات کە دنیا خراپ بووە و کۆتایی هاتووە.

دەقی ڕێککەوتنەکەی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی ئەگەر بە وردی بخوێندرێتەوە و شرۆڤە بکرێت، ڕێککەوتنە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان، شەراکەتی ڕاستەقینە و بەرنامەی کاری هاوبەش لە خولێکی حکومەتدا. نە کەمتر و نە زیاتر. ئەو ڕێککەوتنە هیچ ڕەهەندێکی ستراتیژیی تێدا نییە و ڕێک وەک ئەو ڕێککەوتنە 19 خاڵییەیە کە پێشتر لە نێوان بارزانی و مالیکیدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقی مۆر کرا. ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە لە هەموو حکومەتێکی ئیئتیلافیدا دەکرێن و شتێکی زۆر باوە و تەفسیری دیکە هەڵناگرێت. بەڵام گرنگ هەنگاوەکانی دوای ئەوە و جۆری گونجانە لە بەڕێوەبردندا کە چەند دەتوانن بەیەکەوە بەردەوام بن. نموونەی هەرە سەرکەوتووی ئەو حکومەتە ئیئتیلافیانە کە لەسەر بنەمای هێزی ناوچەیی لە دنیادا هەن، نموونەی سەرکەوتووی ئەڵمانیای فیدراڵە کە هەردوو حیزبی یەکێتیی مەسیحی و سۆسیال دیموکرات لە ساڵانی ڕابردوودا خستوویانەتە ڕوو و دەکرێ ئەوەی گۆڕان و پارتیش وا بێت، بەڵام ئایا بەو بارودۆخە سیاسییەی کوردستان ئەوە سەردەگرێت؟

ئەگەر لە پێکهاتەی حکومەتی ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو بڕوانین، دەبینین کە پارتی پۆستەکانی خۆی هەر ماوە و جگە لە وەزارەتە سیادییەکانی سەردەمی پەنجا بە پەنجا، سوکانی بڕیاری سیاسی و سیادیش (سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت)ی هەر لەدەستدایە. بۆیە ئەوەی لەو پێکهاتەیەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پارتی تا ڕادەیەکی زۆر پارێزگاری لە هەژموونی خۆی کردووە و پۆستەکانی پێشووی ناو حکومەت کە پێشتر لە دەست یەکێتی و حیزبە تاک کورسییەکاندا بوو، داوەتە گۆڕان و ئەوانی دیکە. ئەوەی بۆ یەکێتیش ماوەتەوە بەپێوەری دەنگی یەکێتی لە ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، نەک هەر کەم نییە، بگرە زیادیشە، بەڵام ئایا یەکێتی وا بە ئاسانی ئەو ڕاستییەی پێ قەبووڵ دەکرێت؟ یان ئایا پارتی تەنها دەتوانێ وجودی یەکێتی لەناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا حیساب بکات؟

پارتی لە ماوەی ڕابردوودا مانۆڕێکی سیاسی کرد و یەکێتی خستە بەردەم هەڵبژاردنی ئەوەی کە یان ئۆپۆزیسیۆن بێت یان بەوەی کە دەیدرێتێ ڕازی بێت؟ پارتی و خەڵکیش دەزانن کە یەکێتی بەو حاڵەی ئێستای ئەگەر لە دەرەوەی حکومەت بمێنێتەوە، نە دەتوانێ ئۆپۆزیسیۆن بێت و نە دەشتوانێ بێدەنگ بێت و دەست لەسەردەست دانێ و سەیری حوکمی پارتی و گۆڕان بکات. بۆیە هەرچەندە یەکێتی وەکو جەستەیەکی لێهاتووە کە کانسەری گرتووە، بەڵام ئەگەر پێکی نەکەن، دەتوانێ تێکیبدات. ئەگەرچی پارتی و یەکێتی تەڵاقی ستراتیژییان کەوتووە، بەڵام قۆناغی دوای ئەوە پێویستی بە مامەڵەیەکی سیاسیی تەندروست هەیە کە ڕێگر بێت لەبەردەم فەوزای سیاسی و کۆمەڵایەتی. ڕووداوی تەقەکردن لە لقی چواری پارتی لە سلێمانی، ئەگەر یەکێتیش نەیکردبێت، دەزانێ کێ بووە و ئەگەر پێشی خۆش نەبێت، ئەوا پێی ناخۆش نەبووە. بۆیە پارتی دەبێ زۆر وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکات و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، سەقامگیری و ئاشتی نەکاتە قوربانی وەزارەتێک یان پۆستێک.

یەکێتی ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵات بمابایەوە و بووبایە ئۆپۆزیسیۆن، ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان کامڵتر دەبوو، بەڵام نە گۆڕان دەتوانێ بەو خێراییە ببێتە حاکمی زۆنی سەوز و نە یەکێتیش بەو دەمودەستە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن. ئەو ڕۆڵ گۆڕانە هێشتا کاتی ماوە و پارتی ناتوانێ بە پێدانی پۆست و وەزارەت ئەو واقیعە بسەپێنێ.



قەرەنی قادری

# سوپای قودس و کابینەی هەشتەم

چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا، جارێکی دیکە "شاندی ئەمنی"ی کۆماری ئیسلامی کە سەر بە "سوپای قودس"ن، لە دەرگا هەمیشە کراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕوویان لە سلێمانی کرد، تا لە دانوستاندنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا "بەشدار" و یاوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بن. ئەو شاندە ئەمنییە لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە "دەخۆ ڕادەبینێت" و "دەستڕۆیشتوو"ە، "پێشنیاز"ی ئەوە دەکات، کام پۆست بە کێ بدرێت، یان وەزارەتخانەیەکی دیاریکراو بە کێ نەدرێت! لە زانست و دابی سیاسیدا بەمە دەڵێن دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی دیکە، هەروەها دەکرێت بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانیش لێکبدرێتەوە.

ئەگەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە هاوکاریی سوپای قودس کۆسپی سەر ڕێگەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و ئەو دوو سەد ڕۆژە دواکەوتنەن، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەپێی ئەوەی کە براوەی یەکەمە و بەرپرسی پێکهێنانی کابینەیە، بەرپرسی دۆخەکەیە. ئەوەی کە لە (2014/4/17)دا بەبێ یەکێتی دەستوبردێکی خێرا کرا و دوای زیاتر لە 200 ڕۆژ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان بۆ پێکهێنانی حکومەت واژۆکرد، دەبا زووتر کرابا.

ئامانجی سوپای قودس ئەوەیە کە هاوسەنگی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا چێ بکات، تا بەم ڕێگەیەوە، هەم دەست دە کاروباری هەرێمی کوردستان وەربدات، هەمیش ململانێ لەگەڵ تورکیادا بکات. ململانێی تورکیا و کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان، بە شێوازی جۆراوجۆر لە گۆڕێدایە. ئامانجێکی دیکەی سوپای قودس ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی (2014/4/30)ی پەرلەمانی عێراقدا، ئەو هێزانە لە هەرێمی کوردستان بدۆزێتەوە تا پشتیوانی لە مالیکی بکەن. ئەوەی کە تا ئێستا ڕوونە، کۆماری ئیسلامی جیا لە مالیکی هیچ جێگرەوەیەکی دیکەی بۆ بەغدا نییە.

ئەو ئەگەرەش زۆر بەهێزە، ئەگەر سوپای قودس سەبارەت بە پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە "دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی"دا بە ئامانج نەگات، پیلانی دواییان هەڕەشە و کاری تێکدەرانە دەبێت لە هەرێمی کوردستان.

شک لەوەدا نییە کە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دەوری سوپای قودس لە عێراقدا زیاتر دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدی لەسەر لێواری هەڵدێر ڕاگرتووە. حکومەتی عێراقیش دووەمین مەتەرێزە بۆ تاران، تا بەم ڕێگەیەوە ئەسپی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر وا لینگ بدات.

زۆر ئاساییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دراوسێکانیدا پەیوەندیی سیاسی، ئابووری و دیپلۆماتی هەبێت و دەبێ هەشیبێت، ئەمەش بەشێکە لە ژیانی حوکمڕانێتی، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەستێوەردان و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دوو شتی زۆر جیاوازن و دیواری چین لە نێوان ئەم دەستەواژانەدا هەیە. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەیکات، پەیوەندی دوو لایەنەی سیاسی نییە، بەڵکو دەستێوەردانی ئاشکرایە لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا. پێویستە کابینەی داهاتوو بیرێکی جددی لەوە بکاتەوە و سنوورە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی لەگەڵ تاراندا ڕوونبکاتەوە.

کاتێک لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن دەکرێت و هاووڵاتیان بە گوڕ و تینەوە ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان دەکەن، تا خۆیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەسەڵات دەستاودەست بکەن، دەبێ گشت هێزە سیاسییەکانیش بەر بەوە بگرن کە هێزێکی دەرەکی بخوازێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانەوە. ئاکامی هەر هەڵبژاردنێک و پێکهێنانی کابینەی نوێ، دەبێ ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ شەرت و پاساوێک، بەرهەمی دەنگی دەنگدەران بێت. قەیران لەناو هەر حیزبێکی سیاسیشدا دەبێ ئەوەندە سنووردار بکرێتەوە، کە بەر بە پێکهێنانی حکومەت نەگرێت و کێشە دروست نەکات.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، هاووڵاتیانیش کێشی حیزبە سیاسییەکانیان دەستنیشان کرد، هەر بەوپێیە دەبێ لە جوگرافیای سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئەو حیزب و لایەنانەی کە بە دەسەڵات گەیشتوون ڕێکبکەون و هەر خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. دەبێ سنوور لەسەر هێزی دەرەکی و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا بە تەواوەتی دابخرێت. هەڵبژاردن یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دیموکراسی، بەڵام هاوکاتیش دەبێ پارێزەری جوگرافیای سیاسی و سەروەریی نەتەوەیی بێت. لەم بوارەدا، ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانە کە ئەم سەروەرییە بپارێزن، بەڵام حیزبی براوەی یەکەم هەمیشە بەشی زیاتری بەردەکەوێت.



هەگ ڕۆبەرتسن

# حکومەتی بەریتانیا و یادی ئەنفال

ئەمڕۆ زۆر کورد یادی کەسوکار و هاوەڵ و دۆستەکانیان دەکەنەوە، ئەوانەی کە بوونە قوربانیی تاوانەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن. ئەوان هەروەها ئەو قوربانیانەیان لەبیرە کە ڕزگاریان بوو، بەڵام هێشتا بە ئازارە سەختەکانی ئەو تاوانانەوە دەناڵێنن، ئیدی چ ئازاری دەروونی بێت یان جەستەیی. ئەوان تەنیا نین. زۆر کەس لە بەریتانیا و سەرانسەری جیهاندا لەگەڵیاندا ڕۆژی ئەنفال یاد دەکەنەوە.

من وەکو وەزیری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەریتانیا، شەرەفی ئەوەم پێدرا لەیادی ئەنفالدا کە لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە لەندەن ڕێکخرابوو، وتەیەک پێشکەش بکەم. ئامادەبوونم لە یادەکەدا هەلی ئەوەی پێدام کە گوێ لە ڕزگاربووانی ئەنفال بگرم و بیر و هۆشم بەرمەوە لای ئەو تاوانە قێزەونانەی کە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە دژی کورد کردوونی. دیکتاتۆرێک کە منیش وەکو سەربازێکی سوپای بەریتانی لە شەڕی یەکەمی کەنداودا لەساڵی 1991 لە دژی جەنگام.

یادکردنەوەی لەم جۆرە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرنجی زۆر لە بەریتانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی ماندوونەناسی بەریتانی بێوچان کار دەکەن بۆئەوەی ئەم تاوانانە وەکو جینۆساید بناسرێن و مانگی شوباتی ڕابردوو دوای گفتوگۆیەکی پڕ هەست، پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاریدا کە تاوانەکە وەکو جینۆساید بناسێ.

لەوکاتەوە کە پەرلەمان تاوانەکەی وەکو جینۆساید ناسیوە، حکومەتی بەریتانیاش گەنگەشەی ئەوە دەکات کە ئایا ئێمەش پێویستە ئەو تاوانە وەکو جینۆساید بناسین یان نا. دوای ئەوەی کە بە وردی بیرمان لەو بابەتە کردەوە، بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئێمە نابێت تاوانەکە وەکو جینۆساید بناسین. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە نکۆڵی لە ڕوودانی ئەو تاوانە قێزەونانە دەکەین، ئەوە شتێکی ڕوونە کە تاوانەکان ڕوویانداوە، هەروەها لەبەرئەوەش نییە کە ئێمە گەیشتبین بەو بڕوایەی کە ئەم تاوانە جینۆساید نییە. بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئێمە پێمان وانییە حکومەتەکان توانای ئەوەیان هەبێ بڕیار لە پرسی ئاڵۆزی یاسایی لەو شێوەیە بدەن و توانای ئەوەیان نییە بڕیار بدەن کە ئایا جینۆساید- کە تاوانێکی یاسایی زۆر ورد و دیاریکراوە- لەو کەیسەدا ڕوویداوە یان نا. ئەم بڕیارە دەبێت لەلایەن دەزگا یاسایی و قەزاییەکانەوە بدرێت.

ئەمە هەرگیز بەو مانایە نایەت کە قێزمان لەو تاوانە نایەتەوە، یان ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر کوردی عێراق مەحکوم ناکەین. لە ڕاستیدا من هاوسۆزم لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمانی بەریتانیا کە ئەنفال وەکو جینۆساید دەناسێت، پێمخۆشە کە ئەم پرسە ئێستا گرنگی زیاتری پێدەدرێت. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە دیسان ئەوەمان وەبیردەخاتەوە کە ئەم چەکانە چەند قێزەونن و چ کاریگەرییەکیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. بەریتانیا وەکو هەر وڵاتێکی دیکەی بەرپرس، بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم چەکانە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییە. بەردەوام دەبین لەسەر هەوڵەکانمان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیاوی.

گرنگە هەموومان تاوانە ڕەشەکانی ئەنفالمان لەبیربێت و بڕوامان وابێت کە هیچ گرووپ و لایەنێک نابێت ڕووبەڕووی چارەنووسی لەو شێوەیە ببێتەوە. ئەمڕۆ حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ کوردی عێراقدایە لە وەبیرهێنانەوەی ئەنفالدا.

***هەگ ڕۆبەرتسن، وەزیری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە حکومەتی بەریتانیا. ئەم وتارەی تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**



چنار سەعد عەبدوڵڵا

# ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی

هەمووی دوێنێ بوو کە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەگشت پێکهاتەکانییەوە، یادی 23 ساڵەی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستانمان لەیەکتری پیرۆز کرد. لەو ماوە کەمەی خۆبەڕێوەبردندا کە ڕەنگبێت هەندێک کەس بە کەمیشی نەزانن، هەرێمی کوردستان بە چەندین وێستگەی سیاسی و ئابووری جیاوازدا تێپەڕبووە. هەندێ لەو قۆناغ و وێستگانە کاریگەری ئەرێنییان لەسەر کۆمەڵگا هەبووە و هەندێکیشی بە پێچەوانەوە ئەو ئەزموونەی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە. نامەوێت پاساو بۆ هەڵە و کەموکوڕییەکان بهێنمەوە، بەڵام پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتانی دیکەش بە بەردەوامی مەد و جەزری تێکەوتووە تا لە قۆناغێکدا گەیشتووەتە دۆخی ئارامی و جێگیری.

لەو ماوەیەدا هەر هەڵەیەک ئەگەر ڕوویدابێت و هەر دەستکەوتێک بۆ ئەو میللەتە گەر بەدەست هاتبێت، گشت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان جا بە ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ، پشکدارن تێیدا و بەرپرسیاریشن لە بەرامبەری.

مەگەر هەموو پێکەوە ڕانەپەڕین؟ مەگەر هەر ئێوە نەبوون کە بە بڕیارێکی بەرەی کوردستانی لە پێناو ئارامی و ئاشتەوایی ناوماڵی کوردستان، لێبووردنی گشتیتان بۆ گشت جاش و پیاوانی بەعس دەرکرد؟ باشە هەر زۆربەی ئێوە نەبوون کە بەشداریتان لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یەکەم کابینەی حکومەتدا کرد؟ ئەی هەر ئێوەی پارتە سیاسییە بەهێزەکانی ساحەی کوردستان، پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان (کە ئەوکات بەشێکی کاریگەری یەکێتی بوون) و، پارتە ئیسلامییەکان نەبوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ و دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئەم ئەزموونە؟ ئەی هەر ئێوە نەبوون کە بوونە هۆی دابەشکردنی ئەم هەرێمە بۆ دوو ئیدارە و پاشان هەر خۆتان یەکتانخستەوە؟ ئەی هەر ئێوە نەبوون کە ویستتان بەشداری لە حکومەتی عێراقی فیدراڵدا بکەن و لاپەڕێکی تازە لەگەڵ ئەو حکومەتە هەڵبدەنەوە؟ ئەی هەر ئێوە نەبوون بەشداریتان کرد لە نووسینەوەی دەستووری عێراق و جێگیرکردنی مافی گەلی کوردستان لەناو ئەو دەستوورە؟ مەگەر هەر زۆربەی ئێوە نەبوون کە هەرچەندە بۆتان ڕوون ببووەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا خۆیان لە جێبەجێکردنی دەستوور دەدزنەوە، کەچی پشتیوانیتان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکرد بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی وەزیران نوری مالیکی و دەتانگوت پارتی و سەرۆک وەزیران کێشەی تایبەتیان هەیە؟!

وێڕای ئەوەی کە مێژوویەکی هاوبەشی خەباتی سیاسی و بزاڤی شۆڕشگێڕی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەیەکەوە گرێدەدات، ئەزموونی 23 ساڵەی خۆبەڕێوەبردنیش جارێکی دیکە کۆماندەکاتەوە، کەچی زۆر لەو لایەنە سیاسییانەی کە ئەمڕۆکە خەریکی بانگەشەی هەڵبژاردنن، بە ئەندازەیەک خەریکی پێداهەڵگوتنن بە شانوباڵی خۆیان، بە هیچ شێوەیەک خۆیان ناکەنە خاوەنی ئەو کێشە و گرفتانەی لەم کۆمەڵگایەدا هەن کە ئەوەش زۆر بە زەقی ڕۆژانە لە دیبەیتی سەرکردە و کاندیدەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت. ئەوان هەر بەوەندە ناوەستن کە ترسنۆکانە خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە، بەڵکو بەردەوام ئۆباڵی کێشەکان دەخەنە ئەستۆی یەکتری و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک ئەوەی کە تەنها پارتی حوکمڕان و خاوەنی ئەم وڵاتە بێت. بەداخەوە ئەم پەتایە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی گرتووەتەوە، چ ئەوانەی هەمووی چەند ساڵێکە وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆیان پێناسە کردووە، چ ئەوانەش کە تا ئەم چرکەساتەی من ئەم وتارە دەنووسم، بەشدارێکی سەرەکین لە جومگەکانی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەدا.

بەبۆچوونی من ئەم چەشنە سیاسەتکردنە کە بریتییە لە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو کێشە و قەیرانانەی لەم هەرێمەدا هەن (جا ئەو بەرپرسیارێتییە کەم بێت یان زۆر) و هەوڵدان بۆ چەواشەکردنی خەڵک و بە نەزان سەیرکردنی هاووڵاتیان، سیاسەتێکی بەرپرسانە وژیرانە نییە، ئەوەندەی ترسنۆکانە دێتە بەرچاو لە هەمان کاتدا لاوازیی ڕۆڵی ئەو لایەنانەش نیشان دەدات لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا. ئەو لایەنانەی کە پێیانوایە بەهۆی چوار پێنج ساڵی ئۆپۆزیسیۆنبوون و دوورییان لە دەسەڵات، هیچ بەرپرسیارێتیەکی کێشەکانی ئەم وڵاتەیان ناکەوێتە ئەستۆ، وێڕای ئەو مێژوو و ئەزموونە هاوبەشەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم بۆی کرد، بە هەڵەدا چوون. لەبەرئەوەی لە سیستمی دیموکراسیدا ئەرکی پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە پارتی دەسەڵاتدار کەمتر نییە، ئەویش بە ڕێگای چاودێریکردنی دەسەڵات و فشار و لۆبیکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. کەواتە بەو مەفهومە بێت، ئێوەی ئۆپۆزیسیۆن وەک پێویست نەتانتوانیوە ئەوەندە فشار و هێز و کاریگەری دروستبکەن کە دەسەڵات ناچار بە چارەسەرکردنی گرفتەکان بکەن. بۆ هاوڕێیانم لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هاوپەیمان و شەریکی پارتی لە حوکمڕانیدا: تکایە لەمیانی گفتوگۆ و دیبەیتەکاندا گەر بەرپرسیارێتی هەر قەیران یان کێشەیەکتان خرایە ئەستۆ بەسینگفراوانی قبووڵی بکەن، نەک ئۆباڵەکەی تەنها بخەنە ئەستۆی پارتی هاوپەیمانتان. لەبەرئەوەی ئەم هەڵوێستەی ئێوە لەو ساتەوەختەی ئێستادا لەبەرژەوەندی پارتەکەتان نییە و لەگەڵ خەبات و ماندووبوونی یەکێتی چ بەر لە ڕاپەڕین و چ دوای ڕاپەڕین یەکناگرێتەوە. چونکە ئەو هەڵوێستە تەنها دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، یان ئەوەتا بە بەرچاوی ئێوەی بەشدار لە حکومەت زۆر شت ڕوویانداوە و ئێوەش بێدەنگیتان لێکردووە جا بەهەر هۆیەک بووبێت، ڕەنگبێت بەرژەوەندی هاوبەش! کە بێدەنگی لە هەڵە بە شەریکی هەڵە دەژمێردرێت، هەروەک چۆن لە یاساشدا بێدەنگبوون بەرامبەر بە تاوان بە شەریکی تاوان دادەنرێ. یان ئەوەتا لەناو حکومەتدا ئەوەندە لاوازبوونە کە نەتانتوانیوە بەر لە ڕوودانی کێشەکان بگرن، لەو حاڵەتەشیاندا خەڵکی پرسیار لەخۆی دەکات: ئەگەر ئێوە ئەوەندە لاوازبووبن لە حوکمڕانیدا، چۆن جارێکی دیکە متمانەتان پێبکەینەوە؟

چەندە لە وادەی هەڵبژاردن نزیکتر دەبینەوە، بەهۆی بەهێزیی پێگەی پارتی لەناوەندی سیاسی و دەسەڵاتدا، ئەو فشار و هێرشانەی کە لە گشت لایەکەوە دەخرێتە سەری زیاتر دەبێت. بەڵام دەبێ پارتی وەک لایەنەکانی دیکە لە بەرپرسیارێتی ڕانەکات و ئەگەر خۆی بەخاوەنی ئەم هەرێمە دەزانێت، دەبێ ئازایانە بەرپرسیارێتی زۆر لەو هەڵە و کەموکوڕییانە هەڵبگرێت کە لەماوەی حوکمڕانیدا ڕووبەڕووی ئەم هەرێمە بووەتەوە. ئاخر خاوەندارێتیش ئەرکێکی قورسە و بە هەموو کەسێک هەڵناگیرێت. خۆ بەخاوەن زانینی زۆربەی ئەو پێشکەوتن و هەنگاوە بەرچاوانەی کە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی، ئاوەدانی و خزمەتگوزاری لەم هەرێمەدا بەدەستهاتوون، دەرککردن بە گشت ئەو کێشە و کەموکوڕیانەشی پێویستە کە بەهۆی بێ ئەزموونی و نابەرپرسیارێتی خەڵکانێک لەناوەندەکانی حیزبی و حکومی، لەم وڵاتەدا سەریانهەڵداوە کە دەبێ ئامادەسازی بکات بۆ چارەسەرکردنیان.



هێمن عەبدوڵڵا

# کوردستان پێویستی بە یەکێتییە

لە هەفتەی ڕابردووەوە بەکردەوە شتێک بەنێوی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نەماوە. پارتی و یەکێتی بەفەرمی مەرگی ڕێککەوتنەکەیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام بەفەرمیش کۆتایی ئەو ڕێککەوتنەیان ڕەتنەکردووەتەوە. ئەو دوو هێزەی ساڵانێکی درێژ هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانیان بەسەر ڕۆنی سەوز و زەردا دابەشکردبوو پێویستیان بە یەکدی ماوە، بەڵام بە هاوپەیمانێتییە ئێکسکلۆسیڤەکەی جارانیان نا. ئێستا هەلێکی زێڕین لەبەردەم پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندایە بۆئەوەی شەمەندەفەری بەلاڕێدابراوی سیاسەتکردن بخرێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆی.

یەکێتی و پارتی تەنیا نوێنەرایەتی دوو بیرکردنەوەی جیاوازی سیاسییان لەسەر ئاستی نێوخۆییدا نەدەکرد، بەڵکو هەرلایەکیان بەشێک بوون لە دوو سەنگەربەندیی ئیقلیمیی جیاوازیش. لەسەر ئاستی نێوخۆییدا ئەو نوێنەرایەتیکردنە دوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن گۆڕدرا و هەردوو حیزبەکە کەوتنە یەک سەنگەرەوە. ئەو هاوماڵی و هاوسەنگەرییە، لەبەرئەوەی بەناچاری بوو و تێکەڵاوبوونێکی سرووشتی نەبوو، پڕ لە دڕدۆنگی و ناتەبایی درێژخایەن بوو. ئەمەش لە شێوازی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا و هەڵوێستیان بەرامبەر ڕەوشی نوێی ڕۆژئاوای کوردستان و پێشتریش لە مەسەلەی متمانە سەندنەوە لە نووری مالیکی ڕەنگیدایەوە. دوو شت یەکێتیی بە پارتییەوە دەبەستەوە: یەکەم، دەستگرتن بە دەستکەوت و بەرژەوەندییە ئابووری و ئیدارییەکانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا و دووەمیش ترس لە گۆڕان و نەوشیروان مستەفا. ئەگینا لە سەنگەربەندیی ئیقلیمیدا یەکێتی هەر یەکێتییەکەی جاران و پارتیش هەر پارتییەکەی جاران بوون.

یەکێتی لە ساڵانی هاوپەیمانێتیکردنیدا لەگەڵ پارتی باجی هاوپەیمانبوونی نەداوە، بەڵکو دروێنەی سیاسەتە هەڵەکانی کردووە. پارتی، بەسوودوەرگرتن لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی، سەرەڕای بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئیداریی خۆی، بە دوو شێواز کاری لەسەر دەنگدەران کرد: یەکەم بە مسۆگەرکردنی سەقامگیریی ئەمنی و دووەم بە گەرەنتیکردنی گەشەپێدانی ئابووری. بزووتنەوەی گۆڕانیش لەلایەکەوە بە هێنانەپێشەوەی مۆدێلی نوێی سیاسەتکردن و پێشنیازکردنی چارەسەری زۆربەی جار مەنتیقی بۆ کێشەکان و لەلایەکی دیکەشەوە بە بەدەستەوەگرتنی ئاوێنەیەک لەبەردەم دەنگدەران بۆئەوەی ببینن دەسەڵاتداران لەو ساڵانەی دواییدا چییان بەسەرهێناون، واتە ڕاکێشانی هاوسۆزیی دەنگە تووڕەکان، کاری لەسەر دەنگدەران کرد.

ئەی یەکێتی چی کرد؟ یەکێتی لەنێوان ئەوەدا کە پارتی کردی و ئەوەی کە گۆڕان کردی، مایەوە و تووشی نوشوستی دوای نوشوستی هات. دوای جیابوونەوەی گۆڕان، غیابی درێژخایەنی مام جەلال و ململانێی توندی نێوان باڵەکان، هەڵۆ بەهێزەکەی جاران لە فڕین کەوت. هەرچەندە سەرکردە و هەوادارانی ئەو حیزبە بەم قسەیە نیگەران دەبن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەوەتەی مام جەلال لە کوردستان و عێراق نەماوە شتێک بەناوی یەکێتی، بەمانای تەواوی وشەوە، نەماوە. یەکێتی بۆیە یەکێتی بوو، چونکە هەمیشە فرەباڵیی تێدابوو، بەڵام جەستەیەک هەبوو ئەو باڵانەی بەیەکەوە گرێدەدایەوە. ئێستا باڵەکان بەجیا هەوڵی فڕین دەدەن، بەڵام بەرزنابنەوە.

بەو ڕەوشەشەوە کە هەیەتی، پارتی و گۆڕان هەر پێویستیان بە یەکێتییە. مادام سوپایەکی یەکگرتوومان نییە و هێشتا سوپای سەوز و زەرد لێک جیان، مادام ڕەنگی جلوبەرگ و تەپڵەی سەری کارمەندانی ئاسایش لە هەولێر و سلێمانی لەیەک ناچن، مادام هێشتا دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان بە ڕێچکەی ئاسایی و یاساییدا تێناپەڕێت، ناکرێ یەکێتی پەراوێز بخرێت. گۆڕان کە لە بەرنامەی خۆیدا پێداگیری لەسەر بە نیشتمانیکردنی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی کوردستان دەکات، ناتوانێ ئەو کارە بکات ئەگەر یەکێتیشی قایل نەکردبێت. ناشکرێ تازە کەس لە کوردستان بەتەمای کودەتا بێت. بەکورتییەکەی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی داهاتوودا پێویستیەتی پەراوێزخستنی لایەنە سەرەکییەکان نییە لە حوکمڕانیدا، بەڵکو بەشدارکردنیانە. ئەمەش بەوە دەکرێت کە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی فاتیحای کۆتایی بۆ بخوێندرێت و میساقێکی نیشتمانی شوێنی بگرێتەوە. میساقێک کە هەرێمی کوردستان ڕزگاربکات لەو فرە ئەجێندایییەی بەهۆی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانەوە دروستبووە و کۆدەنگییەکی نیشتمانیش دروست بکات لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و سیاسەتی نەوتی و پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسیش. هەبوون و کارکردن بە میساقێکی وا، بۆ ئەو ڕەوشە سیاسییە نوێیەی لە هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، زۆر باشترە لە ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی کارپێنەکراو.






ئاکۆ محەممەد

# دەوڵەتی کوردستان و دروستکردنەوەی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا

زۆرجار کە گوێ لە خەڵک و پسپۆڕانی بیانی دەگریت، دەزانی کە زۆر لە بەرپرسان و خەڵکی کوردستانیش هێشتا هەست بەو قورسایی و گرنگییە ناکەن کە هەرێمی کوردستان خەریکە لەسەر ئاستی جیهان وەریدەگرێت. بێگومان ئەو بۆچوونەش لەلای هەندێ کەسی بیانی ئاگاداری کوردستان هەیە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانەوە کە کوردستان هێشتا دەسەڵاتدارێتییەکی دیموکراسیانەی نییە.

بەڵام ئەو بۆچوونەی یەکەم کە زیاتر لەلای دەسەڵاتداران، پسپۆڕان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دروستبووە، زیاتر جێگەی بایەخە، چونکە ئەو بۆچوونە زیاترە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو سەردان و ناسینی کوردستانە، نەک لەسەر بنچینەی خوێندنەوەی هەندێ بابەت.

هەروەها ئەو بۆچوونەی یەکەم لەسەر بنچینەی هاوسەنگییەکی ستراتیژی قسە دەکات.

کاتی خۆی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو، زۆر دژی داواکانی کورد بوون، بەتایبەتی بۆ سەربەخۆیی، بەڵام ئێستا دەنگێکی بەهێز لەنێو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو دروستبووە کە "دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق، هاوسەنگی بۆ سوننە لە ناوچەکەدا دروستدەکاتەوە". ئەوەش دوای پەراوێزکەوتنی ڕۆڵی سوننە لە عێراقی زۆرینە شیعەدا و هاوسنووربوونی عێراقی دەسەڵات شیعە لەگەڵ ئێران و سووریا و حیزبوڵڵا لە لوبنان، بۆیەش ئەو چارەسەرەی پێشتر بە لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە ئەنجامدرا بۆ دابینکردنی حوکمی سوننە لە عێراقدا، بە کردەوە کاریگەرییەکەی کۆتایی هات، دوای ئەوەی شیعە دەسەڵاتیان گرتە دەست و دوای پەیوەندی ئاڵۆزی بەردەوامی بەغدا لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو. بۆیەش بە بۆچوونی ئەوان، ئێستا دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت ئەو پارسەنگە هێزە بێت لە ناوچەکەدا کە دەوڵەتێکی شیعە نییە و دەتوانێ خاوەن پەیوەندییەکی بەهێز بێت لەگەڵ سوننە و ڕێڕەوێکی بەهێزیش بێت لەگەڵ تورکیا و ئەورووپا.

هەر لەو ماوەیەشدا سەنتەری جیهانیی لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن کە بنکەکەی لە لەندەنە، لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی شیکردووەتەوە کە هەرێمی کوردستان دوای دوو ساڵی دیکە دەتوانێ ژێرخانی ئابووریی نەوتیی خۆی بنیاتبنێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت لە عێراق جیاببێتەوەو سەربەخۆیی ڕابگەیێنێت، بۆ ئەوەش تورکیای لەگەڵە بەهۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، هەروەها ئێران دەیەوێ نەوتی زیاتر بفرۆشێت و پشکی عێراق بەوهۆیەوە لە ئۆپێکدا کەم ببێتەوە، سووریاش لە دۆخێکدا دەژیت ناتوانێت دژی ئەو هەنگاوە بێت، ئەمریکا و ئەورووپاش بەهۆی ئەوەی زۆر لە کۆمپانیا نەوتییەکانیان بەرژەوەندییان کەوتووەتە هەرێمی کوردستان و لە شێوەی گرێبەستە نەوتییەکانیان ڕازین لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دژی ئەو هەنگاوە نابن، وەک ئەو سەنتەرە شرۆڤەی کردووە.

بەڵام دەردەکە هێشتا لەنێوخۆدایە، چونکە تێگەیشتنێکی تەواوی نێوخۆیی نییە بۆ ڕەوشی کوردستان، ئەوەش لەوانەیە دەرفەتێکی دیکە لەدەست کورد بدات، هەروەک ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو. بۆیەش تێگەیشتن لە دەرفەتەکانی ئێستا زۆر گرنگن بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئێستا بەرەو سەربەخۆیی بەشێکی کوردستان. لە بەهاری گەلان و دروستبوونەوەی دەسەڵاتدارێتی گەلان بەسەر بڕیار و دەوڵەتەکاندا، دەرفەتێکی زێڕین دروستبووە بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئامانجی خۆی لە بەشێکی کوردستاندا. بەڕای من گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی هەنگاوێکی گرنگیان هەڵێنا بۆ بەشداریکردن لەو قۆناخە مێژوویی و یەکلاییکەرەوەیەدا بەنیسبەت ڕەوشی کوردستان، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، پێداگیریی یەکگرتوو لەسەر گۆڕینی وەزارەتێک بە وەزارەتێکی دیکە، نابێ ڕێگر و ئاستەنگ بێت. لە هەمووانیش گرنگتر، جگە لە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی یەکێتی لە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا، ئەمڕۆ یەکێتی هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات، یەکەمجار بەرامبەر خۆی کە لەبەشداریکردن لە کارکردن و بڕیاردان لەو قۆناخەدا بکشێتەوە و لەپێناو هەندێ سیاسەتی بنیاتنراو لەسەر کاردانەوە، بڕیاری خۆی بچووک بکاتەوە. دەبێ یەکێتی ئەو بۆچوونە بەسەر خۆیدا نەچەسپێنێ کە دوای دوورکەوتنەوەی مام جەلال لە بڕیاری سیاسی لەنێو یەکێتیدا، یەکێتی خەریکە بەخۆی ڕۆڵی خۆی بچووک دەکاتەوەو، لە خاوەنەوە خۆی دەکات بە ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی سیاسەتی کاردانەوە، نەک سیاسەتی بڕیاردان و بەشداریکردن لە بڕیاردان لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیەش باسکردنی گۆڕینی پۆستێکی لە پەرلەمان، یان لە حکومەتدا ئەوەندە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بتوانێ خۆی کۆبکاتەوەو کەسانی باش و کاریگەر و بەجووڵە بخاتە ئەو پۆستانەوە کە لە حکومەت و هەرێمی کوردستاندا بەدەست یەکێتییەوەن.

یەکێتی ناتوانێ بە تانەدان لە ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی شتێکی ئەوتۆ بەدەستبێنێ، ئەوە سیاسەتێکی ستراتیژیش نییە، گرنگ ئەوەیە یەکێتی بەشداری نیوەیی خۆی لە ڕابردوودا لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستاندا، بە لێکدانەوەی هەڵە لە ئایندەی زۆر زیاتر لە 23 ساڵی ڕابردوو نەکوژێت.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ئایا هەڵبژاردنەکە چارەنووسازە؟

ئەگەرچی دەستەواژەی "چارەنووسساز" لەگەڵ دیموکراسی ناتەبایە، بەڵام لە هەموو هەڵبژاردنێکدا هەموو حیزبەکان بەو زمانە قسە بۆ ئەندامەکانیان دەکەن: "ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێمە چارەنووسسازە"، بێ ئەوەی ئەندامەکان جارێک بپرسن کامەیان بوو هەڵبژاردنە چارەنووسسازەکە؟

لەهەڵبژاردنی 25/7/2009دا حیزبەکان دەیانگوت هەڵبژاردنەکە چارەنووسسازە، بێ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بۆ کەس چارەنووسساز بوو بێت. لەهەڵبژاردنی 2010ی عێراقیشدا دیسان گوتیانەوە ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە، ئەویش تەواو بوو، حیزبەکانیش هەریەک بە قەبارەیەک چوونە بەغداو چارەنووسی کەسیش بەهۆی هەڵبژاردنەکەوە دیاری نەکرا.

بۆ هەڵبژاردنی 21/9و دوای چوار ساڵ لە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا و ئێستاش بۆ هەڵبژاردنی 30/4 هەموو هەردەڵێن "هەڵبژاردنەکە چارەنووسسازە".

کەواتە جگە لەوەی پێویستە لەوە تێبگەین کە گەمەی دیموکراسی و بەردەوامیی پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا چارەنووسی هەمووان لە فەوتان دەپارێزێت، ئەگەر هەمووان بەپێی یاساکانی گەمەکە یاری بکەن، ئەوا لەپاڵ ئەمەشدا دەشێت کەمێک واقیعیانە بیر لەوە بکەینەوە کام هەڵبژاردنە چارەنووسسازە و بۆ کام حیزبەش چارەنووسسازە؟ بێگومان بەشێوە ڕێژەییەکەی.

بەبۆچوونی من، هەڵبژاردنی 25ی تەمموزی 2009 بۆ کەس چارەنووسساز نەبوو، بەڵام توانی گۆڕانێکی گەورەی پێشبینی نەکراو لەسەر ساحەی سیاسی هەرێمی کوردستان بهێنێتە ئاراوە. پاشان هەڵبژاردنی 2010ی پارلەمانی عێراق یەکێک لەو هەڵبژاردنانە بوو کە لەنێوان حیزبە دینی و حیزبە مەدەنییە عێراقییە عەرەبییەکاندا چارەنووسساز بوو-بەشێوە ڕێژەییەکەی- نەک بۆ حیزبە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان.

بەلای منەوە پێشبڕکێی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پارلەمانی عێراق جگە لە گەمەیەکی هێز و نیشاندانی قەبارە لەنێوان خۆیاندا شتێکی دیکە نییە. هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق چارەنووسی حیزبە عەرەبییەکان — بەشێوە ڕێژەیەکەی- یەکلادەکاتەوە نەک کوردییەکان.

هەڵبژاردنی 21/9/2013 لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا تاڕادەیەکی باش چارەنووسساز بوو، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە ئیسلامیەکانیش بەوشێوەیە نەبوو، ڕێژەی هەرکام لەم دوو لایەنەو پێگەی سیاسیان تاڕادەیەک ڕوون بوو. زیادکردن یان کەمکردنەوەی ڕێژەییانەی دەنگ و ژمارەی کورسی، جیاوازە لە هاتنە خوارەوە لەدەسەڵات و چوونە سەرەوە بۆ دەسەڵات. لایەنە ئیسلامیەکان لەم قۆناغەدا ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەدا دەیکەن تەنها زیادکردن و کەمکردنی ڕێژەیە، نەک گەمەی چارەنووس. هێشتا بۆ ئەوان گەمەی چارەنووس دەستی پێنەکردووە. ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی و پارتی بیانتوانیایە لە هەڵبژاردنی 21/9 بەهەمان لیستەکەی پێشوویانەوە دابەزن- کە گۆڕان نەیهێشت- ئەوا دیسان ئەو هەڵبژاردنەش بۆ یەکێتی چارەنووسساز نەدەبوو.

بەڵام هەڵوەشانەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، یەکێتی ناچارکرد شەڕی چارەنووسی خۆی لەگەڵ گۆڕان بەتەنیا بکات.

ئێستاش لە هەڵبژاردنی 30/4دا دەبێت بزانین ئایا ئەم هەڵبژاردنە لەنێوان کام حیزبانەدا بۆ ئەم چوار ساڵە چارەنووسسازە؟


سەبارەت بە پارتی هەڵبژاردنی پێشوو سەلماندی ئەو حیزبە لەدەرەوەی شەڕی چارەنووسە و لە ئاکامدا کورسیەکانی خۆی مسۆگەر دەکاتەوە بۆ ئەم چوار ساڵە.

پارتە ئیسلامیەکان هەرچەندە بە نەفەس و حەکایەتی چارەنووسەوە کامپین دەکەن، بەڵام هێشتا ئەوانیش لەدەرەوەی شەڕی چارەنووسن و ڕێژەی دەنگیان لەم هەڵبژاردنەدا کەم بکات یان زۆر، ناگاتە ئاستی چارەنووسسازی.

ئەوەی لەشەڕی "چارەنووسی ڕێژەیی" لەم هەڵبژاردنە دەمێنێتەوە یەکلاکردنەوەی پارێزگای سلێمانیە لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانیدا بۆ ماوەی چوار ساڵ کە پێشبینیەکان دەڵێن گۆڕان زۆرینەی پارێزگاکە دەباتەوە و 21/9 دەکات بە دیفاکتۆ.

هەربۆیە یەکێتی نیشتیمانی پێکهێنانی ئەم حکومەتەی بۆ دوای ئەم هەڵبژاردنە پێخۆش بوو بۆئەوەی بەڵکو لەم هەڵبژاردنەوە دەستکارییەکی ئیستیحقاقەکەی 21/9 بکات و لانیکەم جارێکی دیکە سلێمانی مسۆگەر بکاتەوە. یان لانیکەم هەوادارەکانی پێش هەڵبژاردن نەڵێن "یەکێتی بەپشکی لاواز ڕازی بوو".

بەڵام ئایا یەکێتی دەتوانێت ئەمە بکات؟ بە بۆچوونی من نەک نایکات، بەڵکو 1/5 باشتر شەرعیەتە دیفاکتۆکەی بزووتنەوەی گۆڕان دەسەلمێنێ. پەیامی کۆتایی هەر ئەمەیە دیموکراسی و بەردەوامی پرۆسەی هەڵبژاردن چارەنووسی هەمووان دەپارێزێ.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# 22ی نیسان ڕۆژی جیهانیی زەوی

جیهان لە22 ی نیسانی هەموو ساڵێکدا یادی ڕۆژی جیهانیی زەوی دەکاتەوە.

چیرۆکی ئەم ڕۆژە لەوەوە دێت کە لەهەمان بەروار و لەساڵی 1970دا ، نزیکەی 20 ملیۆن کەس لەتەواوی ئەمریکادا خۆپیشاندانیان کرد بەسەرکردایەتی سێناتۆر گایلۆرد نیلسۆن بۆ دەرخستنی مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە بەهۆی کارگە پیشەسازییەکانەوە.

خۆپیشاندەران داوای دامەزراندنی ئاژانسی پاراستنی ژینگەو دەرچوواندنی یاساکانی پاراستنی ژینگەیان دەکرد کە لە دواجاردا کۆنگرێس هەردوو داواکەی پەسەند کردو ئەم ڕۆژەش لەئەمریکادا بوو بەڕۆژی زەوی.

بەڵام لەدواییدا نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە 278/63 لە بەرواری 22ی نیسانی 2009 ، ڕۆژی 22ی نیسانی هەموو ساڵێکی کردە ڕۆژی زەوی بۆ گشت جیهان.

ئەم ڕاگەیاندنەش دانپێدانانێکە بەو ڕاستییەی کە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە.

هەروەها دانپێدانانێکە بە بەپرسیارێتیی گشتی کە ڕاگەیاندنی کۆنگرەی زەوی لە ڕیۆ دی جانیرۆی ساڵی 1992 داوای کردووە بۆ زیاتر تەبایی و کۆکبوون لەگەڵ سروشت و زەویدا ، لەپێناو دابینکردنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لەنێوان پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی ئێستاو داهاتوودا.

پارساڵیش 2013 لەڕۆژی جیهانی زەوی دایکدا، بان کی مۆن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی :

ڕۆژی جیهانی دایکە زەوی هەلێکە بۆ دووبارە جەختکردنەوە لە بەرپرسیارێتی هەمووان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، لەو کاتەی کە هەسارەکەمان ڕووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەواو خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکەی دەستکردی مرۆڤ دەبێتەوە.

بۆیە کاتێک دەبینە هەڕەشە لەسەر هەسارەکەمان ، ئەوسا خۆمان ئەم ماڵە تاقانەیەی خۆمان دەڕووخێنین.

با پەیمان تازە بکەینەوە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە جیهانییەوە، ڕێز لەم دایکە زەوییەمان بگرین.

بۆ یادکردنەوەی ئەمساڵی ڕۆژی دایکە زەوی، نەتەوە یەکگرتووەکان دروشمی شارە سەوزەکانی هەڵبژاردووە لەپێناو هاندانی ملیۆنان لە دانیشتووانی گۆی زەوی بۆ بنیاتنانی ژینگەیەکی تەندروستی بەردەوام لەڕێگەی سەوزکردنی کۆمەڵگەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، چونکە ئەمڕۆ نیوە زیاتری دانیشتووانی جیهان لەنێو شارەکاندا دەژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، پێویستە ستایلی ژیانیش لەنێو شارەکاندا بگۆڕێن بەئاراستەی سەوزکردن.

لەم بۆنەی ڕۆژی زەوییەدا، ئێستا کاتی وەبەرهێنانە لەبواری وزە نوێیووەکان و دووبارە بنیاتنانەوەی شارو شارۆچکەکانمان و دەستکردن بەچارەسەرکردنی کێشەی کەشوهەوا ، بۆ ئەوەی لەماوەی دوو ساڵدا و بە جووڵەیەکی خێرا، ئاسەواری باشی ئەم گۆڕانکارییە دەربکەوێت.

لە22ی نیسانی هەموو ساڵێکدا نزیکەی یەک ملیار کەس لە 190 دەوڵەتدا بۆنەی ڕۆژی زەوی بەرز و زیندوو ڕادەگرن لەڕێگەی چاندنی نەمام و پاککردنەوەی نێو شارو پەیوەندیکردن بەنوێنەرەکانیانەوەو زۆر چالاکیی دیکەی ژینگەپارێزانە.

ساڵانە لەم بۆنەیەدا تیشک دەخرێتە سەر کێشەو ڕێگرییە کۆن و نوێیەکان، بەتایبەت مەسەلەی دەرکەوتنی زیانە زۆرەکانی گردبوونەوەی دانیشتووان لەشارەکانداو چۆڵکردنی گوندەکان، لەگەڵ دەرکەوتنی زیانە گەورەکانی گۆڕان لەکەشوهەوادا.

بۆیە پێویستە:

یەکەم: چاوخشاندنەوە بکەین بەدیزاینی شارەکانمان و وەبەرهێنانەکانیشمان وەبەرهێنانی سەوزو ژینگە دۆستانە بن.

دووەم: سیاسەتێکی نوێی ژینگەپارێزانەی بەردەوامیش پەیڕەو بکرێت لەلایەن حکومەتەوە سەبارەت بەسیاسەتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و غازو ژمارە و جۆر و قەبارە و شوێنی پاڵاوگە نەوتییەکان، بەجۆرێک لەگەڵ ستانداردە ژینگەییەکاندا تەبابن.

سێیەم: هەوڵدانی بەردەوام بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی وریا و زانا، بەپاڵپشتیی جەماوەرێکی هۆشیار و چالاک.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کەژێ چاوی لە فینالی ئۆلۆمپیادی تورکیایە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

www.farukmedicalcity.com




چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆریی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین رادەی خزمەتگوزاریی چروپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

fmc
FARUK MEDICAL CITY

REKLAM